# زەمزەم

١٤٤٠هـ / ٢٠١٩م



دیاری یە
بێ بەرامبەر
دابەش دەکرێت و
نافرۆشرێت

کوردی سۆرانی

المكتب التعاوني للدعوة والإرشاد
وتوعية الجاليات بجنوب مكة

www.zamzam-makkah.com

ح المكتب التعاوني للدعوة والإرشاد وتوعية الجاليات بجنوب مكة، ١٤٣٩ هـ
فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر
المكتب التعاوني للدعوة والإرشاد وتوعية الجاليات بجنوب مكة
زمزم باللغة الكردية / المكتب التعاوني للدعوة والإرشاد
وتوعية الجاليات بجنوب مكة – مكة المكرمة ، ١٤٣٩ هـ
٨٤ ص ؛ ١٧ X ٢٤ سم
ردمك: ٥-٢-٩١١٢٥-٦٠٣-٩٧٨
١-الإسلام - مبادئ عامة أ .العنوان
ديوي ٢٥٢ ١٤٣٩/١٠٠٥٩

رقم الإيداع: ١٤٣٩/١٠٠٥٩
ردمك: ٥-٢-٩١١٢٥-٦٠٣-٩٧٨

# بۆ میوانانی مەککەی پیرۆز

خۆشحاڵین و لە پێشوازیتانداین ئەگەر بفەرموون بەسەردانیکردنمان
لە نووسینگەی هاوکاری بۆ ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەی نیشتەجێیان
لە باشوری شاری مەککە بە درێژایی ساڵ.

بۆ پەیوەندی کردن
٠٠٩٦٦١٢٥٤٠٥٣٧١ - ٠٠٩٦٦٥٥٥٢٦٤٦٠٤ - ٠٠٩٦٦٥٣٤١١١٢٧٢

**تێبینی :**

دیاری زانستی تایبەتمان هەیە بۆ بانگخوازان وپێش نوێژ و وتارخوێنان

## بە خێر هاتنتان دەکەین

پێگەی ئەلیکترۆنی :
www.zamzam_makkah.com

ئەم بڵاوکراوەیە بەچەندین زمان دەبینن

ئیمیڵ: zamzam.mk@gmail.com واتس أب: ٠٠٩٦٦٥٣٤١١١٢٥٢

خوای گەورە لەهەموو لایەک قبوڵ بکات ومایەی خێر بێت

# بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

ســوپاس وســتایش بۆ خودای گەورە و دروود وســەلامی خودا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ولەسەر یارو یاوەرانی.

خۆشــحاڵین لە شاری (مکە) کە لانەی هاتنە خوارەوەی سروشی خودایی و گشــت پەیامە پیرۆزەکانە، ئێمە پێشــوازیتان لێ بکەین لە پاڵ ماڵی خودا، خۆشــی و ئارامی خۆمان دەربڕین بۆ سەردانی ئێوەی ئازیز وخۆشەویست بۆ بەرێزترین و پاکترین پارچە زەوی و پیرۆزترین خاك لەم جیهانەدا.

داوا لەخــودای مەزن و دلۆڤان دەکەین عیبادەت و هاتنتان بۆ ئێرە قبوڵ بکات و ئێمەش لەخێرو پاداشــتی ئێوە بێ بەش نەکات، وە بەخێرو خۆشی و هەڵوەرینی گوناهەوە بگەڕێنەوە ماڵ و شار و وڵاتانی خۆتان بەسەلامەتی.

وە زیاتــر خۆشــحاڵین کــە (گۆڤــاری زەمزەم)تان بخەینە بەردەســت، بەهەڵهاتنێکی نوێیەوە و شێوازێکی ڕەنگین و قەشەنگەوە و ڕۆحێکی زیندووەوە، کــە لەنێولاپەڕەکانیــدا بابەتی گرنگ و سوودبەخشــی لەخۆ گرتووە، کە گرنگە بۆ گشــت تاکێکی مســوڵمان لە نێرو لەمێ، وەرگیــراوە لە قورئانی پیرۆز و ســوننەتی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ووتەی زانا و پێشینانی ئیسلام و مسوڵمانان (ڕەزاو ڕەحمەتی خودایان لەسەر بێت).

تــکا و هیوامــان وایە جێــگای ڕەزامەندی خودای گــەورە بێت و ئێوەی ئازیزیش ســوودی لێ وەرگرن، وە داوا لەخودا دەکەیــن ئەم کارەمان تەنها بۆ ئەو بێت و نیەتمان تەنها ئەو بێت و ســوودبەخش بێت بۆ مســوڵمانان و ئیمانداران و ڕێناشــاندەرێکیش بێت بۆ زیاتر ناسین و نزیکبوونەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠
يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ١١ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل
لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ١٢ ﴾ نوح ١٠-١٢

## سوودەکانی أستغفر الله

١- بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی خودای گەورە.
٢- زیادبوونی باران بارین.
٣- بەخشینی هێزو تواناو ماڵ وسامان.
٤- بەخشینی ئارامی وبەختەوەری.
٥- زیادبوونی ڕزق وڕۆزی.
٦- نەمانی خەم وخەفەت.
٧- ڕزگاربوون لە تەنگانە.



# مەرجەکانی لا إله إلا الله

**لا اله الا الله کە دروشمی ئیمان وهاتنە ناو ئیسلامە واتە:**

**هیچ خودایەك نییە بە حەق کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خودا ئەوەش پەیامی هەموو پێغەمبەران بووە وحیکمەتی دروستکردنی مرۆڤ وجنۆکەیە.**

**خودای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات: ٥٦

**بەڵام ئەو شاهێدییە هیچ سوودێك بەخاوەنەکەی ناگەیێنێت ئەگەر خاوەنەکەی ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت:**

**١-زانا بوون کە پێچەوانەی نەزانینە** ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ۝١٩﴾ محمد: ١٩

**٢-دڵنیابوون کە پێچەوانەی گومانە** ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ۝١٥﴾ الحجرات: ١٥

**٣-نیاز پاکی وئیخلاس کە پێچەوانەی هاوەڵدانانە** ﴿وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ۝٥﴾ البينة: ٥

**٤-ڕاستگۆیی کە پێچەوانەی بە درۆخستنەوەیە** ﴿الٓمٓ ۝١ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ۝٣﴾ العنكبوت: ١ - ٣

**٥-خۆشەویستی پێیچەوانەی ڕقە :** ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ۝١٦٥﴾ البقرة: ١٦٥

**٦-پەیوەست بوون کە پێچەوانەی واز لێهێنانە** ﴿وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ۝٥٤﴾ الزمر: ٥٤

**٧-ڕازیبوون کە پێچەوانەی ڕەتکردنەوەیە** ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ۝٣٥ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍۭ ۝٣٦﴾ الصافات: ٣٥ - ٣٦

**٨-بێباوەڕ بوون بەوەی جگە لە خودا دەپەرسترێت** ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَىِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ۝٢٥٦﴾ البقرة: ٢٥٦

# ناسینی ئیمان وەکو خۆی

پرسی ئیمان یەكێكە لەو بابەتانەی كە بووەتە جێی باس و خواسی تاقمە جیاجیاكان و هەر یەكەیان و بە جۆرێك لێكیان داوەتەوەو ناكۆكیەكی زۆریان تێدا درووست كردووە، ئەگەر بێت و بچوونایەتەوە خزمەت قورئان و لەوێوە باسەكانیان وەرگرتایەو بەو شێوەی كە پێشینانی ئوممەت لێی حاڵی بوون ئەوا هەرگیز ئەمە ڕووی نەدەدا!

ئیمان چییەو بەچی دادەمەزرێت؟

ئیمان بریتییە لە (بەڕاست دانان لە دڵداو وتەو كردەوە). ئەگەر هات و یەكێك لەم مەرجانەی تیا نەبوو، ئەوا پێی ناوترێت ئیمان.

كاتێك دەڵێین: ئیمان (وتە)یە، مەبەستمان لێی وتەی (دڵ)ە كە بریتییە لە بەڕاست دانان و دانپێدانان و ناسینی دڵ، لەگەڵ وتەی (زمان)، ئەویش مەبەستمان پێی شایەتی دانە بەو شایەتییەی كە مرۆڤ پێی دێتە ئیسلامەوەو، بە زمانی دانبنێت بە هەموو ئەو شتانەی كە شایەتییەكە دەیخوازێت لە مەرج و داواكاری.

كاتێك دەڵێین: ئیمان (كردارە) مەبەستمان پێی كردەوەی (دڵ)ە كە بریتییە لە نیەت و دڵسۆزی و خۆشەویستی و ترس لە خوداو تەواوی كردەوەكانی دڵ. لەگەڵ كردەوەی (زمان)، ئەویش مەبەست پێی ئەو كردەوانەیە كە بە زمان دەكرێت، وەكو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو یادكردنی خوداو تاد.. لەگەڵ كردەوەی (جەستە)، ئەویش مەبەست پێی ئەو كردەوە دیارو ئاشكرایانەیە كە بە جەستە

ئەنجــام دەدرێــن، وەکو ســوجدەو کڕنوش بــردن و هەنگاونان بەرەو هەر شــتێك كە دەبێتە هۆی ڕازیکردنی خوداو هتد..
پێشــەوا ئەوزاعی (ڕەحمەتی خودای لێبێــت) دەفەرموێت: (ئیمــان دانامەزرێت بەبێ وتە، ئیمان و وتەش دامەزراو نابن بەبێ کــردەوە، ئیمان و وتەو کردەوەش دامەزراو نابن بەبێ نیەتی شــوێنکەوتنی ســوننەت، ئەوانــەی کە ڕۆشــتن لــە پێشــینەکانمان ئیمانیــان لە کــردەوە جــودا نەدەکردەوە، کردەوەش لە ئیمانە، ئیمانیش لە کردەوەیە، ئیمــان ناوێکی گشــتگیرە بــۆ بابەتەکانی ئایین، ئەوەی بەڕاســتی دەخاتەوە بریتیە لــە کردەوە، بۆیە هەرکەســێك بڕوای هێنا بە زمان و بە دڵیش ناســی و بە کردەوەش بەڕاســتی خستەوە، ئەوە بریتیە لە گرێ و تۆکمــەی پتەو و قایم (العروة الوثقى). وە هەرکەس بە زمانی وتی و بە دڵی نەیناسی و بــە کــردەوەش بەڕاســتی نەخســتەوەو پاڵپشتی نەکرد، ئەوا لێی وەرناگیرێت و لە پاشەڕۆژیش لە خەسارەتمەندانە.».
پێشەوا بەغەوی دەفەرموێت: (هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان و ئەوانەشی لە دوایانەوە هاتن لە زانایانی ســوننە لەسەر ئەوەن کە کردەوە لە ئیمانە).
پێشــەوا ئیبن عەبدلبەڕ دەفەرموێت: (زانایانــی فیقە و فەرمــوودە تێکرا کۆکن لەسەر ئەوەی ئیمان وتەو کردەوەیە).



## کەسی وا دیێن لە ڕۆژی قیامەتدا کە چاکەکانی بەقــەدەر چیاکانن، کە چی بە هــۆی زمانییەوە هەمووی بەبا داوە و وێرانی کردووە.

(ئافەتەکانی زمان وەکو: درۆ - بوهتان - غەیبەت - دووزمانی - جنێودان - نەفرەتکردن - .... هتد)



# ئایا ئیمان زیاد و کەم دەکات؟!

دوای ئەوەی زانیمان ئیمان چییەو بەچی دادەمەزرێت، جێی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە ئیمان شتێك نییە کە کەسێك بوو بە ئیماندار ئیتر ئەو ناوەی لێ نەبێتەوە، ئەگەر هات و کەسێك تووشی هەڵوەشێنەرەوەیەك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیمان بوو، ئەوا ناوی ئیمانداری لێ دەبێتەوە، بۆیە دەبێت زۆر وریابین.

نەك ئەوە بەڵکو ئیمان زیاد و کەم دەکات، زیاد دەکات بە کردەوەی چاك و کەم دەکات بە خراپەو تاوان، هەروەکو خودای گەورە دەفەرمویێت: إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ

الأنفال ١-٢

ئەوەتانێ خودای گەورە لەو ئایەتە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان دەبێتە هۆی زیادکردنی ئیمان.

بەڵگە لەسەر ئەمە زۆرەو تەنیا ئەم ئایەتە پیرۆزە بەسە بۆ زانینی ئەو بابەتەو، ڕەنگە پێویستی بە بەڵگەش نەبێت چونکە بابەتی زیادکردن و کەمکردنی ئیمان شتێك نییە لێمانەوە دووربێت و هەستی پێ نەکەین، بەڵکو هەموو تێکرا تێیدا ژیاوین و هەستمان بەوە کردووە کە لە هەندێك کاتدا ئیمانمان بەرزەو لە هەندێك کاتیش وەك پێویست نییە.

سوودی باسکردنی زیادکردن و کەمکردنی ئیمان چییە؟!

زۆر جار دەبینین ئەم باسانەو چەندین باسی تری بیروباوەڕ دەبێتە جێی مشت و مڕ دەمەقاڵێی نێوان خەڵکی و بە تویکڵی بابەتەکانەوە خەریك دەبن و جەوهەرو کرۆك لەبیر دەکەن، بۆ نمونە کاتێك باسی ئەوە دەکەین ئیمان زیاد دەکات، دەبێت لە خەمی ئەوەدابین زیادی بکەین و بەدوای ئەو کارانە بگەڕێین کە دەبێتە هۆی زیادکردنی و ئەنجامیان بدەین، وە کاتێکیش دەڵێین کەم دەکات، بەدوای ئەو کارانە بگەڕێین کە دەبێتە هۆی کەمکردنی و خۆمانی لێ بەدوورگرین، نەك هەموو بەشێکمان لەو بابەتانە تەنیا جەدەلێکی بێ کەڵك و وشکبێت!

ئاخر چ سوودێکی هەیە بۆ من وەکو تاك

هەموو کاتەکانم باسی ئەوە بکەم ئیمان زیاد و کــەم دەکات، بەڵام خۆم نەگرمەوە لە تاوانێك، یان کردەوەیەکی چاکی پێ زیاد نەکەم؟!

## هەندێك لە هۆکارەکانی زیادبوون و کەم بوونی ئیمان:

- زۆر خوێندنــەوەی قورئانــی پیرۆزو وردبوونەوەو قوڵبوونەوە لە ماناو مەبەستەکانی.
- ناســینی خودای گەورە وەکو خۆی و شارەزابوون  بە ناو و سیفەتە بەرزەکانی.
- هەوڵــدان بۆ فێربوونی زانســتی بە سوود، کە کردەوەی باش و ترسی خوای گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت.
- شــوێنکەوتنی ســوننەت و ڕێبــازی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ).
- زانینی جوانییەکانی ئایینی ئیسلام و شەریعەتە بەرزەکانی.
- یادکردنەوەی بەخشش و نیعمەتەکانی خودای گەورە.
- زۆر یادکردنــی خــودای گــەورەو بەگەورە ڕاگرتن و داوای لێخۆشبوون لێکردنی.
- بــە کــەم ســەیرنەکردنی تــاوان و ســەرپێچی هەرچەندە لاشــت بچــووك بێت، ڕەنگــە بەهــۆی بچووکترین تاوانــەوە بچیتە دۆزەخ و نەزانیت لای خودا گەورەیە.
- کۆششــکردن بــۆ ئەنجامدانــی پەرستشەکان،لەگەورەترینیشیانبریتییەلەجیهاد لــە پێناو خــودای گەورە، کــە ئیمانی تەواوی پێ دادەمەزرێــت و خاوەنەکەی لە دووڕوویی دەپارێزێت.
- قۆســتنەوەی یادو بۆنە گەورەکان و ئاوەدانکردنەوەی بە پەرســتش، وەکو ڕەمەزان و شەوانی قەدرو عەرەفەو و حەج و عومرە و ئعتیکاف.
- دەستخســتنی ئــەو شــتانەی کە لە دووڕوویــی دەتپارێزێــت، وەکو جیهاد کردن و ئامادەبوونــی تەکبیرەی نوێــژەکان بە کۆمەڵ تــا مــاوەی (٤٠) ڕۆژ، هەروەهــا دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە ئاگر.
- خوێندنەوەی ژیانی پێشینە چاکەکانی ئوممەت لە پیاوچاکان و زانایان و پەند وەرگرتن بە هەڵوێستەکانی ژیانیان.
- هاوەڵێتــی کردنــی پیاوچــاکان و خۆبەدوورگرتــن لە کەســە خراپەکان و کۆڕو کۆمەڵیان.
- ئامادەبــوون لــە کــۆڕو مەجلیســی زانست.
- هەوڵــدان بــۆ بەدەســتهێنانی پلەی ئیحســان لــە عیبادەتــدا، ئــەو پلەیــەی کە هەوڵبــدەی وەها خودا بپەرســتی وەك ئەوەی دەیبینی، خۆ ئەگەر نەیبینی ئەو تۆ دەبینێت.
- چاکەکــردن لەگەڵ دایــك و باوك و خزم و کەسەکانت.
- بەهێزکردنی نەفــس و دەروونت لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو هۆکارەکانی کوفر و نیفاق.
- هەوڵــدان بــۆ گەیشــتن بــە چێژی ئیمــان، خۆ ئەگەر نەفس گەیشــت بەو پلەیە ئیتر تارمایی و نەنگی کوفر و نیفاق و تاوانی بۆ بەدیار دەکەوێت.

- چاکەکردن لەگەڵ بەندەکانی خوداو، لادانی بارگرانییەکانیان و سەردانیکردنیان و بەسەرکردنەوەی نەخۆشەکانیان و شوێنکەوتنی جەنازەکانیان و هەوڵدان بۆ نوێژکردن لەسەریان.
- بانگەوازکردن بۆ ئایینی خودا.
- سەیرکردنی حاڵی ئەو کەسانەی لە نێو کوفرو نیفاق و تاواندا دەژین و پەند وەرگرتن لەو بارگرانییەی تێیدا دەژین.
- کاسبی حەڵاڵ و خواردن و لەبەرکردنی حەڵاڵ.
- پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون لە ڕیاو ئیرەیی و ڕق و دوژمنایەتی کەسانی موسوڵمان.
- دەستگرتن بە ئایینەوەو لانەدان لێی و دامەزراوی لەسەری.

**هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئیمان:**

- بێ ئاگابوون لە یادی خودای گەورەو یادکردنی و قورئانی پیرۆز.
- نەزانی بە ئایین و شوێنکەوتنی کوێرانە.
- داهێنان لە ئایین و وازهێنان لە شوێنکەوتنی سوننەت.
- شوێنکەوتنی کەسە خراپ و لاڕێ و سەرلێشێواوەکان.
- کەسی خراپ کردن بە سەرمەشق و لاساییکردنەوەی بێباوەڕان.
- شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو، بەرەنگارنەبوونەوەی نەفس.
- زیادەڕەوی و شلڕەوی لە ئاییندا.
- شوێنکەوتنی ئارەزوو یان گومانکەوتنە نێو فیتنەو ئاشوب.
- کەمتەرخەمی و تەوەزەلی لە پەرستشەکان.
- نەزانی بە خوای گەورەو نەناسینی وەکو خۆی.
- سەرقاڵبوون بە دونیاو ماڵ و منداڵ و بێ ئاگابوون لە دوارۆژ.
- بەکەم سەیرکردنی تاوان و سەرپێچی.
- هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر هەوڵ و کۆشش بۆ ئیسلام.
- خەم نەخواردن بۆ برین و ناسۆرییەکانی موسوڵمانانی جیهان.
- خۆخستنە نێو تاوان و سەرپێچی، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**هاوڕێییەتی زانایان، عەقڵ و ژیری گەورە پیاوان دروست دەکات.**


خوێندی سورەتی (کەهف) لە هەینیدا سونەتە

# سُورَةُ الكَهف

**پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ**

**هەرکەسێ لە ڕۆژی هەینیدا سورەتی کەهف بخوێنێت، ئەوا ئەوکەسە نێوان دوو هەینی ڕوناک و پاراو دەبێ**

## عیلم و زانست لەسێ دەرگاوە ئەچێتە لای بەندە



**لە گوێ و چاو و دڵ**

**ئەگەر** هیدایەت دراو بێت ئەوە دڵ و گوێ و چاوی ئەکرێتەوە و ئەو عیلمە و زانستە وەرئەگرێت.

**ئەگەر** گومڕاو سەر لێ شێواو بێت ئەوا کەڕ و سەرگەردان و کوێر ئەبێت بەرامبەر ئەو عیلم و زانستە.

شفاء العلیل ١/٩٦



# بابزانين نوێژەكانمان لەكام جۆرەيە....!؟؟

**ابن القيم ـ ڕەحمەتى خواى لێبێت ـ فەرموويەتى: پێنج جۆرە نوێژ هەيە:**

١- نوێژێك سزاى لەسەر وەردەگريت.

ئەو نوێژەيە كە نوێژ خوێن، ڕەچاوى ڕوكن و واجبەكان و مەرجەكانى دەست نوێژ و نوێژ ناكات و لە سەرەتاى نوێژەكەوە تا كۆتايى، بيرى لاى نوێژەكەى نييە.

٢- نوێژێك لێپرسينەوەت لەگەڵ دەكرێت.

ئەو نوێژەيە كە ڕوكن و واجبەكانى نوێژى تێدايە بەڵام نوێژ خوێن دڵى لە لاى نوێژەكەى نييە.!!!

٣- نوێژێك، گوناحى پێ دەسڕدرێتەوە.

ئەو نوێژەيە كە ڕوكن و واجبەكانى نوێژى تێدايە، نوێژ خوێن لە سەرەتاى نوێژەكەيەوە تا كۆتايى، هەوڵ دەدات بيرى لاى نوێژەكەى بێت.

٤- نوێژێك پاداشتى لەسەر وەردەگرێت.

ئەو نوێژەيە كە هەموو ڕوكن و واجبەكانى نوێژى تێدايە،نوێژ خوێنيش، دڵى لاى نوێژەكەيەتى تا كۆتايى نوێژەكەى.

٥- نوێژێك، نزيكت دەكاتەوە لە خوا.

ئەو نوێژەيە كە هەموو ڕوكن و واجبەكانى نوێژى تێدايە،نوێژ خوێن،بەبەردەواميى بيرى لاى نوێژەكەيەتى و هەست دەكات خوا بەرامبەريەتى.



# موناجاتی ئیلاهی

بەرماڵەکەت ڕاخە بۆ موناجاتی ئیلاهی، تەنها بۆ بچکۆلەیی بەرماڵەکەت مەڕوانە، ئەوە پەڕەیەکی سیدرەتولمونتەهایە، ئەوە پەیکی فەرشی دڵە بۆ خاوەنی عەرش!

ئـەو چەند بسـتەی تۆ لەسـەری، نوێژی نزاو پاڕانەوەت دادەبەسـتی، نیشتمانی ڕۆحە دانیشتوانەکانی هەرگیز شکست ناهێنن!

ئەوە دەڤەری توهرو شـنەی بەهەشتی نەبڕاوەیە!

لە کلاوڕۆژنەی ژوورەکەتەوە تەماشای مانگـی چـواردە بکەو ڕووبکـەرە خودای میهرەبان!

با دڵت لە سینگت بێتە دەرێو بەرەو لای خوداوەند، بدا لە شەقەی باڵ!

ئەو کاتەی کە ڕەشماڵی شەو بە بەرگی ڕەش‌و قەترانـی خـۆی، هەمـوو دونیای سیاپۆش کردووە، چرای ئیمان شەوقی بێ وێنەیە!

ئەو کاتەی کە هەموو دۆستانت خەوتوونو ئاگایان لە دەردو ئاهی تۆ نییە!

بزانـە کـە خودایەکت هەیـە هەرگیز ناخەوێـت! ئـەو خودایـە کارەکانی تۆی هەموو بە دەستە! بێ فەرمانی ئەو قەڵەم بە کاغەزدا ناهێنرێت!

مرۆڤەکان ناتوانـن ئازارت بدەن، ببنە کۆسـپی بەردەمت، ئەوان تەنهـا ئەوەیان پێدەکرێـت کە ئـەو کارە ئەنجـام بدەن بەرامبەرت کە خوداوەند فەرمانی پێیەتی!

ئەوان جگە لە جێبەجێکردنی قەدەری ئیلاهی هیچی دییان لە دەست نایەت!

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾ التوبة: ٥١

ئێمە بێ تەوەککولی خودایی هیچێ
نین لەم گەردونەدا!!
كُلُّ هذا قَولُنا لَكِنَّنا عَدَمٌ إن لَم يُعِنّا رَبُّنا
-ئیقبال-

واتە: ئێمە هەموو هەر دەڵێین: «ان شاءالله»، وەلێ گەر یارمەتیدانی خودایی نەبا ئێمە جگە لە عەدەم چیدی نین!

کەواتە خەمەکانت وەلانێ، ئیدی لە بیری ئەواندا مەبە، خوداوەندی تۆ هەرگیز لە بیرت ناکات
﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ مريم: ٦٤.

لەم ڕۆژگارە سەختەدا، ئەنیسی ئەم وەحشەتە جگە لە کردگار کێیە؟

گەر شەونمی میهری ئەو نەبا، دڵمان دەبووە بەردەڵانو سۆمای چاومان کوێر دەبۆوە!

بەڵام ئەو پەروەردگارە میهرەبانە هەموو هیواو ئاواتێکی ئێمەیە!

دڵۆپێ ئاوی دەستنوێژ، پەرێزی خەمەکانم دەشواتەوەو، بڕست دەدا بە ڕۆحم!

چرپەی ﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾ البقرة: ٤٥ دەستم دەگرێو هێزێك بە ئەژنۆم دەبەخشێت! کە هەرگیز لەشکری غەم نەتوانێ خۆی لە قەرەی بدات!

ئەو کاتەی بە دەم هەنیسکی قوڵو قوڵپی گریانەوە هەناوم دەلەرزێو تێکەڵ بە سەدای «یارب، یارب» دەبێت،

دەزانم خوداوەند دڵم ناشکێنێت!!

ئاخر من جگە لە ئەو کێم هەیە! تا سکاڵای دڵمی بەرمە لا؟!

لەم شەوەدا، کێ دەرگام لێدەکاتەوە، ئەو نەبێ؟!

کێ ئاگای لە ناڵەو گریانی منە، ئەو نەبێ؟

کێ سەکینەتو نەفەحاتی میهری خۆیم، بەسەردا دەبارێنێ، ئەو نەبێ؟!

کێ خۆشیدەویم بە کەماڵی مەحەببەت، ئەو نەبێت!

خودایە.. خۆشم دەوێی، خۆشەویستی تۆ نەبا بەم نیوەی شەوە نەدەهاتمە ژووان!

خەجاڵەتم خوداوەند... تۆ بەو گەورەییەی خۆت حەوت ئاسمان هاتی بەرەو پیری بەندەکانی خۆت، منی بچکۆلە تەنها توانیم چەند هەنگاوێك لە پێخەفەکەم دوورکەومەوەو، بێمە نێو نیشتمانی نوور، بێمە سەر بەرماڵی عبودییەت!

ئای ڕووزەرد خۆم خودایە!

وای، پەروەردگارم، چۆن سوپاسی تۆ بکەم، ئاخر لوتفی تۆ بە کێ سوپاس دەکرێت؟!

لەو ڕۆژەوە تۆم ناسیوە، ناوی پاکت بۆتە ویردی زمانم، بووم بە خەزنەداری چی سەڵتەنەتێك، بووم بە

چی ئینسانێك؟!

**هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکرو فیکری ڕۆژو شەو هەناسەم بۆنی میسکی گرتووە، لێوم شەکەربارە** -مەحوی-

ئازیزم: ئەوەی کە قوتی ڕۆحو گیانی ئێمەیە بەدەستهێنانی خۆشەویستی ئیلاهییە! دەزانی ئەو کەسەی خودا خۆشی بوێ خودا چی بۆ دەکات؟! پەروەردگار لە فەرمودەی قودسیدا دەفەرمویێت: «فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا. وَلَئِنْ سَأَلَنِي لأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لأُعِيْذَنَّهُ» -البخاري-

وای ئازیزم خۆشەویستی چەند بەرزە! با ئەویندارانی بێنو لە ژوانی ئیلاهیدا وانەی عیشق بخوێنن! عیشقی حەقیقی، ئەوینی نەمرا! ئەوینێك کە خوداوەند پیرۆزبایی لێ دەکات!

سەیرە، خوداوەند بەو عەزەمەتو گەورەیی خۆیەوە خۆشەویستی هەن! دەیەوێت لە ئەویندارانی خۆی نزیك بێت، لە بیستنو بینینو هەموو جولەیەکدا لەگەڵیاندا بێت!

خوداوەند ناهێڵێ جگە لە باشە وتەیەکی دی بژنەفن!

جگە لە دیمەنی جوانو پاك دیمەنێك ببینن!

ناهێڵێت دەست بۆ شتێك بەرن، بەرەو کارێك هەنگاو بنێن کە ئەو پێی خۆش نییە!

پەیمانی داوە بە خۆشەویستانی، هەرچی داوا بکەن پێیان دەبەخشێت!

لە هەر شتێکی مەترسیدار داوای پاراستن بکەن دەیانپارێزێ!

ئەوان لە ژێر چەتری پارێزگاریی خوداییدا دەژین! ئەوان دۆستو خۆشەویستی خودان! خوا لە مەلەئی ئەعلا ناویان دەباو باسیان دەکات!

دەرگای ڕەحمەتی بۆ کردوونەتە سەر پشتو، هەرگیز لە گوڵزاری بێ سنووری میهری خۆی وەدەریان نانێ!!

ئەمەیە دەریای ئەوین، جۆگەلەی هەر ئەوینێك نەچێتەوە نێو ئەم دەریایە، ئەوە جگە لە سەراب هیچی دی نییە! هەر ئەویندارێك هەموو ئاواتی مەحەببەتی ئیلاهی نەبێت، ڕاست ناکات!

جگە لە فریودان هیچ شتێکی دی پێ نییە!

هەر شەیدابوونێك تێکەڵ بە شەیدابوونی خودا نەبووبێت، تەنها بۆ چەند ساتێکی کەمەو وەکو پەڵە هەوری هاوین، لە چاو تروکانێکدا دەڕەوێتەوە!

بەرماڵەکەت جێمەهێڵە، ئەوێ ئارامترین هێلانەیە! لەوێدا هەموو

برینەکان سارێژ دەبن، ئازارەکان لەبیر دەچنەوە! لە ژاوەژاوی ڕۆژگارو تیغی ژاراوی زمانی بە نێو مرۆڤەکان ڕزگار دەبیت! دەچیتە سنووری بێ سنووری پەناگەی ئیلاهی!

کۆڵی گوناه و تاوانت دادەنێی‌و دەگەیتە ئاسودەیی ڕۆح!

پەیامبەری ئازیز دەفەرموێت: «کاتێك نوێژخوێن نوێژ دادەبەستێت، هەموو گوناهەکانی لەسەر شانی دادەنێین، لەگەڵ هەموو کڕنوش‌و سوژدەیەکدا، پەیتا پەیتا هەڵدەوەرێن‌و دەکەونە خوارەوە...» السلسلە الصحیحة ١٣٩٨

ئەوێ دەریای زیوە.. لەوێدا دڵ‌و لاشەمان لە هەموو گوناهەکان پاك دەکەینەوە! بە زمانی فرمێسك‌و نزای سوتاوانی ئەوین، بە چرپە تکاکانمان بەرەو عەرشی کردگار بڵند دەکەین!

دەستە بچکۆلەکانت بڵندکە نێوان تۆو کردگار تەنها دوعایەکی گیرایە، کە ئیخلاس‌و ملکەچبوون‌و بەندایەتی‌و خۆشەویستی، وشەکانی وەکو ملوانکەی مرواری هۆنیوەتەوە!

بەردەوامبە، نزاکان ناگەڕێنەوە، تا ئێمە ڕووی دڵمان وەرنەگێڕین!

ئیدی ئێمە ڕووی دڵمان، لەو پەروەردگارە گەورەو بەخشندەو میهرەبانەیە!

چاومان تەنها لە دەستی ئەوەو جگە لە ڕازیبوونی ئەو مەبەستێکی دیمان نییە!

گەیشتن بە خوداو چوونە نێو دیوانی خۆشەویستان، گەیشتنە بە هەموو خۆشی‌و نیعمەتەکانی دونیاو ئاخیرەت!

مەحروم بوونیش لە خودا، مەحروم بوونە لە هەموو شتێك! هەموو شتێك....!!

خوداوەند دەلیلی داماوە، هەموو کارەکانت تەسلیمی ئەو بکە!

هیچ کارێك بێ ویستی ئەو سەرناگرێ!

فەرمانێکیش ئەو بیەوێت بە هیچ کەس ڕێگری ناکرێت!

﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴾

الأحزاب: ٣

**پێغەمبەری خوادا ﷺ دەفەرمووێ:**

سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە
هیچ کەسێکتان ئیمانی نیە تاکو منی خۆشتر
نەوێت لە باوک ودایک ومناڵەکانی.





# سەدای سەحەر

ئەووەل سەحەری ڕۆژێکی موبارەکە، پێش بانگی بەیانی هەزاران ئەوینداری بێداری ئەوینی خودایی وەکو پەروانە وەدەوری کەعبەی پیرۆزدا دەخولێنەوە.

هەزاران لە سوژدەو کڕنووشی ملکەچبوونو عبودییەتدا فرمێسك دەڕێژن، هەزاران دەستی نزاو پاڕانەوەیان بەرەو لای خوداوەند بڵندکردووەو بە درووودی "یارب یارب" سکاڵای دڵی خۆیان دەکەن....!

چی ژوانێکی ئاوەدانە بە کۆڕی گەرمی عاشقانی ڕاستەقینە!

حەرەم چراخانی نووری دیدەو نووری دڵو گڕی ئەوینو شەوقی ئیمانە!

وەرەو ئازیزم لەم سەحەرە موبارەکەوە با بۆنی میسكو عەنبەری کەعبەی شەریف ناخی دڵت مەست بکاتو سەرتاپای بەدەنت بهەژێنێ، چاوەکانت لێکبنێو بە ئەسپی خەیاڵ ئاسمان تەی کەو بگەرە بەتحای مەککە، بەو سەرابەدا گوزەرکە کە تیایدا بیلال بە دروشمی "أحد، أحد" گوێچکەی ئەبو جەهلەکانی کەڕ دەکرد!!

تەماشای بسکی بە خوێن شەلاڵی سومەییە بکەو پشتی داخکراوی خەبباب ببینە!

لە دەرگای "بەنی شەیبەوە" وەژوورکەوەو ڕووەو بەردی ڕەشو کلی چاوی ئەوینداران هەنگاو بنێ، تا تێر تێر ماچی بکەیو بە بۆنی نبووەتو ریسالەکەت ئاشنا بیت!

لە تەنیشت مەقامی ئیبراهیمەوە بە خێرایی گوزەر مەکە..یادی ﴿ وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ ﴾ البقرة: ١٢٧ بکەرەوەو... لەگەڵ شنەی ﴿ رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ﴾ إبراهيم: ٤٠ دا نوێژی دڵ دابەستە!

بچۆ "ملتزم"و لەگەڵ یادی «هُنا تُسكَبُ العَبَرات»دا ئەسرینی چاوت ببارێنە!

تەماشا.... عاشقانی خوداوەند چەند زۆرن!!
گەر گەواهی ئەوینو خۆشەویستیو ئیخلاصو عبودییەتت پێ نەبێت، لە نێو ئەو عاشقانستانەدا چی دەکەیت؟!
ئێرە دەڤەرێکە لە بەهەشت، سرووەیەکە لە فیردەوس، لەزەتێکە لە لێوی ڕەحیقی مەختومەوە!
لێرە ئەزیزم خۆرئاوا دەبێت، بەڵام نوورئاوا نابێت!
لێرە لەم دەڤەری نووردا جریوەی ئاوازی ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾ و زیکرو یادی خوداوەند شنەی نەشئەی موستەغفیرینی ئەسحارە!
لە نیوەی شەودا گوێت لە تەپەی پێی ئەویندارانە لە نێوان سەفاو مەروادا بە سەدای «رب اغفر وارحم و تجاوز عما تعلم، إنك أنت الأعز الأكرم»
خورەی زەمزەم گوڵاوپرژێنی ڕۆح دەکات، دڵەکان وەکو بەرگی ئیحرامەکان سپی دەبنەوە! بە ئاوی زیو دەشۆرێن!
چاوەکان بە کلی "کەعبە" سورمەرێژ دەبن، سەرابی دونیا فەرامۆش دەکەنو بە ناخی حەقیقەتا ڕۆدەچن! لە وەهمی دونیای فانیو مەتاعی پڕ غرور ئازاد دەبن، لێرە ئەزیزم بەندەکانی خودا لە ژێر تامی بەندایەتی بۆ خوداوەند دا شا بە سەپان ناگرن!
وەکو پەروانەی دەوری شەم بە دەوری "بیت الله الحرام"دا دەخولێنەوە، ئای لە ساتە وەختەکانی تەوافی دڵو ئۆخژنی ناخو سوکنایی ڕۆح!!
ئەو ساتەی کە فرمێسك وەکو مرواری، بەسەر گۆنای تۆبەکارانا دێتە خوارێ، لاپەڕەی تاوانو گوناهی خۆیانی پێ دەسڕنەوە!
لێرەدا گەورەیی خوداو بچووکی مرۆڤ دەردەکەوێت....
دەسەڵاتی خوداو بێهێزی مرۆڤ.....
بچوکی دونیاو، فراوانی مەلەکوتی خودایی!
نەعیمی زائلی دونیاو، بەهەشتی نەبڕاوەی خودایی!
لێرەدا دەبینی چەندە جیاوازن، ئەوانەی پەروانەی دەوری عەرشی خوداونو لێرە جگە لە خەڵاتی لێخۆشبوونی خودایی، هیچ ئاواتێکی دییان نییەو کەسانێکیش، لە دۆڵی تاری دنیادا نوقم بوونو جگە لە کۆکردنەوەی خاشاکی دنیا، ئامانجێکی دییان نییەو ڕاکردنیان بە شوێن دنیادا جگە لە بازنەیەکی بەتاڵ چیدی نییە!
لێرە هەموو شتەکان تامیان هەیە، هەموو ڕەنگەکان درەوشاوەن، سرووەی بەیان بە بۆی چرپەی ئەویندارن موعەتتەرە!
لێرەدا ژیان بەنرخە، چرکەکانی تەمەن بەهادارە، مرۆڤ هەست بە وجودی خۆی دەکات!
لێرە لە نێو ئاپۆرای عاشقاندا دێیتو دەچی! بۆنی هەناسەی فریشتە دەکەی! سەکینەی خودایی ئارامی دەبەخشێ بە ڕۆح!

لە دەریای ئەویندا دەتوێینەوە!
گەیشــتن بە ماڵی ئەوینــداری مەزن،
لەزەتێکی هێندە گەورەیە زمان ناتوانێ
گوزارشی لێوەبکات..!
سەرخســتنە ســەر بــەر دەرگای
خوداوەنــد، دوای تەمەنێــك لــە
تامەزرۆیی‌و سوتان‌و گریان‌و هەڵقرچان،
گەیشتنە بە مورادی دڵ!
خۆشەویســتێك کە هەمــوو ئاواتی
گەیشتن بێت، بە خانەی ئەویندارەکەی،
دەبێت کاتی لیقا چی هەستێکی هەبێت!!
لەوێ پڕ بە گەروت دەڵێی، خوداوەند
خۆشــم دەوێی، گەر خۆشم نەویستبای
لەو ڕێیە دوورەوە نەدەهاتم، شــەرمت
لێدەکەم، لە ســزای ســەختت دەترسم،
وەگەر نــا، ئەوها بە کــوڵ نەدەگریام،
ئارەقی خەجاڵەتیم نەدەڕشت!!
خوداوەند، هەموو کەس‌و کارو ماڵ‌و
حاڵــم جێهێشــتو خۆم هاوێشــتە نێو
ماڵەکەی تۆو، پەنام بۆ تۆ هێنا!

منی هەژار کێم هەیە تۆ نەبێ؟!
من بێ کەسم، بێ دەرو بێ نەوام....
تۆ نەبێ من چیم، چۆن دەژیم!
خودایــە تۆ گەورەی.. بــە گەورەیی
خۆت بمبەخشە!
تــۆ میهرەبانــی بــە میهــری خۆت
بمبورە!
تۆ دەوڵەمەندی من هەژارم
تۆ بەهێزی من لاوازم
تۆ بەخشندەی من تاوانبارم
من شــەرمەندەم خودایە، وەلێ من
بەنــدەی تــۆم! خــۆم بــە بەندەیەکی
بچوکی تۆ دەزانم، لەم گوڵزاری ڕەحمی
خۆتە دەرم مەکە!
چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە، یا
ڕەبی بمبەخشی
ببەخشە، بگرە، دۆزەخ، خۆڵەمێشی
کەم بوو، یەك مسقاڵ
-مەحوی-

# بە نهێنی لۆمەی هاوڕێکەت بکەو لە ناو خەڵکیدا مەدحی بکە!




# ڕوو بکە خودا!

فرمێسکەکانت بسڕە،
دەرگا بۆ خەم واڵا مەکە،
لەگەڵ خەفەتدا ژووان مەگرە،
دەست مەکەرە ملی ئەژنۆکانت،.....

تۆ خودایەکی میهرەبانت هەیە، دەستەکانت بۆ لای ئەو بڵندکەوە چاوەڕوانی لوتفی بێ سنووری ئەو پەروەردگارە بە.

بڕۆ ژێر سێبەری دارەکەی موساوە بێژە: ﴿رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ ٢٤﴾ القصص ٢٤

لە تاریکی گەروی نەهەنگی ئەم ڕۆژگارەدا لەگەڵ یونسدا بڵێ: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧﴾ الأنبياء ٨٧

جیهانی مادده فەرامۆشکەوە لە مەداریجی ڕۆحدا هەڵکشێ بۆ مەلەکوتی ئەعلا!

ئەو کاتەی لە هەموو مرۆڤەکان بێزاردەبی‌و، تەنیایی شاڵاوت بۆ دێنێ، هەست بە غوربەتو بێکەسی مەکە!

تۆ بەندەی خودایەکی، هەرگیز ئازیزانی خۆی فەرامۆش ناکات، تۆ ئەوینداری خۆشەویستێکیت، هەرگیز ناهێڵێت ئەویندارانی لە وەحشەتدا بژین!

لە جەرگەی جەمی یارانی گیانی
تۆم نەبێ هێشتا خۆم پێ تەنیایە
تۆم هەبێ تەنیا لە ئینفیرادی
لێم جەمە هەرچی خۆشی دنیایە

-ئەحمەد موفتی زادە-

ڕووکە خودایەك کە دەفەرموێت: «وَأَنَا مَعَهُ حِينَ يَذْكُرَنِي، فإنْ ذَكَرَنِي في نَفْسه ذَكَرْتُه في نَفْسي، وَإِنْ ذَكَرَنِي في مَلَإٍ ذَكَرْتُه في

مَلإ خَيْرٍ منْهُمْ، وَإنْ اقْتَرَبَ إلي شِبْراً اقْتَرَبْتُ مِنْهُ ذِراعاً، وَإن اقْتَرَبَ إلـيَّ ذِرَاعاً اقْتَرَبْتُ إِلَيْهِ بَاعاً، وإنْ أَتَانـِي يَمْشِي أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً»

البخاري ومسلم.

خوداوەند دەفەرمویێت: «من لەگەڵ بەندەکەی خۆمدام کاتێك یادم دەکات، ئەگەر ئەو لە خودی خۆیدا یادم بکات، منیش لە خودی خۆمدا یادی دەکەم، وەگەر لە نێو کۆڕو مەجلیسدا یادم بکات من لە کۆڕو مەجلیسی باشتردا یادی دەکەم، گەر بەندەکەم بستێك لێم نزیك بێتەوە، من گەزێك لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر ئەو گەزێکیش لێم نزیك بێتەوە، من دووباڵ لێی نزیك دەبمەوە.

کە تۆ نزیکیی خوداوەندت دەستکەوی، بۆچی وێڵی نزیکیی بەندەکانی؟ یادی خوداوەند سروەی شادی نابەخشێ بە دڵت؟ پشوو نادات بە ڕۆحت؟

جا ئەگەر بە خـودا هۆگر نەبیـو دڵارام نـەبـیـت ئـیـدی کـێ ئـارامـیو خۆشبەختیت پێ دەبەخشێت؟

جگە لە هۆگربوون بە یادی خوداو ڕووکردنە لوتفی ئەو هەموو هیواکانی دی سەرابن!

کێ دڵنیایت پێ دەبەخشێت؟

کێ گریەو زاریت دەبینێ؟

کێ دڵنەواییت دەکات؟

کێ هەمیشە ئاگای لێتە؟

کێ سکاڵاکانت لێ وەردەگرێ؟

کێ گرفتەکانت بۆ چارەسەر دەکات؟

کێ گرێکانی ژیانت بۆ دەکاتەوە؟

کـێ دەرگــای میهری هەمیشە بۆ کردویتەتە سەر پشت؟

کێ لە بەڵاو موسیبەت دەتپارێزێ؟

کێ بە نـووری ئیمان خانەی دڵی کردووی بە چراخان؟

کێیە ڕۆژانە پێنج جار بانگت دەکات، ژووانت بۆ دادەنێت؟

ڕێگات پێ دەدات بچیتە حزوری، بە دڵی خۆت بیدوێنی..؟

دەردی دڵی خۆتی بۆ بەیانکەی!!

چی هێزێك هەیە پشتی پێ ببەستی؟

چی پەناگەیەك هەیە ڕابکەی بۆلای؟

کێ دڵی شکاوت ئاشت دەکاتەوە؟

کێ لێوی هەڵقرچاوت ژیر دەکاتەوە؟

کێ هێز دەبەخشێ بە ئەژنۆت؟

کێ هیوا دەبەخشێت بە دەروونت؟

تۆی بێکەس کێت هەیە، جگە لە خودای گەورەو میهرەبان!

وەرەو با ڕابکەین بۆ لای ئەو «ففروا إلى الله...»

با بچین بۆ لای خودایەك کە خاوەنی مەلەکوتی ئاسمانەکانو زەوییە!

بـا فرمێسك بـڕێـژیـن بـۆ تاسەی دیداری خودا..

پیاو چاکێك دەفـەرمـوێـت: «گـەر موخەییەربم لە نێوان ئەوەی (١٠٠)ساڵم تەمەنبێ لە خودا پەرستیداو یاخود، ئەمرۆ ڕۆحم بکێشن، ڕۆحکێشانی ئەم سـاتـەی ئێستام هـەڵـدەبـژێـرم، چوون ئـەوەنـدە بـە تـاسـەی دیــدارو شەوقی

ئیلاهیم!

عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێت: «باوەڕدار، تا نەگات بە دیداری خودای خۆی، هەرگیز ئاسودە نابێ!

ئازیزم، پیاوچاکان ئارەزووی ژیانیان دەکـــرد، لـە پێناو ســـەدای سـەحـەرو سوژدەی تولانیو موناجاتی ڕەببانیو، نـزاو پـاڕانـەوەی نیوە شـەوو، ڕۆژوی قـرچـەی نـیـوەڕۆو، جێبەجێکردنی فەرمانی خــودادا... نـەك بـۆ كەیفو ڕابواردنو تێکەڵاو بوونی مرۆڤانی بێ کارو بەندەگەلی بێ کەڵك!

ئەوانە تەنها ئەو کاتە دەتناسن کە کاریان پێتە، بەڵام خوداوەند هەمیشە دەتناسێ!

ئەوانە تەنها ئەو کاتە ڕوویان لێتە، کە کارت پێیان نییە، بەڵام کاتێك کارت پێیان دەبێت، ڕوویان وەردەچەرخێنن!

بــەڵام خــوداوەنــد هـەرگـیـز ڕووی وەرناچەرخێنێ، هەرکاتێك بتەوێت ڕووی تێ بکەی ئـەو ڕووی لێتە، بە تایبەت لە کاتی نوێژدا بەرەو ڕووتە! «فَإِنَّ اللَّهَ قِبَلَ وَجْهِ الْمُصَلِي».

ئەوان گەر داوایان لێ بکەیت بێزار دەبــن، یـاخـود تـوڕەدەبــنو حـەز بە نزیکیت ناکەن، بەڵام خوداوەند پێی خۆشە داوای لێ بکەی، تا بۆت دەگرێت داوا بکە، گەنجینەی خودا پڕەو هەرگیز خاڵی نابێت!

ئەگەر تۆ واز لە داواکــردن بێنی، ئەوا لێت دەرەنجێ!

ســەر هـەڵـبـڕە بـــەرەو ئـاسـمـان، دەستەکانت بڵندکە، چەند وتەیەکی جوانو دڵێکی پڕ لە ئیمان، پەیامی تۆ دەگەیەنێتە خودای ئەرزو سەماوات!!

لـە سـایـەی میهری ئـەو خـودایـەدا ژیانێکی ئاسودەو دڵێکی ئارام بەدەست دێنی..

تەماشـــای «مەریـــەم» بـکـــە لـــە نارەحەتتریـــنو دژوارترین ڕووداودا کە هێندە ئەستەمە، دەگمەنە مرۆڤ بتوانێ بەرامبـــەری خۆی ڕابگـــرێ، خوداوەند پێی دەفەرموێـــت: ﴿فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا ﴿٢٦﴾﴾ مريـــم ٢٦ خـــودا فەرمانـــی پێدەکات ژیانی ئاسایی خۆی درێژە پێ بدات، بخۆرەوەو دڵخۆش بە، دەزانی بۆ!

چونکە چارەسەری هەموو کێشەکان لای خودان، خۆ ئەگەر هەندێك گرفتی چکۆلە بە مرۆڤەکان چارەسەربکرێن ئەوا گرفتە گەورەو سەختەکان، جگە لە خودا بە کەس چارەسەر ناکرێن!

کـەواتــە گرفتەکانت تەسلیم بە پـەروەردگـار بکەو خەریکی کاروبارو ژیانی خۆت بە!

بیربکەرەوە ئازیزم، ئێمە بۆ ئەوە دروســت نـەبـویـن کـە خـەم بخۆین، هەمیشە گرفتاربین! هەموو بەیانییەك بە دەم ویردو نزاوە داوای خێرو خۆشی بـەرفـراوانـی ئـەو ڕۆژە بکە، هەموو ئێوارانێکیش بەهەمان شێوە!

داوا بـکـە خـــوداوەنـــد ئـــەوەت بۆ هەڵبژێرێ کـە خـێـری تـۆی تێدایە،

کاتێکیش شتێکت لێ دەسێنێت دڵتەنگ مەبە، دڵنیابە لە بری ئەوە شتێکی دیت پێ دەبەخشێت
« فما مَنَعَك إلّا لِيُعطِيَك، وَما أَعطاكَ إلّا لِيَبتَلِيَك»
ئەوەی لێی قەدەغە کردوویت، بۆ ئەوەیە باشترت بداتێ، ئەوەشی کە پێی بەخشیویت، بۆ ئەوەیە تاقیت بکاتەوە!
زۆرجار بە ئەستەم دەتوانی جیاوازی بخەیتە نێوان خوێو شەکرەوە، چونکە هەردووکیان لێکدەچن، وەلێ بە تاقیکردنەوە دەردەکەوێت! مرۆڤەکانیش هەر ئاوان!
مەترسە دەڤەری بەندایەتی نیشتمانی ئارامییە!
ئەی نازانی کاتێك یەعقوب گوتی:﴿ وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ ﴾ یوسف: ١٣
یوسف شارایەوەو بینایشی کوێر بوو!
بەڵام کاتێك گوتی:﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾ یوسف..٨٦
یوسفو بنیامینو بینایی چاوانیشی گەڕانەوە!
تۆش کارەکانت بسپێرە بە خودا، داوای دەروازەی خێرو سرووەی شادیو بەختەوەری لێ بکە، بڵێ خودایە:
«أرزقني كُلَ ما أتَمَنى، وفوق ما أتمنى، واجعل الخَير في أمانيَّ»..
خودایە هەموو خۆزگەو ئاواتەکانم پێ ببەخشەو هەموو ئاواتەکانم بەخێر بگێڕە.
خودایە ئەگەر زۆربەی مرۆڤەکان پشتیان تێکردم، تۆ کەسێکم بۆ بنێرە خەندە لە نێو دڵمدا بڕوێنێ، نەك تەنها لێوم!
خودایە من ئیدی هۆگری یادی تۆمو تۆش بە لوتفی خۆت ئەم بەندە گوناهبارەت فەرامۆش مەکە!

**مرۆڤ ناتوانێت هیچ زانیاریو ماریفەتێك بە دەست بهێنێت،**
**تا فێری بیرکردنەوە نەبێت!**



زانایەكی پایەدار فەرموویەتی:

**(سوێند بە خوا تاوان كار دەكاتە سەر ئەمن و ئاسایشی وڵات، وە كار لەخۆشگوزەرانی و ئابوورییەكەی دەكات، تەنانەت كاردەكاتە سەر دڵی گەل و خەڵكەكەی)**

أثر المعاصي صد ١٢

# لێبوردن، یان تۆڵەسەندنەوە؟



بێگومان هیچ مرۆڤێك نییە هەڵە نەكات، هەر لەباوكە ئادەمەوە تادوا مرۆڤی سەر ئەم زەوییە، (جگە لە پەیامبەران (سەلامی خودایان لێبێت))، هەموومان شایستەی هەڵەكردنین، بۆیە هەڵەكردن شتێكی ئاساییەو لات سروشتی بێت، هەڵەكردنیش چەند جۆرێكی هەیە، هەڵەكردنی مرۆڤ بەرامبەر بەخودی خۆی، هەڵەكردنی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ، هەڵەكردنی مرۆڤ بەرامبەر خودای گەورە، هەریەكێك لەم جۆرانەش پێویستی بە هەڵسوكەوتو مامەڵەی تایبەت هەیە، ئەوەی كرۆكی بابەتەكەمانە هەڵەكردنی مرۆڤە بەرامبەر مرۆڤ.

ئێستا دەپرسم: كاتێك كەسێك هەڵەت بەرامبەر دەكات، ئایا هەڵسوكەوتو مامەڵەت چۆن دەبێت بەرامبەر بەو كەسە؟

ئایا بڕیاری لێبوردن، یان تۆڵەسەندنەوە دەدەیت؟ تۆ سەربەستی لە هەڵبژاردنی هەریەكێكیان، بەڵام پەلەمەكە، بڕیارەكەت دوابخە تا دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە.

لێبوردەیی بەخشینە، قوربانیدانە، كارێكە مرۆڤ بەرەو لوتكەی بەرزی دەبات، لێبوردەیی ئەو بۆنەیە كە گوڵ دەیبەخشێت لە كاتی هەڵوەرینیدا، لێبوردەیی ئاسودەییو ئارامی بۆ مرۆڤ بە خەڵات دێنێت، لێبوردەیی لە كاری مرۆڤە گەورەكانە، زۆر كەس لێبوردن بەشكست دەزانن، بەڵام نازانن كە لێبوردن پێویستی بەهێزێكی گەورەترە لە تۆڵەسەندنەوە، لێبوردەیی هۆكارێكە بۆ زیادكردنی تەقواو نزیكبوونەوە لە خودای گەورە، بۆیە ئەگەر بۆ تەنها جارێكیش بووە، ببورە بۆئەوەی چێژی لێبوردن بزانیت.

هەرگیز خۆت مەدە لە قەرەو بەرەی تۆڵەسەندنەوە، چونكە لە مەیاندا خۆت زیاتر ئازاردەچێژی، بەهۆی ئەمەوە مرۆڤ هەموو كات لە ڕاڕایی ژیان دەگوزەرێنێت، هەروەها وادەكات دڵەكان ژەنگی ڕقو كینە هەڵبگرن، نەك هەر واز لە تۆڵەسەندنەوە بێنە، بەڵكو بۆ ساتێكیش ڕێگە بەخۆت مەدە كات بەفیڕۆ بدەیت، بە بیركردنەوە لە كەسانێك كە هەڵەیان بەرامبەر كردوویت، یان كەسانێك كە دۆستت نینو خۆشیان ناوێیت، ئەوە بزانە كە لە تۆڵەسەندنەوە زەرەرمەندو خەسارەتمەندی سەرەكی، تۆ دەبیت، لوقمانی حەكیم دەڵێت: هەمیشە دوو شت لە بیر بكە، چاكەی خۆت بەرامبەر خەڵك، هەروەها خراپەی خەڵك بەرامبەرت.

هەموو ئەو مرۆڤانە ببەخشە كە لە ژیانتدا هەڵەیان بەرامبەر كردوویت، ئەو ڕابردووە لە بیربكە كە وات لێدەكات ڕقت هەڵسێت بەرامبەر خەڵك، گەورەترین دیاری چاوپۆشینو لێبوردنە، گەورەترین لێبوردنیش لە كاتی دەسەڵاتدایە.

پیرەمێردی شاعیر دەڵێت:

مرۆڤ دەبێ شێوەی شەمعی بێ
بۆ خۆی بسوتێو نەفعی جەمعی بێ

# تیشکێک لە ڕەحمەت

چ ڕەحمەتێکە ئێمە تێیدا نوقم بووین، چ بێئاگاییەکیش لەو ڕەحمەتە دەوری ئێمەی داوە!

مرۆڤ هەمیشە تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت، کاتێك بۆ ماوەیەك لە ناو ئاسوودەییدا دەبێت، تەنانەت لە بیریشی نییە کە لە ناو ئاسوودەییو ئارامیدا ڕێ دەکات!

ئەو کاتانەی لە بەڵا بە دوورین، بیر دەکەینەوە ئێمە چەند بێبەختین کە فلان ڕۆژ، چیمان بەسەر هاتو فلان هاوڕێ چۆن تووشی نیگەرانی کردین!

یان بیردەکەینەوە لە بەرپێکردنی ئەو دەمەی کە یەکێك لە نزیکەکانمان بە دەردێکەوە دەینالاندو ئێمەش لە دەوری بووین...

بەم جۆرە کاتە ئارامەکان بێ چێژوەرگرتن بە هەدەر دەدەین، تەنانەت لەبیری دەکەین، سوپاسگوزاربین بە تێپەڕینی ئەو ناهەموارییانە!

مرۆڤ زۆر زوو کاریگەر دەبێت بە ڕووداوەکانی دەوروبەر، مرۆڤی ئاسایی پێی خەفەتبار دەبێتو مرۆڤی ژیر لێوەی فێر دەبێت.

چ دڵێك دەتوانێت هەمیشە تەنگ بێت، هەمیشە ئارام بێت، یاخود هەمیشە لە چاوەڕوانیدا بێت؟

خودا خۆی خاوەنو خوڵقێنەری مرۆڤەکانە، بۆیە هەمیشە تیشکێك لە ڕەحمەتی خۆی بە بەندەکانی دەبەخشێتو دەیانخاتە ناو دۆخێکەوە؛ خۆشی، ئارامی، ئازار، جێهێشتن، یان هەر چییەك کە باشی تێدایە بۆ ئێمەو جەستەو بیرمان پێویستییەتی.

وەك ئەو گیاندارەی کە بێچووەکەی لەدایك دەبێتو پاش کەمێك هانی ڕۆیشتنی دەدات بەو جەستە لاوازەوە کە بێچووەکە ناتوانێت خۆی لەسەر ڕابگرێت!

ئەگەر کەسێك نەشارەزا بێت، وا هەست دەکات، ئەمە بێڕەحمییە! لە کاتێکدا ئەمە گەورەترین خەڵاتی دایکەکەیە بۆ بێچووەکەی.

بە هەمان جۆر ڕەحمەتی خودا بۆ مرۆڤەکان، جگە خودا کەم کەس هەست بە حیکمەتی دەکەن.

کاتێك کە دڵخۆشییەکانت لا ئاسایی دەبێتەوەو وەختە تامو چێژیان لەلات کەم ببنەوە، خەریکیت بۆ بەرزتر دەڕوانیتو لات وایە بەدەستهێنانی زیاترو سامانی زۆرتر، دڵخۆشی دەهێنێت، ئیتر کاتی ناردنی ئەو ڕەحمەتەیە لەلایەن ئەوەوە بۆت؛ بۆئەوەی بەئاگات بهێنێتەوە، تۆ چەندە بەختەوەریت.

لەشساغیت بیر دەچێتەوە لەوەی لەمێژە تووشی ئازار نەبوویتو بیرت کردووەو لە بەرامبەر پێچەوانەی نەخۆشییەکەشت بیرچۆتەوە، کە هەمان ئازارە؛ چونکە تۆی مرۆڤ، لە خۆبایی دەبیت.

بەڵام خودا لەم بەڵایەش بەدوورت دەگرێتو تووشی ئازارێکت دەکات، کە لە توانای تۆدا هەبێت، تا بە بیرت بێتەوە نیعمەتی لەشساغیت پێدرابوو، وەخت بوو لە بیری بکەیت! یان لە هەوڵەکانتدا تووشی شکستت دەکات، بۆ ئەوەنا کە بێهیواییو بێئومێدی ڕووت تێ بکات، بەڵکو بۆئەوەی بەهێزتر بیتو پێت بڵێت، کە سەرکەوتن چەندە بەنرخو گرانەو دەستخستنی ماندووبوونی دەوێ...

گرنگە هەموان بزانین ئەوەی هەیەو نییە، تیشکێکن لەو ڕەحمەتانەی خودا بۆمانی ڕەوانە دەکاتو ئەوە ئێمەین بیناییو هەستو بیرمان سنووردارەو باشییەکانی پشت ڕووداوە ڕواڵەتییەکان نابینین!

بۆیە تۆ، چیتر کاتەکان بە خەیاڵی کارەساتەکانی ڕابوردوو بیرکردنەوە لە ئازارە ڕۆیشتووەکانو چاوەڕوانی بۆ پێشهاتەکان، بێبایەخ مەکە، هەرچی هاتە سەر ڕێمان، تیشکێکە لەو ڕەحمەتەی هەموان وێڵین بە دوایدا، بێئاگا لەوەی بەدەستمان کەوتووەو نازانین چ کاردانەوەیەکمان بۆی هەبێت!

بۆیە، پێویستە لە پێشهاتو ڕووداوەکان ڕابمێنینو حیکمەتەکان بدۆزینەوە؛ تا بتوانین فێر ببینو ئاسایی بین.

بۆئەوەی چەپکێك لە سوپاسگوزاری بە سۆزی دڵ بچنینو لە دڵەوە بیدەینە دەست خودایەك کە بێنیازە لە هەموو بوونێك؛ ئەوە هەر ئێمەین نیازمەندی هەموو سیفاتەکانی ئەوین لە هەموو کاتو زەمانێك.



# ئەی ڕۆڵەی شیرینم

هەر کاتێك ڕاوێژت کەم بوو، هەڵەت زۆر دەبێت، بـــەڵام ئەگەر ڕاوێژکردنت زۆر بوو؛ ئەوا ڕاستیو پێکاندنت زۆرتر دەبێت.

باوکی خۆشەویستت

# دانایی جوتیارێك



یەکێك لە پادشاکان بە مەبەستی پیاسەکردن و هەواگۆڕین لە کۆشك هاتەدەرەوە، لە شوێنێك لە دووری شار جوتیارێکی بینی زەوی دەکێلا زۆر دڵخۆش دیاربوو وە لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەچڕی.

پادشا بەم هەموو دەسەڵات و سەروەت و سامانەوە ئیرەیی بە ئاسودەیی ئەو جوتیارە داماوە برد، زیاتر لێی نزیك کەوتەوە لەگەڵ جوتیارەکە کەوتە گفتوگۆ...

پادشا: ئەی جوتیار زۆر دڵخۆش دیاری ئایا ئەم زەویە هی خۆتە ..!!!

جوتیار: نەخێر گەورەم . من بە کرێ لێرە کاردەکەم.

پادشا: چەند کرێ وەردەگری لەبەرامبەر کارەکەت ..!!!

جوتیار: گەورەم هەموو ڕۆژێك چوار درهەم وەردەگرم.

پادشا: ئایا ئەو بڕە پارەیە بەشت ئەکا..!!!

جوتیار: بەڵێ گەورەم بەشم ئەکاو لێشم زیاد ئەبێ.

پادشا: چۆن لێت زیاد ئەبێ ....!!!

جوتیار: درهەمێکی بۆ خۆم خەرج ئەکەم، درهەمێکی قەرزی پێ ئەدەمەوە، درهەمێکی تر بە قەرز ئەدەم، درهەمێکی تریش لە پێناوی خودا سەرفی ئەکەم .

پادشا: من باش تێنەگەیشتم دەتوانی زیاتر بۆم ڕوونبکەیتەوە..!!!

جوتیار: گەورەم ئێستا بۆت ڕوونئەکەمەوە ...

درهەمێکی بۆ خۆم و خێزانەکەم سەرفی دەکەم، ئەو درهەمەی قەرزی پێ ئەدەمەوە بۆ دایك و باوکمی سەرف دەکەم من قەرزاری ئەوانم، ئەوان منیان گەورە کرد پارەی زۆریان لە من خەرج کردووە، ئێستا ئەوان پیر بوون توانای کارکردنیان نەماوە، من ئێستا هەوڵ ئەدەم قەرزەکەیان بدەمەوە .

ئەو درهەمەی بە قەرز ئەیدەم لە منداڵەکانمی سەرف ئەکەم، خواردن و پۆشاکیان بۆ ئەکڕم تا ئەو کاتەی گەورە ئەبن ئەو ساتە ئەوانیش قەرزەکەی من ئەدەنەوە، درهەمەکەی تریش کە لە پێناوی خودا ئەیبەخشم ئەیدەم بە دوو خوشکە نەخۆشەکەم.

پادشا دوای بیستنی دەست خۆشی لە جوتیارەکە کردو بڕێك پارەی تری دا بە جوتیارەکەو گوتی ,, من ئەمڕۆ حیکمەتێکی گرنگ لە پیاوێکی سادەی وەك تۆوە فێر بووم، وانەیەکت فێرکردم هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.

وأحسن كما أحسن الله إليك

**چاکە لەگەڵ بەندەکانی خودا بکە هەر وەک**
**چۆن خوا چاکەی لەگەڵت کردووە**



# هەڵوێستی هەیاسی لاو لەگەڵ قازی دیمەشق..

هەیـــاس لاوێکــی تازەپێگەیشــتوو بوو، ســاڵ لــە دوای ســاڵ ئەزموونی زیاتــری پەیدا دەکردو ناوبانگــی زیاتری دەردەکرد، بــەردەوام ناوبانگی زیرەکیو لێهاتووییەکەی، زیاتر تەشەنەی دەکرد، یەکێــك لە زانــاکان لە بارەی هەیاســەوە دەڵێت: هەر سەد ســاڵێك کەسێك لە دایك دەبێت، کە لە هەمووان زیرەکتــرو لێهاتووترە، ئەو دەڵێت: ئەو سەدەیەی کە هەیاسی تێدا لەدایك بووە، ئەو کەسە هەیاســە کە لە سەدەیەکدا یەك کەسی تێدا دێتە دونیــاوەو هەمووان بە زیرەکــیو لێهاتووییەکەی سەرسام دەبن!

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی شــەوزەب: دەڵێت: هەموو ســەد ســاڵ جارێك کەسێکی کامڵ عەقڵو ژیری لەدایــك دەبێت، ئێمە وای دەبینین هەیاس ئەو کەسە بێت!

جارێکیان هەیاس دەڕوات بۆ دیمەشــق، لەگەڵ یەکێــك لــە شــێخەکانی خەڵکی شــام، لەســەر یەکێك لــە مافەکانی، ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، دوای مشــتومڕێکی زۆر ناگەنــە ئەنجــام، ناچار کێشەکەیان دەبەنە لای قازیی دیمەشق، لەبەردەم قازیــدا هەیــاس زۆر بوێرانە، بەرگــری لە مافی خــۆی دەکاتو دەیەوێــت بیســەلمێنێت کە حەق بە هەیاســە، لەبەرئەوە بە دەنگی بەرزو دلێرانە قســە دەکات.. قازی، قسەکان بە هەیاس دەبڕێتو دەڵێت: ئەی لاو دەنگت نزم بکەرەوە، ڕکابەرەکەی بەرامبەرت کەسێکی گەورەو بەساڵاچووە، پێویستە ڕێــزی لــێ بگریت، هەیــاس لە وەڵامــدا دەڵێت: گەرچــی ئەو تەمەنی گەورەیــە، بەڵام حەق لەو گەورەتــرە، بەم وەڵامە، قــازی زۆر تووڕە دەبێت، هەربۆیە بەتووڕەییەوە دەڵێت: بێدەنگ بەو قسە مەکە!

هەیــاس بە ئارامــی دەڵێت: ئەگــەر من بێدەنگ بــم، کــێ لەبری مــن بەرگری لــە مافەکــەم بکات، قازی بەم وەڵامەش زیاتــر تووڕە دەبێت. لەبەرئەوە بەتووڕەییــەوە پێی دەڵێت: لەو کاتــەوەی هاتوویتە دادگاکــەی من، جگە لــە باتڵو ناڕەوا، یەك قســەی حەقت نەکردووە.

هەیاس زۆر لەســەرخۆ دەڵێــت: (لا إله إلا الله وحده لاشــريك له)، ئایا ئەمــە حەقە، یان باتڵە جەنابی قازی؟

قازی بەم وەڵامە ئارام بوویەوە گوتی: ســوێند بە پەروەردگاری کەعبە حەقە!

هەندێکجــار مــرۆڤ لــە تەمەنــی منداڵیــدا بەڵگەیەك، یان وەڵامێکی بەجێ پێشکەش دەکات، کە هەرگیز بە سەروەتو سامان ناخەملێنرێت!



# خودا کەس لەبیرناکات..

کابرایەکـی دەوڵەمەنـد ووتـی کاتـی بانـگ بـوو لام دا مزگەوتێك بـۆ نوێژکردن و یەکـەم جار بوو بچمە ئـەو مزگەوتە، کە چوومـە ژوورەوە بینیم یەکێـك زۆر بەکوڵ دووعـا دەکات و دەپاڕێتـەوە و دەڵێ خودایە هەر ئەوەندەم دەوێ زۆر زۆر پێویستیم پێیە و دەبـێ پێم ببەخشـی، دەڵـێ منیش دوای نوێژ لێم پرسـی کابرا چیـت لێ قەوماوە وا بەکوڵ دەپاڕێیەوە؟ ئەویش ووتی خێزانەکەم نەشـتەرگەری بۆ دەکرێ و پێویستم بە پێنج سـەد دۆلارە و یـەك دیناریشـم لەماڵ نییە، دەڵێ منیش دەفتـەری چەکەکەم لەگیرفانم دەرکـرد و گووتم ئـەوە چەکی پێنج سـەد دۆلار، بڕۆ لەبانك وەری گرە و کارەکەت پێی جـێ بەجـێ بکە ئەوە دیاری منـە بۆ تۆ !!! دەڵێ کابرا لەخۆشـیان یەکسەر هەستا و ڕای کرد و لەبەرەخۆی دەیووت نەمووت خودا بۆم دەنێرێ ئەی خوایە زۆر سـوپاس بۆ تۆ، دەڵێ بانگـی کابرام کردەوە ووتـم وەرە کابرا ئەوە کارتی ناونیشـانی منە هەرکاتێك پێویستیت بەهەرچی بوو پەیوەندیم پێوە بکە .... دەڵێ گووتی زۆر سـوپاس کارتی تۆم ناوێ چونکە کارتەکە سەرم لێدەشێوێنێ و ژیانم تێك دەدا و خودا لەبیردەکەم،،، من هەرکاتێ پێویستم بەهەرچیەك بێت لەخـودا ئەپاڕێمەوە تۆش نەبێ سـەدانی وەکو تۆم بـۆ ئەنێرێ و ڕێی ئەگۆڕێ و دێتـە لام تاوەکو هاوکاریم بکات... من لەتۆ ئەپرسـم تۆ چـۆن ڕێت کەوتە ئەو مزگەوتـە ؟ ماڵت لەم ناوەیە ؟ ووتی نەخێر خۆشم نازانم بۆ لێرە لام دا .

کەواتە...هەمـوو کات دەرگای خـودا بەرمـەدەوە و نائومێـد مەبـە خـودا کەس لەبیرناکات..

إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ

# هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودا ستەمێکی گەورەیە.!

الشــرك: واتە: هاوەڵێك بــۆ خوای گەورە پەیــدا بکەیت لە پەروەردگاریتی یان لە خوایەتی یــان لــە نــاو و ســیفەتەکانی، ئەگــەر بێــت و مروڤێــك بــاوەڕی وابێت لەگەڵ خــوای گەورەدا پەروەردگارێکــی تــر یــان یارمەتیدەرێکی هەیە ئەو کەسە بە موشریك دادەنرێت، هەرکێ باوەڕی وابێــت کەســێکی تر هەیە جگە لەخــوای گەورە شایەنی پەرستنە ئەوکەسە موشریکە، هەرکەسێك باوەڕی وابێت خوای گەورە هاوشــێوەیەکی هەیە لە ناو و سیفەتەکانیدا ئەو کەسە موشریکە.

**ترسناکیی هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا:**

١. هــاوەڵ بۆ خــوا پەیداکردن ســتەمێکی گەورەیــە، چونکە دەســت درێژییە لەســەر مافی تایبــەت بەخوای گــەورەوە کە یەکتاپەرســتیە، یەکتاپەرستی ئەوپەڕی دادگەرییە، هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان گەورەترین ســتەم و ناشیرینترین کارە، چونکە کەمکردنەوەیە بۆ پەروەردگاری جیهانەکان و خۆبەزلزانینە لە گوێڕایەڵی کردنی، پێدانی ئەو مافەیە بۆ کەسێکی تر و، هاوتاکردنەوەی کەسێکی ترە بە زاتی ئەو پەروەردگارە مەزنە، ئینجا لەبەر گەورەیی و ترســناکی ئەم کردەوەیە هەرکێ بەو شــێوە بچێتە لای پــەروەردگاری، خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش نابێــت و، وەکو فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ النساء: ٤٨

٢. هاوەڵ بۆ خوا دانان گەورەترین گوناهە، چونکە هەرکێ جگە لە خوای گەورە کەســێکی تر بپەرستێت ئەوە خواپەرستنی لەجێگەی نەشیاوی خۆیدا دانــاوە و، داوێتی بەکەســی ناشایســتەی خــۆی، ئەوەش بێ گومان ســتەمێکی گەورەیە و، وەکــو خوای مەزن دەفەرموێــت﴿ وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ لقمان: ١٣

٣. هــاوەڵ بۆخــوا دانانی گەورە (الشــرك الاكبر) هەڵوەشــێنەرەوەیە بۆ هەموو کردەوەکان، هۆکاری تیاچوون و خەسارۆمەندیشــە بۆ بەندە، یەکێکە لە گەورەترین گوناهەکانیش:

- خــوای گــەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥﴾ الزمر: ٦٥

- لــە ( ابی بکــر)ەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتــی: پێغەمبەر دروودی خوای لەســەر بێت فەرموویەتی: أَلا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الكَبَائِرِ ؟

ثَلاثاً. قالُوا: بلَى يا رَسُولَ اللّٰه. قَالَ: الإشْرَاكُ باللّٰه. وَعُقوقُ الوَالِدَيْن. وَجَلَسَ وَكَانَ مُتّكِئاً أَلا وَقَولُ الزُّوْر قَال: فَمَا زَالَ يُكَرِرُهَا حَتّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ. (متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (٤٥٦٢)، واللفظ له، ومسلم برقم (٧٨).)

واتە: ئایا هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی گەورەترین تاوان؟ سێ جار، وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: هاوەڵ بۆ خوا دانان و خراپەکردن بەرانبەر دایك و باوك، ئینجا دانیشت لەپاش ئەوەی ڕاکشابوو فەرمووی: بەڵێ شایەتی درۆیش، ئەوەندە دووبارەی کردەوە تاکو وتمان خۆزگە بێ دەنگ بوایە.

## خراپی و ناشیرینیی هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا:

خوای گەورە باسی چوار خراپی هاوەڵ بۆخوا دانانی کردووە لە چوار ئایەتدا و فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾ النساء: ٤٨

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾﴾ النساء: ١١٦

﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾ المائدة: ٧٢

﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾﴾ الحج: ٣١

## سزای ئەو کەسانەی هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن:

١. خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا۟ بَيْنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا۟ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ حَقًّا ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٥١﴾﴾ النساء: ١٥٠ – ١٥١

٢. لە ( عبدالله بن مسعود)ەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللّٰهِ نِدّاً دَخَلَ النَّارَ. متفق عليه

واتە: هەرکێ بمرێت و هاواری بەکەسێك جگە لەخوای گەورە کردبێت دەچێتە دۆزخەوە، متفق عليه(متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (٧٩٤٤)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢٩).).

## بناغەی هاوەڵ بۆ خوا دانان:

بناغە و بنچینەی ئەو کارە نابەجێیە پەیوەست بوونە بە جگە لەخوای گەورە، هەرکەسێك پەیوەستبێتە کەسێکەوە جگە لەخوای گەورە، خوای گەورە دەیداتە دەستی ئەو کەسەوە و سزای دەدات و پشتی بەردەدات و، ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی سەرزەنشت کراو و پشت بەردراو و بێ پشت و پەنا، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴿٢٢﴾﴾ الإسراء: ٢٢

## تێگەیشتن لە تاوانی شەریك بۆ خوا بڕیاردان:

هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان لە ناو سیفەتەکانیدا... یان لە حوکمدا، یان لەپەرستراویدا، هەموو ئەم بەشانە هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە.

یەکەمیان هاوەڵ دانانە لە پەروەردگارێتیدا،

دووەمیشـــیان لـــە گوێڕایەڵیدا، سێیەمیشـــیان لە پەرستندا.

خوای پەروەردگار خۆی پەروەردگاری بەرز و مەزنە و بەتەنها خۆی داهێنەری هەموو شتێکە.

هاوەڵ بۆ خوا دانان لە حوکمکردنیدا وەکو هاوەڵ دانانە لە پەرسـتنیدا، هەردوکیان شیرکی دەرکـەرن لە ئایینی ئیسـلام، چونکە پەرسـتنی تەنهـا مافی خوای گـەورە خۆیەتـی بەبێ هیچ هاوەڵێك، وەکو فەرموویەتی﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ الكهف: ١١٠

، حوکمکردنیش تەنها مافی خوای گەورەیە وەکـو فەرموویەتـی﴿ لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَبْصِرْ بِهِۦ وَأَسْمِعْ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾﴾ الكهف: ٢٦

هەرکەسـێکیش شوێنی ڕیسـا و ڕێبازێك بکەوێت جگە لەوەی خـوای گەورە دایبەزاندووە ئـەوە کوفـر و بـێ باوەڕیە بـە خوای گـەورە، پەروەردگاری ئەو کەســش ئەو ڕێسا و یاسایە کە ئیبلیس لەسەر زاری لایەنگرانی دایناوە لە بێ بـاوەڕان وەکو خوای گـەورە دەفەرموێ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾﴾ التوبة: ٣١

پەرسـتنی شـەیتانیش بریتییـە لـە شـوێنکەوتنی یاسا و ڕێسای شـەریعەتەکەی، کە خەڵکی پێ ڕادەکێشێتە ناو شیرك و بێ باوەڕیەوە.

خـوای گـەورەش لـەم دوژمنـە وریامانی کردۆتـەرە بـەوەی کە فەرموویەتـی : ﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُواْ ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾﴾ يس: ٦٠ - ٦١

ئەو بێباوەڕانەش کە کڕنووش بۆ بۆ بتەکان دەبەن بێبـاوەڕ و خراپەکارن، جا ئەگەر حوکمی خوای گەورەشـیان گۆڕی و بوونە شوێنکەوتووی شـەریعەتی شەیتان ئەوە بێ باوەڕیەکی ترە زیاد لەسەر بێ باوەڕیەکەی یەکەم جاریان وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوٓءُ أَعْمَٰلِهِمْ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾ التوبة: ٣٧

## بەشەکانی هاوەڵ بۆ خوا دانان

هاوەڵ بۆ خوا دانان دوو جۆرە:

گەورە و بچووك.

١. هاوەڵ بۆخوا دانانی گەورە کە ئەنجامدەری لە ئیسلام دەردەکات و هەرچی کردەوەکانی هەیە هەڵیدەوەشێنێتەوە و، خوێنی خاوەنەکەی حەڵاڵ دەکات و، بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە ئەگـەر بمرێـت بەبـێ گەڕانەوە بـۆ لای خوا و پاشـگەزبوونەوە لەو کارانەی، ئەو جۆرە شـیرکە بریتیە لە ئاڕاسـتەکردنی پەرستن یان هەندێکی بۆ کەسێك جگە لەخوای گەورە، وەکو هاوار کردن بە کەسـێك جگە لەخوای گەورە و قوربانی کردن و نەزر کردن و هاوارکردن بە کەسـێك بۆ کارێك کـە تەنها لە توانای خوای گەورەدایە، وەکو داوای دەوڵەمەندی و چاکبوونەوە لە نەخۆشـی و باران بارین و کاری لەو جۆرە کە نەفامە گۆڕپەرستەکان لـەلای گـۆڕی پیاوچاکاندا ئەنجامـی دەدەن، یان لەلای بت و دار و بەرد و شتی تر.

چەند نموونەیەك لە شیرکی گەورە:

- ترس لەکەسـێك جگە لەخـوای گەورە: وەکو ئەوەی بترسـێت لـە بەردێك یان بتێك یان تاغـووت و مردوو و نادیـار و جنۆکە و مرۆڤێك کە زیانی پێ بگەیەنن.

ئـەم جۆرە ترسـە لـە بەرزتریـن پلە و پایەکانـە، بۆیە هەرکێ ئەو ترسـە تایبەت بکات بە کەسـێك جگە لە خوای گەورە هاوەڵی بۆ خوا

داناوە و تووشی ( الشرك الأكبر) بووە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۝١٧٥ ﴾ آل عمران: ١٧٥

- پشت بەستن بە کەسێك جگە لەخوای گەورە:

پشت بەستن بە خوای گەورە لە هەموو کاروبارەکاندا و لە هەموو باروودۆخەکاندا یەکێکە لە گەورەترین خوا پەرستنەکان کە پێویستە تەنها ئاڕاستەی خوای گەورە بکرێت، هەرکێ پشت بەکەسێ ببەستێت جگە لە خوای گەورە لە شتێکدا کە تەنها لە توانای خوای گەورەیە وەکو پشت بەستن بە مردووەکان و نادیارەکان بۆ دوورخستنەوەی زیان و، بەدەستهێنانی سوود و ڕۆزی، ئەو کەسە هاوەڵ بۆخوادانانی هەرە گەورەی ئەنجام داوە.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۝٢٣ ﴾ المائدة: ٢٣

- هاوەڵ بۆ خوا دانان لە خۆشەویستیدا:

خۆشویستنی خوای گەورە پێویستە هاوکات لەگەڵ ئەوپەڕی ملکەچی و گوێڕایەڵیدا بێت، پێویستە پاك و بێ گەرد بێت و نابێت هیچ کەسێکی تری تێدا بەشدار بێت، هەرکێ شتێکی لەگەڵ خوای گەورە وەکو ئەو خۆشویست ئەوە هاوەڵی بۆ خوا داناوە لە خۆشەویستی و مەزنراگرتنی پەروەردگار.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۝١٦٥ ﴾ البقرة: ١٦٥

- هاوەڵ بۆ خوا دانان لە گوێڕایەڵیدا:

وەکو گوێڕایەڵیکردنی زانا و سەرکردە و فەرمانڕەوا و سەرۆکەکاندا لە حەلاڵ کردن و حەرام کردن، لە قەدەغە کردنی ئەوەی کە خوای گەورە حەلاڵی کردووە یان بە پێچەوانەوە، هەرکێ گوێڕایەڵی ئەوجۆرە کەسانە بکات ئەوانی کردووە بە هاوبەش لەگەڵ خوای گەورە لە شەریعەت داناندا، ئەوەش شیرکی هەرەگەورەی پێ دەوترێت.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ۝٣١ ﴾ التوبة: ٣١

ئەی ئەو کەسەی کە سەروەت و سامان بۆ میراتگرەکانت کۆدەکەیتەوە، دوای مردنی خۆت چ سوودێك لەو سەروەت و سامانە وەردەگریت!

ئەبولعەتاهیە

# بەشەکانی نیفاق



١. نیفاقی گەورە: کە بریتی یە لە نیفاقی بیروباوەڕ بەوەی کە کەسێك بە ڕواڵەت موسوڵمانی پیشان بدات و لەناخەوە بێ باوەڕ بێت، ئەوکەسەی ئەمە حاڵی بێت کافرە و لە بنی بنەوەی دۆزەخدایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا ١٤٥ ﴾ النساء: ١٤٥

٢. نیفاقی بچووك: کە بریتیە لە نیفاق لە کردەوەکان و شتی لەو شێوە، ئەنجامدەریشی لە ئایینی ئیسلام دەرناچێت بەڵام بە یاخی بوو لە خوا و پێغەمبەر دادەنرێت.

لە عەبدوڵڵێی کوڕی عەمر ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: أَرْبَعٌ مَنْ كُنّ فِيْهِ كَانَ مُنَافِقاً خَالِصاً، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيْهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا : إِذَا ائْتُمِنَ خَانَ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ. متفق عليه. [ متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (٤٣ )، واللفظ له، ومسلم برقم (٨٥ ).] واتە: چوار شت هەیە لەهەرکەسێکدا هەبێت موونافیقی تەواوە، هەرکەسێکیش یەکێکی تێدا بێت بەشێك لە موونافیقی تێدا، تاوەکو ئەوکاتەی وازی لێ ئەهێنێت: ئەگەر متمانەی پێ بکرێت ناپاکی دەکات، ئەگەر قسەش بکات درۆی تێدا دەکات، ئەگەر پەیمان بدات پەیمانەکەی دەشکێنێت، لەکاتی مشت و مڕیشدا بێ ئابڕووە.

٣. هاوەڵ بۆ خوادانانی بچووك: ئەم جۆرە لە شەرعدا ناونراوە ( شرك)، بەڵام ناگاتە ئاستی ( الشرك الأكبر) لە یەکتاپەرستی کەم دەکاتەوە بەڵام خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات، بە ڕێگەیەکیش دادەنرێت بۆ شیرکی گەورە، حوکمی ئەنجامدانیشی وەکو حوکمی تاوانبارە یەکتاپەرستەکانە و، خوێ و ماڵی پارێزراوە.

هاوەڵ بۆ خوا دانانی گەورە هەڵوەشێنەرەوەی هەموو کردەوەکانە.

بەڵام هاوەڵ بۆ خوادانانی بچووك ( الشرك الأصغر) هەڵوەشێنەرەوەیە بۆ خودی ئەو کردەوەیە کە ئەنجامی داوە، وەکو ئەوەی کردەوەیەکی کردبێت مەبەستی سوپاس و ستایشی خەڵکی بێت، بۆ نمونە نوێژەکەی زۆر بە جوانی ئەنجام دابێت یان بەخشینی

کردبێت یان نوێژەکەی زۆر بەجوانی کردبێت یـان ڕۆژووی گرتبێـت بەمەبەسـتی ئەوەی خەڵکی تەماشای بکەن یان گوێی لێبگرین یان ستایشـی بکەن، ئەمە ڕوپاماییە و کردەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەقورئانی پیرۆزیشـدا وشـەی شـیرك هەمیشـە بە واتای شـیرکی گـەورە هاتووە، بەڵێم جۆری بچووك لە سـوننەتی ( متواتر) دا باسکراوە.

- خـوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ الكهف: ١١٠

- لە (ابو هريـرە) ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەر درووديِ خوای لەسـەر بێت فەرموویەتـی: قَـالَ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَنَا أَغْنَى الشُّـرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْـرَكَ فِيهِ مَعِـي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِـرْكَهُ. [أخرجه مسلم برقم (٥٨٩٢)].

واتە: خـوای گـەورە فەرموویەتی: من لە هەموو کەسـێك بێ نیازتـرم لە هاوبەش هەرکێ کردەوەیەك بکات مەبەسـتی کەسێکی تـر بێت لەگەڵمـدا وازی لێئەهێنم و خۆی و ئەو کەسەی کردوویەتی بە هاوبەشی من.

سـوێندخواردن بە کەسـێك یان شتێك جگـە لە خوای گەورە هـاوەڵ بۆ خوا دانانی بچووکە، ئەگەر کەسـێك بڵێت: ئەوەی خوا و فلانە کەس بیانەوێت، یان ئەگەر فلێن و خوا نەبوایـە، یـان ئەمە لە خوا و لـە تۆوە بوو، یان کەسـم نیە جگە لە خوا و فلێنە کەس و قسەی لەو شێوە، هەمووی ئەمانە بە (الشرك الأصغر) دادەنرێت، پێویستە ئەو کەسە بڵێت: ئەوەی خوای گەورە ویستی لەپاش ئەو فلانە کەس ویستی.

٣- ڕەشـبینی و شـووم تەماشـاکردن لەکاتی بینینی هەندێك باڵندە یان کەس یان جێگە و شـتی لەو شـێوە، ئـەوەش هاوبەش بۆ خوا بڕیاردانە، چونکە وابەسـتەبوونە بە شـتێك یان کەسـێك جگە لە خـوای گەورە، واتـە: بـاوەڕی وابێت زیانێکی لەکەسـێکەوە بەرکەوێت لەکاتێکدا ئەو کەسـە بۆخۆیشـی هیچ زیان و سـوودێکی بەدەست نیە، ئەوەش لە گومان و وەسوەسـەی شـەیتانە و ناکۆکە لەگەڵ پشت بەخوا بەستن.

٤- بەپیرۆز تەماشـاکردنی دار و کەس و شوێنەوار و گۆڕ و شتی لەو شێوە، بۆیە بە پیرۆز تەماشـاکردن و تکاکردن و باوەڕبوون بەو جۆرە شـتانە هاوەڵ بۆ خـوا بڕیاردانە، چونکە پەیوەست بوون و چاوەڕوانی پیرۆزیە لە کەسێکەوە جگە لە خوای گەورە.

٥- جـادوو: بریتـی یە لەو شـتەی کە شـاراوەیە و هۆکارەکەی نادیارە، وەکو نوشتە و جۆرێـك لـە قسـەکردن و دەرمـان، ئیتر کاریگەری دەبێت لەسەر دڵ و لاشە، لەوانەیە ببێتـە مایـەی نەخۆشـی و کوشـتن، یـان جیاکردنـەوەی نێوان ژن و مێـرد، ئەوانەش کردەوەیەکی شەیتانین.

جادوو هـاوەڵ بۆ خـوا دانانە، چونکە پەیوەسـت بوونـی تێدایە بە کەسـێك جگە لە خوای گەورە وەکو شـەیتانەکان، هەروەها بەهۆی بانگەشەکردن بۆزانینی زانستی شاراوە.

یەکێکیـش لـە جۆرەکانـی جـادوو: (سـیرك)ە، کە نمایش دەکرێت لەسـەر شانۆ و کەناڵـەکان، ئەوکـردارەش حەرامە ئەنجام بدرێـت یـان تەماشـا بکرێت یان پـارەی بۆ خەرج بکرێت، یـان بکرێتە هۆکارێك بۆ ماڵ بەدەست هێنان.

خوای گـەورە دەفەرمویێت: ﴿ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ﴾ البقرة: ١٠٢

٦- ڕمـڵ لێـدان و جادووگـەری: کـە بریتییە لە بانگەشـەکردنی زانینی زانسـتی نادیار وەکو هەواڵ دان دەربارەی ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن لەسـەر زەویدا بە پشت بەستن بـە شـەیتانەکان، ئـەوەش هـاوەڵ بـۆ خوا بڕیاردانە، چونکـە نزیکبوونەوەی تێدایە لە کەسـێك جگە لە خوای گەورە و، بانگەشـەی

ئـەوە لەخـۆ دەگرێت کە کەسـانێك دەتوانن هاوبەشی زانستی خوای گەورە بن.
( ابــو هريــرة) ڕەزای خــوای لێبێــت: پێغەمبــەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:
( مَنْ أَتَى كَاهِناً أَوْ عَرَّافاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ. [صحيح/ أخرجه أحمد برقم ( ٩٣٥٩ ). وهذا لفظه. وأخرجه الحاكم برقم ( ٥١ )]
واتــە: هەرکێ بچێتە لای ڕەمڵ لێدەرێك یــان فاڵچییــەك و باوەڕ بە قســەکانی بکات، ئەو کەســە بێ باوەڕ بووە بەوەی کە بەســەر موحەممەد دا ﷺ دابەزیوە.

٧- ئەستێرەناسی: واتە ئاماژە وەرگرتن لەبارودۆخی گەردوونیی لەســەر ڕووداوەکانی سەرزەوی، وەکو کاتەکانی هەڵکردنی با و باران باریــن و، کەوتنــەوەی نەخۆشــی و مردن و، پەیدابوونی سەرما و گەرما و، بەرزبوونەوەی نرخ و شــتی هاوشــێوە، هەموو ئەوانە هاوەڵ بۆ خــوا دانانە، چونکــە جۆرێك لە هاوبەش پەیداکــردن بــۆ خــوای گــەورەی تێدایە لە هەڵسووڕاندنی گەردوون و زانستی غەیبدا.

٨- چاوەڕوانــی باران بارین بە جووڵەی ئەســتێرەکان: بۆنمونە بڵێــت: بەهۆی فلانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری، بارانەکە دەداتە پاڵــی ئەســتێرەکە نەك خوای گــەورە، ئەوە هــاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە، چونکە باران بارین تەنهــا بەدەســتی خوای گەورەیــە نەك هیچ کەس و شتێکی تر.

٩- نیعمەتێك بدرێتە پاڵ کەسێك جگە لەخــوای گــەورە، چونکە هەمــوو نیعمەتێك لە دونیاو لە قیامەتــدا لەلای خواوەیە، بۆیە هەرکێ بیداتە پاڵ کەسێکی تر ئەو کەسە بێ بــاوەڕی کرووە و هاوەڵی بۆ خوا داناوە، وەکو ئەوەی کەسێك مەســەلەی دەوڵەمەندیی یان چاکبوونەوە لەنەخۆشــی بداتە پاڵ کەسێکی دیارکــراو جگە لە خوای گەورە، یان نیعمەتی ڕێکردن و ســەلامەتی لە وشــکانی و دەریا و ئاســماندا بداتە پاڵ شــۆفێر و کەشــتیوان و فڕۆکــەوان، یان بڵــێ ئــەم نیعمەتانە و ئەم هێمنیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت یان کەسەکان یان بۆ ئالێ و شتی لەو شێوە.
پێویســتە هەمــوو نیعمەتــەکان تەنها لەخــواوە بزانرێت و تەنها سوپاســی ئەویش بکرێت، ئەوەش کە ڕوودەدات لەســەر دەستی هەندێــك لەخەڵکــی ئەوانە تەنهــا هۆکارن، لەوانەیــە بەرووبوومیــان هەبێت و لەوانەیە نەیانبێت.
خــوای گەورە دەفەرموێــت:﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ٥٣﴾ النحل: ٥٣
سوور بوونی پێشین لە سەر زیادکردنی ئیمانەکەیان:
١. عومەر خوا لێی ڕازیبێ بە هاوەڵەکانی دەوت: (تعالوا نزداد إيمانا).
٢. ئیبن مەســعوود دەیوت: (اجلسوا بنا نــزدد إيمانا) وە لــە دووعــاو پاڕانەوەکانیدا دەیوت: (اللهم زدني إيمانا ويقينا وفقها).
٣. وە مەعــاز خوا لێــی ڕازیبێ دەیوت: (اجلسوا بنا نؤمن ساعة).

## هۆکارەکانی زیادبوونی ئیمان:

١. فێربوونی زانســت و زانیاری (إِنَّمَا يَخْشَى اللَّه مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ).
٢. خوێندنــەوەی قورئــان و بیرکردنــەوە و تێگەیشــتن لێی ( إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ ).
٣. زانینــی نــاوە پیرۆزەکانی خواو ســیفاتە بەرزەکانــی، وە بەندایەتیکردنــی بەپێی ئەو ناسین و شارەزاییە.
٤. بیرکردنــەوەو ورد بوونــەی تــەواو لــە ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).
٥. بیرکردنەوە لە ژیان و بەسەرهاتی پێشینە چاکەکان.
٦. ورد بوونەوە لە باشــەو چاکەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.
٧. بیرکردنەوە لە ئایات و نیشانەو بەڵگەکانی گەردوون و بوونەوەر و بینینەوەی دەسەڵات و توانی پەروەردگار تێدایاندا.

٨. کۆشش کردن لە بەندایەتیدا، وە زۆر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وەك نوێژ، زەکات، چاکەکردن، ماڵ و سامان بەخشین، حەج و عەمرە کردن، یادکردنەوەی خوا، داوای لێبوردن کردن، پاڕانەوە، گەیاندنی بەزەیی و بەسەر کردنەوەی خزم و کەس و کار، وە کار وکردەوەیەکی زۆری تریش.

٩. گرنگیدان بە کارەکانی دڵ لە ترس، خۆشەویستی، ئومێد، پشت بەستن بە خوا و ئەوانی دیکەش.

٠١. چاکەکردن لەگەڵ بەندەکانی خوا.

١١. بانگەواز بۆ لای خوا بە دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ.

٢١. فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە بەپێی تواناو دەسەڵات.

٣١. بەشداریکردن لە کۆڕو دانیشتنەکانی ئەهلی خێرو چاکە.

٤١. پشت هەڵکردن لە کۆڕو دانیشتنەکانی خراپەکارو درۆو بوختان و شتانی دیکە.

٥١. خۆگرتنەوە لە زۆرخواردن، زۆر قسەکردن، زۆر خەوتن، زۆر تێکەڵاوی خەڵکی کردن.

٦١. چاوپۆشین لە ئاستی نامەحرەمدا.

٧١. خۆ بە پاك گرتن و بێنیاز بوون لەوەی لە دەستی خەڵکیە.

٨١. ڕاستی وتن لە قسەو گوفتاردا، چونکە ڕاستی ڕێنموونی چاکەو باشەت ئەکات.

٩١. سەیرکردنی بەرزتر لە خۆی لە کاروباری ئایینیدا، وە خوارتر لە خۆت لە کارو باری دنیاییدا.

### هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئیمان و باوڕ:

١. نەفامی و بێئاگایی.

٢. نەخوێندەواری و نەشارەزایی.

٣. پشت هەڵکردن و لە بیرچوونەوە.

٤. ئەنجامدانی کاری خراپ و تاوان.

٥. حەسوودی و چاوچنۆکی.

٦. هاوڕێی خراپ و بێ کەڵك.

٧. شەیتان و دەست و پێوەندەکانی.

٨. دەروونی فەرمان دەر بە خراپە و تاوان.

٩. دنیاو فیتنە ولە خشتە بەرەکانی.

٠١. بەرەڵاکردنی چاوو بۆ ڕوانینی ئەو شتانەی خوا حەرامی کردوون.

١١. بەرەڵاکردنی زمان بە باسکردنی خەڵکی لە پاشملەو بوهتان دروستکردن و کێشمەکێشم و بگرەو بێنەی بێ سوود.

٢١. گوێگرتن لەو شتانەی خوا تورە دەکەن وەك گۆرانی و قسەی درۆو شتانی تر.

٣١. زۆری خواردن و خواردنەوەو خەوتن و تێکەڵاوی.

**پاروویەکی وشك، هاوڕێ بە ئاشتیو پێکەوە گونجان، باشترە لە ماڵێکی پڕ خواردنی چەور، هاوڕێ بە ئاژاوەو ناکۆکی!**

**سليمان الحكيم**

پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی:
حەوت کردووە هەیە پاداشتەکانیان نەبڕاوەن، لەدوای مردنیش خێرو پاداشتەکەی هەر دەگاتە خاوەنەکەی:

**زانستی** فێر کەسێك کردبێت.

**ڕووبارێکی** بەڕێ کردبێت.

**بیرێکی** هەڵکەندبێت.

**دارخورمایەکی** چاندبێت.

**مزگەوتێکی** دروست کردبێت.

**قورئانێکی** وەك میرات بەجێ هێشتبێت.

**منداڵێکی** بەجێهێشتبێت کە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات.

# بۆچی خودا پلەو پایەی هاوەڵانی بەرز ڕاگرت؟

کاتێك کەسێك لێکۆڵەر تەماشای پەرتوکەکانی زانایانی موسوڵمان دەکات و لە دەرگای زاری هەر تاکێکی موسوڵمانی سەرڕاست و خواویست دەدات، باس باسی گەورەیی و فەزڵی هاوەڵانی پێغەمبەری خۆشەویستە(ﷺ)، بە جۆرێك چاوەکان شەیدای بینینیان و دڵەکان تامەزرۆی نزیکبوونیان و سینەکان شەیدای لەباوەشگرتنیان!

لەباسی کەرەم و پیاوەتی، ڕەوشتی جوان و سەنگینی، دامەزراوی و جوامێری، ئازایەتی و قارەمانی، بەرزییەکی بێ وێنەو شکۆیەکی گەش، مێژوویەکی پڕ سەروەرری و داستانێکی بێ هاوتا!

تۆ بڵێی ئەمە ئەفسانەیەك بێت و تاکی موسوڵمان خولقاندبێتی وەکو تەواوی ئەفسانەی گەلان و لە واقیعدا شتێکی وا بوونی نەبێت یان ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە؟!

ئێمە بۆ ئەم مەبەستە تیشك دەخەینە کۆتا ساتەکانی ژیانی هاوەڵێکی ئازیزو قەدرگران "خوبەیبی کوڕی عەدی" کاتێك گرۆی بێ باوەڕان بەڵێنی مانەوەیان پێ دەدەن و پەیمان دەدەن کە دەستیان بۆ نەبەن ئەگەر هاتوو ئەمان شەڕ نەکەن لەگەڵیاناو خۆیان ڕادەستیان بکەن، دوای ئەوەی کە خیانەتیان کردووە خستونیانەتە نێو تەڵەی ناپاکی و غەدر.

هەندێك لە هاوەڵانی خوبەیب متمانەیان پێ ناکەن و دەجەنگن تا خوێنی گەشیان دەڕژێت و دەگەنەوە بە خودای خۆیان، بەڵام خوبەیب لە دەستیان دەمێنێتەوەو پەیمانەکەیان نابەنە سەرو کۆتی دەکەن و بەرەو مەککەی دەبەن و وەکو کۆیلە دەیفرۆشنە بەنی حارس و ئەوانیش لەسەر کوشتنی هاورا دەبن!

بەڵێ بەو شێوەیە دەبرێتە مەککەو لەوێشەوە سوکایەتییەکی زۆری پێدەکەن و منداڵ و هەرزەکارو ژن و پیاوی مەککە دەکەونە گیانی بە لێدان و گاڵتەو ئیهانەپێکردن!

کاتێك وادەی لەسێدارەدانی نزیك دەبێتەوەو دەیانەوێ کۆتایی بە ژیانی بێنن داوای گوێزانێك دەکات تاوەکو خۆی پێ پاك بکاتەوەو بە پاکی بە خودای خۆی بگاتەوە، ئافرەتێك گوێزانێکی بۆ دەهێنێت تاوەکو کاری خۆی پێ بێنێتە پایان و خۆی پێ پاك بکاتەوە!

لەوکاتەدا ئافرەتەکە بەئاگا دێتەوە وا کۆرپەکەی دیار نییەو ترس دایدەگرێت ڕۆشتبێتە لای خوبەیبی زیندانی وا چاوەڕێی مەرگە! باشە دەبێ خوبەیب چۆن داخی دڵی خۆی بە مناڵ و نەوەکانیان بڕێژێت و لەت و پەتی بکات لەکاتێکدا کەس و کاری سوکایەتی نەماوە پێی نەکەن و کۆتا جاریش بڕیاریان داوە لە سێدارەی بدەن؟!

کاتێك ئافرەتەکە دەڕوات و نزیك دەبێتەوە دەبینێ وا کۆرپەکەی ئارام ئارام لە باوەشی خوبەیب دانیشتووە، خوبەییبیش کە شپرزی و پەرتەوازەیی لە جەستەی دایکەو ترسێکی زۆر لە ڕوومەتیا بەدی دەکات پێی دەڵێ: (أَتَخْشَيْنَ أَنْ أَقْتُلَهُ؟ مَا كُنْتُ لِأَفْعَلَ ذَلِكَ).

واتە: ئایا دەترسی بیکوژم؟ نا من وەها کارێك ناکەم!

خودایە ئەمە چ دڵێکە؟ ئەمە لە چ فێرگایەك فێربووە؟ چ مەنهەج و بەرنامەیەك وەها مرۆڤێکی پاك و بێگەرد پەروەردە دەکات، لە وەها ساتێکی حەساسدا نەفس و شەیتان زاڵ نابن بەسەریاو لە خشتەی نابەن، تا بکەوێتە وەها هەڵەیەك و زیان بەو منداڵە بگەیەنێت؟!

کێ توانای وەها پەروەردەیەکی هەیە بێجگە لەو ئاینە پیرۆزەی ئیسلام؟! بێجگە لە سوننەتی پڕ شکۆی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ؟!

ئا لێرەوە فێردەبین خودای گەورە بۆچی ئەوانی بەرزکردەوەو لە قورئانی پیرۆزدا لە باسیاندا دەفەرموێت:

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠ ﴾ التوبة: ١٠٠

لێرەوە بەدیار دەکەوێت بەهای مرۆڤبوون یانی چی، ئەوەیە مێژووی ئێمەو ئەوەیە کەسایەتیەکانمان، پێویستە ئەوانەی ئەمڕۆ بوون بە وتەبێژی مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤ بوونمان پێ دەفرۆشنەوە بەوانە دەیڵێنەوەو ڕەفتاری پێ ناکەن، بێن و بەچۆکدا لە خزمەت ڕەفتاری سەردارانی ئێمەدا ئەو وانانە بە کرداری فێربن.

خودایە لەو هاوەڵە بەرزە ڕازی ببەو وێنەی ئەومان لەنێودا زیندوو بکەرەوە و هەموومان بە ئاگا بێنەرەوە تا بیانکەینە سەرمەشق و مامۆستای خۆمان و لێیانەوە فێری ژیانکردنێکی تەندروست ببین.



# پلەو پایەی فەرموودە

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا خەڵکانێك دەرکەوتوون و بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە فەرموودە ئایین نییەو، پێویست ناکات گوێ بۆ بڕیارەکانی بگرین و گوێڕایەڵی بکەین، بەڵکو دەبێت سەرلەبەری ڕەت بکرێتەوە!

بێ خەبەر لەوەی کە چ کارەسات و نەنگییەك خۆی حەشار داوە لە دوو توێی وەها بانگەشەیەك، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم وتەیە ڕێگا خۆشکەرێکی گەورەیە بۆ ڕەتکردنەوەی قورئان و سەرلەبەری ئیسلام!

ڕەنگە لێرەدا پرسیار بکرێت: باشە چ دەگۆڕێ ئەگەر هاتوو فەرموودەمان ڕەت کردەوەو قەبوڵمان نەکرد؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: ڕەتکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەبێتە هۆی گیروگرفتی گەورە لە ئایینەکەمان و تێگەیشتن لێی وەکو خۆی، ئەو مەترسییانەشی کە دووچاری دەبینەوە هەندێکیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ئێمە چەندین واجبات و بنەماو پایەی ئیسلام و چۆنیەتیەکەیمان لە فەرموودەکانەوە وەرگرتووە، ئەگەر هات و فەرموودەکانمان بەلاوە نا، ئەوا نازانین چۆن خودا بپەرستین و بە چ شێوەیەك لێی نزیك ببینەوەو ئەرکەکانی سەرشانمان بەجێ بهێنین.

- بە ڕەتکردنەوەی فەرموودەکان ماناو مەبەستی چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز نازانین و لێمان شاراوە دەبێت، چونکە فەرموودەکان بونەتە هۆی ڕوونکردنەوەیان و ماناو مەبەستی درووستیان پێ وتووین.

- چەندین ئایەتی تر هەن پێویستیان بە زانینی هۆکاری هاتنە خوارەوەیانەو ئەوانەش لە کتێبەکانی فەرموودە باسکراون، ئەگەر هات و ئێمە فەرموودەمان ڕەتکردەوە دیسانەوە دووچاری گرفت دەبینەوە لە تێگەیشتنی ئەو ئایەتانە وەکو خۆی.

- فەرموودە بریتیە لە (٢٣) ساڵ ژیانی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)، کە لەم ماوەیەدا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی جێبەجێکردووەو تەفسیرکارێکی قورئانی پیرۆزبووە، بە کردەوەو گوفتار، ئیتر چۆن بانگەشە بکرێت کاری پێ نەکرێت و بەلاوە بنرێت.

ڕەنگە لێرەدا پرسیار بکەیت: باشە کاتێك فەرموودە هێندە گرنگە، بۆچی خودای گەورە لە قورئاندا باسی نەکردووە کە دەبێت شوێنی بکەوین و شەریعەتە؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: خودای گەورە باسی فەرمووە کە فەرموودە شەریعەتەو وەحییەو پێویستە شوێنی بکەوین لە چەندین ئایەتی پیرۆزی قورئاندا هاتووە، فەرموون با بچینە خزمەت هەندێك لەو ئایەتانە بە کورتی:

ئایەتی یەکەم: ﴿ قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾ التوبة: ٢٩

خودای گەورە بە ڕاستەوخۆ باسی ئەوە دەکات کە دوو کەس مافی ئەوەیان هەیە تەشریع بکەن و شتانێك حەرام بکەن: یەکێکیان خودای گەورەیە کە لە قورئاندا دەیکات، ئەوی تریشیان پێغەمبەری خۆشەویستە (ﷺ) کە بە فەرموودە دەیکات.

ئایەتی دووەم: خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَـٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَـٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَـٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ الأعراف: ١٥٧

ئەوەتانێ لێرەدا بە ڕاشکاوانە دەفەرموێت ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بۆی هەیە بڕیاری حەرام و حەڵاڵ بدات و تەشریع بکات.

بەو ئەندازەیە کۆتایی پێ دەهێنین و بۆ زێتر شارەزابوون بەو باسانەو بەڵگەی زێتر، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (دەریای تاوان) بە زمانی شیرینی کوردی نووسراوە لەو بوارە، تێیدا زۆر بەڵگە باسکراوەو وەڵامی زۆر گومانیشی تێدا دراوەتەوە.

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾ محمد: ٢٤



# چاکترین کلیل بۆ دڵەکان وورد بوونەوەیە لە قورئان

# جیاوازیی تێڕوانینی ئێمەو منداڵەکانمان!



زۆر جار گلەیی ئەوە دەکەین، کە لە هەڵسوکەوتی منداڵەکانمان ناگەین، یان منداڵەکانمان گوێ بە قسەکانمان نادەن.. لە کاتێکدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تێڕوانینی ئێمەو ئەوان بۆ شتو چەمکەکان.. ئێمە وا دەزانین کاتێك منداڵەکانمان ڕێنمایی دەکەین؛ لەوەی مەبەستمانە باش تێ دەگەن.. بۆئەوەی ئەم بیرۆکەیە زیاتر ڕوون ببێتەوە، ١٠ نموونە دەهێنینەوە، کە جیاوازیی بۆچوونمان هەیە لەگەڵ منداڵەکانمانداو ئێمە وا دەزانین ئەوان بە ئەنقەست بێگوێییمان دەکەنو ئێمەش سزابارانیان دەکەین.. ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەوان مەبەستیان لەم کارەیان سەرپێچیی ڕێنماییەکانی مە نییە، بەڵکو تێگەیشتنیان، لە تێگەیشتنی مە جودایە.

**١.جیاوازیمان لە چەمکی کاتدا:** لای ئێمە کات، بە چرکەو خولەك دەپێورێت، کەچی لای ئەوان کات یاریو سەرگەرمی دەپێورێت. لەبەرئەمە، ئەوان تا کاتێك چێژ لە یاری ببینن، کاتیان بۆ گرنگ نییە.. ئەمەش پابەندنەبوونیان بە داواکارییەکانمانەوە ڕوون دەکاتەوە، یان نوێژەکانیان دوا دەخەن؛ چونکە کاری لەپێشینە لایان، یاریکردنو سەرگەرمییە.

**٢. جێگا:** ئێمە پێداگری ئەوە دەکەین، کە دەبێت کەرەستەکانی یاری، یان کەلوپەلەکان لە جێی خۆیاندا بنو ڕێکوپێك دانرابن، تا سوودیان لێ وەربگرینو بەکاریان بهێنن، لە کاتێکدا بنەڕەت لای ئەوان جووڵاندنی کەرەستەو کەلوپەلەکانە؛ تا بزانن چی لە نێودایە، یان چی لە پشتەوەیە.. ئەوان سەرەتا کەرەستەو کەلوپەلەکان هەڵدەوەشێنن، پاشان بەکاری دەهێنن.. ئەمەش بەتایبەت بۆ منداڵانی قۆناغی دۆزینەوەو پشکنین، کە ساواییەوە دەست پێ دەکات، تا نۆساڵی.

**٣. گوڵبژێری لە گوێڕاگرتندا:** ئێمە گوێ لەو کەسەی قسەمان بۆ دەکات ڕادەگرین، جا قسەکانی بەدڵمان بێت، یا نا.. بەڵام منداڵەکانمان، ئەوە هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێت بیبیستن، بەتایبەت پاش تەمەنی پێنج ساڵی، جا ئەگەر داوای شتێکت لێ کرد، کە دڵخوازی ئەو نەبوو؛ ئەوا خۆی بە شتێکەوە خەریك دەکات، تا وەڵامی داواکارییەکەت نەداتەوە.

**٤. ئارامگرتن:** ئێمە ئارامگریو پشوویەکی گەورەو

دریژمان هەیە؛ چونکە ئێمە، چاومان لە ئەنجامە دواییەکانی ئارامگرییە.. کەچی ئەوان پێداگری زۆر دەکەنو سەبرو پشوویان کورتە؛ چونکە چەمكو مانای ئارامگری لای ئەوان جودایە.

**٥. یاری:** لای ئێمە یاری، یا تاکلایەنەیە، یا بە کۆمەڵە.. بەڵام لای ئەوان یاری دابەش دەبێت بۆ چوار بەش؛ تاکلایەنە، بە کۆمەڵ، هاوکاری، یان تەماشاچێتییە.

**٦. پەیوەندیکردن بە چاو:** کاتێك قسەیان لەگەڵدا دەگەین، بە چاو سەیریان ناکەین، ئێمە وا دەزانین پەیوەندیو ئاڵوگۆڕی قسەمان هەیە لەگەڵیاندا.. لە کاتێکدا ئەوان کە دەبینن بە چاو ئاگامان لێیان نییە، وا دەزانن بایەخ بە قسەیان، یان بە خۆیان نادەین.

**٧. زمانی جەستە:** کاتێك قسەیان لەگەڵدا دەکەین، دەربڕینی زۆرترمان بە قسەیە، تا بە جەستە.. کەچی ئەوان زیاتر بە جەستە گوزارشت دەکەن، تا قسە.. ئیدی وا دەزانین ئەوان گوزارشت لە ناخیان ناکەن.

**٨. هاوڕێی خەیاڵی:** کاتێك منداڵەکانمان دەبینین، وا خەیاڵ دەکەن، لە کاتی یاریکردندا هاوڕێیەکیان لەگەڵدا، یان کە دەچنە تەوالێت قسە لەگەڵ خۆیاندا دەکەن، وا تێ دەگەین، شتێکیان هەیە، یان کارێکی هەڵەیان کردووە، لە کاتێکدا ئەوان خۆشییان لە ڕەهاکردنی خەیاڵیانو درووستکردنی هاوڕێی خەیاڵی دێت؛ تا قسەو یاریی لەگەڵدا بکەن.

٩. تەنگپێهەڵچنین: جاروبار ئێمە، بە شێوازی داهێنانی قژی منداڵەکەمان، یان ڕەنگی پۆشاکەکەی پێ دەکەنین، بە نیازی ئەوەی بەم پێکەنینەمان، بە هەڵەکەی بزانێت.. کەچی ئەو، بە سووکایەتیو ڕووزەردی تێی دەگات.

**١٠. یاریکردن بە ئەندامە هەستیارەکانی:** ئێمە وای تێ دەگەین، کە هەڵسوکەوتێکی هەڵەیەو بابەتەکە گەورە دەکەین، وا خەیاڵ دەکەین تەماشای وێنەیەك، یان فیلمێکی نەشیاوی کردووە، یان تووشی گێچەڵی سێکسی بووە، لە کاتێکدا ڕەنگە خورانێك، یان گەرمییەك هەست پێ بکات، یان کاتێك یاری بە ئەندامە هەستیارەکانی دەکات، نیگەرانی ئێمەی دیوە، بۆیە حەز دەکات زیاتر پەرۆشو نیگەرانمان بکات، تا زیاتر بایەخو گرنگی پێ بدەین.

پاش باسکردنی ئەم ١٠ چەمكو مانایەی لەگەڵ منداڵەکانماندا، لە تێگەیشتنیاندا جیاوازیمان هەیە، پێویستە بپرسین: چی بکەین تا تێنەگەیشتن لە منداڵەکانمان بەردەوام نەبێتو سەرەنجام پەیوەندیمان بپچڕێت لەگەڵیاندا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە، خۆی لە دوو هەنگاودا دەبینێتەوە:

**یەکەم:** هەبوونی زانیاری: مەبەستمان ئەوەیە دەبێت پەروەردەکارانو دایباب بزانن، کە شێوازی تێگەیشتن بۆ ڕووداوەکان —وەك کات، زمانی جەستە، ....– لە نێوان گەورەو بچووکدا جیاوازیی هەیە.

**دووەم:** وتووێژو ڕوونکردنەوە: ئێمە جیاوازیی نێوان ئەو دوو بۆچوونە، بۆ منداڵ بە ڕوون دەکەینەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەینو پێی دەڵێین: دەبێت کات بە دەقەو سەعات دیاری بکرێت، نەك یاریو سەرگەرمی خۆخافڵاندن؛ چونکە هەموو کەسێك ئەركو بەرپرسیارێتی هەیە، پێویستە پابەند بێت پێیانەوەو ئەنجامیان بدات، جا ئاگابوون لە کات، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار، زۆر گرنگە.

بە ئەنجامدانی جۆرە وتووێژە زیاتر لە جارێك، لەگەڵ منداڵدا، چەمکەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوەو ناکۆکی لە نێوانماندا پەیدا نابێت؛ چونکە تووڕەییو سەرسەختی، لەم جۆرە هەڵوێستانەدا، ناتەبایی چارە ناکات.. بەڵکو ئەوە وتووێژو لێکتێگەیشتنە، کە بنچینەی پەیوەندییەکی ناوازەو سەرکەوتووە، لە نێوان دایبابو منداڵەکانیاندا!



# ئاین مامەڵە کردنە

بەندایەتی تەنها جێ بە جێ کردنی فەرز و واجبەکان نییە تەنها بریتی نییە لە نوێژ و ڕۆژو بەڵکو بەندایەتی بریتیە لە بنچینەکانی ئیسلام و ئەرکانەکانی، کە بەندایەتی ڕاستەقینە بەرجەستە و دروست نابێت هەتاوەکوو جێبە جێیان نەکەیت، هەروەکوو مەرجی پەسەند بوونی بەندایەتی بریتیە لە کۆمەڵێك مامەڵە کە ئەوانەش پێکدێن لە:

تۆ لە عیبارەت دایت..... لەوکاتەی یارمەتی کەسانی تر دەدەی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی نانی هەژار و نەدار دەدەی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی سەردانی خزم وکەس و ناسیاو دەکەی، و خزمەت و ڕێزی دایك و باوکت دەگری.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی ئەمانەت و سپاردە و مافەکانی خەڵکی دەپارێزی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی زمانت دەپارێزی لە وتەو قسەی خراپ و نا شیاو.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی بەرووی خەڵکیدا پێدەکەنی و زەردەخەنە دەکەی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی کە نەرم و نیان و چاك و لەسەرخۆی لە مامەڵە کردن لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خێزانت.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی تورەبوونی خۆت دەخۆیتەوەو دای دەپۆشی و دەیشاریتەوە و دەری ناخەی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی لێبووردەو لێخۆشبوویت و کارئاسانی دەکەی لە کڕین و فرۆشتنندا.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی کە بەرتیل ڕەت دەکەیتەوەو وەری ناگری.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی خۆت دەپارێزی لە خەڵوەت لەگەڵ نامەحرەم.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی چاوت دەپارێزی و تەماشای شتی حەرام و نەشیاوی پێناکەی.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی میهرەبان و ئارام گردەبیت.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی لەگەڵ خەڵکیدا سادە و خاکی دەبیت.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی ڕاستگۆ دەبیت.

تۆ لە عیبارەت دایت......لەوکاتەی پاك و خاوێن دەبیت لە ماڵ و شوێێنی کار و سەر شەقامەکان.

وەئەگەر هاتوو تۆ فەرمانبەر یان بەڕێوەبەر بویت ئەوا تۆ لەبەندایەتیەکی زۆر گەورەتردای کاتێك چاکەکار وچاکەخواز و لە خواترس و ڕێکخەرو گرنگی دەر دەبیت لە کارەکەتدا.

هەربۆیە ئاین بریتیە لە مامەڵە کردن... .



# شەرمە
# مسوڵمانبوونی خۆت مەکە!

لەژیانی خۆماندا کاتێك دەڕوانینە چواردەورمان و ڕووداوەکان، چەندن حاڵەتی ناهەموار دەبینین، کە هەر یەکێك لەوانە ئازارمان دەدات و ناخمان دەهەژێنێت و تارمایی بەسەر دیدەماندا دەهێنێت!

یەکێك لەو ئازارو خەمانە ئەوەیە: کاتێك تاکێکی موسوڵمان دەبینیت شەرم دەکات لە ئایینەکەی و پابەندبوون پێوەی بە عەیبە دەزانێت، تەنانەت هەندێك جار لەناو کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا پێی شورەییە ئەگەر کاتی نوێژ هاتووە نوێژەکەی بکات لە زانکۆیەك، یان لە یەکێك لەم دامەزراوە گشتیەکاندا!

بەجۆرێك پێی شەرمە لە شوێنێکی گشتیدا یاخود لە نێو پاسێکدا کاتێك خراپەیەك دەبینێت ببێتە هاوکارو دستگرتەی کەسانێك کە بەرەو تیاچوون دەڕۆن، ببێتە بانگخوازێکی حەکیم و برینەکان سارێژ بکات، لە کاتێکدا کۆمەڵگاکە ئیسلامییەو خەڵکەکەش هەموو تێکڕا خۆیان پێ موسوڵمانە لەگەڵ ئەوپەڕی کەم وکورتیشدا.

باشە بۆ دەبێت ئەمە ڕوودات لەکاتێکدا لەهەمان کۆمەڵگەدا خەڵکانێك بانگەشە دەکەن بۆ بیروباوەڕو فیکرە دزێوەکانی خۆیان وناميلكەو کتێب و گۆڤار بڵاو دەکەنەوەو، فیکری دزێویان دەڕازێننەوەو جەستەی نابوتی بە پۆشاکی درۆ قەشەنگ دەکەن؟!

هیچ پێناسەیەکم بۆ ئەمە نییە جگە لەوەی کە تاکەکانمان ئاگاداری ئایینەکەیان و زانستەکانی و مێژووە پڕ سەروەرییەکەی نین، ئەگەر بێت و

ئەوان بیانزانیایە خاوەن چ ئاینێکن و کێی پەروەردە کردووە و هەڵگرانی کێ بوون، ئەوا هەرگیز شەرمیان نە دەکرد لەوەی خۆیان بدەنە پاڵی و بانگەوازی بۆ بکەن و ببنە هەڵگری و بڵاوی بکەنەوە.

ئێمە دەبێت لە هاوەڵانەوە فێرببین شانازی بە ئایینەکەمانەوە بکەین، ئەوەتانێ هێندە شانازییان بەو ئایینەوە دەکرد تا دڵی دووڕووان ئێشی پێگەیشتبوو دەیانوت ئەوان ئایینەکەیان فووی تێکردوون و مەغروری کردوون، هەروەکو خودای گەورە بۆمانی تۆمارکردوەو دەفەرموێت:﴿إِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمۡۗ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٩﴾﴾ الأنفال: ٤٩

چونکە ئەوان شانازی تەواویان بەو ئایینەوە دەکرد و پێیان وابوو سەرکەوتنیان بەهۆی ئەو ئایینەیەو دەستگیرۆبوونیانە پێیەوە هەرچەندە ژمارەشیان کەمبێت!

ئەوان چۆن شانازی بە ئایینەکەیانەوە ناکەن لەکاتێکدا پەروەردەی فێرگەی قورئانی پیرۆزن و فێریان دەکات هەرگیز تەسلیم نەبن و بە فیکرە لاڕێ و دزێوەکان بڵێن:

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾ الكافرون: ١ - ٦

ئەمە دوای ئەوەی کە هەموو شتێکیان بۆ ڕوونکرایەوەو ئەوان هەر بەردەوامبوون لەسەر بیری لاڕێیان، نەوەك کەسێك وا گومان بەرێت ئاینەکەمان ئاینێکی داخراوەو قەبوڵی دانیشتن و گفتوگۆ ناکات!!

ئەگەر کەسێك وەها گومانێك بەرێت هەرگیز لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە خودای گەورە فێرمان دەکات کە گفتوگۆ بکەین بەو پەڕی نەرمی و مامەڵەی چاکەوە : ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿١٢٥﴾﴾ النحل: ١٢٥

ئوممەتێك کە خاوەنی هەزارەها پیاوی گەورەو نموونەیی بێت هەرگیز نەوەکانی کەسانی لەرزۆك و شەرمن نین لەئاست حەق و ڕاستی، ئوممەتێك کە خاوەنی هەزارەها کەڵە پیاوی گەورەو داناو لێزان و کارامەبێت لە بواری ڕووبەڕووبونەوەو گفتوگۆی نێوان ئایین و فیکرە جیاوازەکان، هەرگیز نەوەکانی ئەوانە نین کە شەرم لە هەڵگرتنی ناسنامەی موسوڵمانێتی بکەن و سەریان بەرز نەبێت.

لە کۆتاییدا: بزانە برای ئازیزم خوشکی سەنگینم!

ئەو شەرمکردن و خەجاڵەت بوونەی کە ناختی گرتووەو چەسپاوە لە کیانتا بەهۆی نەزانیت بە مێژووی ئایینەکەت و ئەو کەڵە پیاو و ئافرەتە مەردانەی پەروەردەی کردوون و پێشکەشی مرۆڤایەتی کردوون، یان بەهۆی کردەوەی هەندێك موسوڵمانی نەزانەوە کە بوەتە هۆی ناشرین وێناکردنیەوە، هەمووی بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو کاری لەسەر کراوە لەلایەن دوژمنانی ئایینەوە لە ڕۆژهەڵاتناسان و نەیارانی ترەوە، تاوەکو تاکی موسوڵمان هەست بە کەمی و دونیەت بکات و هەمیشە خۆی پێ سەرکزبێت و ئەوانی دی لا لێزان و گەورەبێت!

ئەی چارەسەر؟! چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە هەر لە ئێستاوە هەستیت و بەرگی تەوەزەلی فڕێدەیت و ئایینەکەت و مێژووەکەی لەسەرچاوەی ڕاست و درووستەوە وەکو خۆی بناسیت، چاوت بکەوێ بەو لاپەڕە زێڕینانەی کە هەڵگرانی ئەم ئایینە پێشکەشیان کردوە، هەروەها چاوێکیش بگێڕی بە مێژووی ڕەشی ئەوانەی ئەمڕۆ دەستیان باڵایەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان کردووە بە کۆیلەی خۆیان و چییان بوێ ڕاگەیاندن بەو شێوەیە لێدوان دەدات!

ئەوکات تێدەگەی کە ئایینەکەت نوورە، بەهەشتی سەر زەوییە پێش بەهەشتی نەبڕاوە، شارستانییەتە، داهێنانە، مرۆڤایەتییە، برایەتییە جوامێرییە، تەواوی مانا جوانەکانە.

ئاینێکیش وەهابێت جێی شانازیە نەك شەرمکردن لە خۆدانە پاڵی.

# گوێڕایەڵی سوننەت بکەو ببە بە تاکێکی نمونەیی



خــودای گــەورە بە بەزەیی خــوای قورئانی پیــرۆزی ناردە خــوارەوە بۆ بەندەکانــی و تێیدا زۆرینەی ڕێســاکانی ئایین و ڕەوشــتە بەرزەکانی لە خۆگرت، پاشــان ڕووناکییەکی تری پێشکەشــی مرۆڤایەتــی کــرد تاوەکو ببێتە شــرۆڤەکاری ئەو کتێبە بێ وێنەو نمونەییە، تا بە شــێوەی کرداری و گوفتــاری فێریان بــکات چۆن ژیان بکەن لەگەڵ یەکترو ڕێگای ســەرفرازی و بەختەوەرییان نیشان بدات.

ئەویــش بریتییــە لە ســەرچاوەی دووەمی تەشــریع کە فەرمــوودە بەرزو وتە شــیرینەکانی پێغەمبــەری خۆشەویســتە (ﷺ)! کــە چەندیــن ڕێساو یاسای بەرزو پڕ شکۆی لەخۆ گرتووە و هەر کەسێك جێبەجێی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێتە کەسێکی نمونەیی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

لێــرە هەوڵ دەدەین ئاماژە بکەین بە چەند فەرموودەیەك لەو فەرموودانەو تیشــکیان بخەینە ســەر بە کورتی، تاوەکو هەموو پێکەوە ببینین چ بنەمایەکی بە بەهاو بەنرخن و چەندە پێویستمان پێیانە:

- بوغزاندن و ناشرین کردنی دەمارگیری نەتەوەیی و بەکەم سەیرکردنی گەلان و نەتەوەکانی تــر، هەر وەکو لــە فەرموودەیەکــدا دەفەرموێت: (ئاگاداربن! هیچ فەزڵێك بۆ عەرەب نییە بەســەر ئەوانــی تــرەوە، هەروەها فەزڵــی ئەوانیش نییە بەســەر عەرەبەوە، وە فەزڵی ســپی پێست(سوور) نییە بەســەر ڕەشــەکانەوە، فەزڵی ڕەشــەکانیش نییە بەسەر سوورەکانەوە، مەگەر بەهۆی تەقواوە نەبێت، وە بەڕاســتی بەڕێزترینتان لەلای خودا بە تەقواترینتانە).

وە لــە فەرموودەیەکــی تــردا پێغەمبەری خۆشەویســت (ﷺ) وەســفی بانگەشــەی نەتەوەپەرســتی و تیرەگــەری دەکات بــە بۆگەن، وەکو دەفەرموێت: «دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَة».

بەڕاســتی ئەگــەر کار بــەم ڕێســا ناوازەیە بکرێت، زۆر کێشمەکێشــمی سیاسی و پەلاماردان و تەشــهیرەکان کۆتایی دێن و خەڵکی تێکڕا دەبن بە براو دڵسۆزی یەك.

- دیاریکردنی تاوان و خراپە بەشێوەیەکی کــورت و ڕەوان و خســتنەگەڕو جوڵاندنــی ناخ و ویژدان لەکاتی بڕیاردان لەســەر خراپە، هەروەکو لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە لە «نەوواسی کوڕی ســەمعان»ەوە کە دەفەرموێت پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەبارەی چاکەو خراپە، ئەویش فەرمووی: (چاکە ڕەوشتی جوانە، خراپەش ئەوەیە تووشــی دڵەخورپەت بکات و حەز نەکەی خەڵکی پێی بزانێت).

هەروەهــا «وابیســەی کــوڕی مەعبەد»دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا فەرمووی: (ئەی وابیسە! داوای فەتوا لە دڵی خۆت بکە، داوای

فەتــوا لە دەروونــت بکە، چاکە ئەوەیــە دڵی پێ ئارامبێت، دەروونیشــی پێ ئاسوودەبێت، تاوانیش ئەوەیە تووشی دوودڵی و دڵەخورپەت بکات، ئەگەر چی خەڵکیش فەتوایان بۆ دایت).

جــا ئەگەر بێت و هەر کەســێکمان کار بەو فەرموودەیە بــکات ئەوا زۆر تاوان و خراپە هەیە خــۆی لــێ دوور دەگرێــت و نزیکــی ناکەوێتەوە، چونکە قەدەغەکــراوەکان زۆر جار ویژدانت ئازار دەدەن و دەتهەژێنێــت، ئەگــەر چــی خەڵکێکــی چاونەترسیش بڵێن قەدەغەکراو نییە.

- ڕێســای گوێڕایەڵــی نەکردنــی هیــچ کەســێك لەســەرپێچی خودای گەورە، پێغەمبەری خۆشەویســت (ﷺ) دەفەرموێــت: (گوێڕایەڵی بۆ هیچ کەسێك نییە لە سەرپێچی خودای گەورە).

ئەگەر بێــت و گوێڕایەڵی خودای گەورەمان پێــش نەفــس و ســەرکردەو بەڕێوبــەرو هەموو کەســێك خســت، ئەوا بێگومــان یارمەتی خودای دەبینیــن لــە هەمــوو کارەکانمانــداو، بەهــۆی ئەوەشــەوە هەرگیز هیچ خوێنێکی ناحەق نارژێت و هیــچ ماڵێکی حەرام ناخورێــت، بەهۆی بڕیاری نادرووســتی گەورەو ئاغاکانەوە، بەمەش ژیان پڕ دەبێت لە کامەرانی و ئاسودەیی و دادگەری.

- ڕێســای حەزکردن بە چاکەی بەرامبەر، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)، دەفەرموێت: (هیچ کەســێك لە ئێوە ئیمانی تەواو نییە، تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت).

بەڕاســتی کارکــردن بــەم بنەمایــە یانــی هاریــکاری، پێکــەوە ژیانکردنێکــی ئاســوودەو ئــارام، نەمانی ڕق و کینــە، بەلاوەنانی ئیرەیی و پیلانگێــڕان و جاسوســیکردن و تەواوی ســیفەتە قێزەون و بێــزراوەکان، بەمەش تــەواوی ژیانمان دەگۆڕێت.

ئەمە مشــتێك بوو لە خەرواری ئەو ڕێسا جوان و شــیرین و ئاکارە بەرزو پرشــکۆیانەی لە فەرموودەکانــدا هەن، ئەگەر کەســێك بیەوێ باس لە هەمووی بکات و هەڵوێســتەیان لەســەر بکات، ئەوا پێویســتی بە چەندین بەرگــە، با ئەم کەمە بەڵگەبێت بۆ ئەوانی دی.



**پێنج بەڵێن و پەیمانی خوای گەورە بۆ بەندەکانی بەرامبەر بە پێنج کردەوە:**

① ( لَئِـن شَـكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُـمْ)
واتە: ئەگەر سوپاســی خوا بکەن لەسەر نیعمەتەکانــی ئەوا خودا نیعمەتەکانتان بۆ زیاد ئەکات .

② ( فاذكـروني أذكركم) . واتـە: ئەگــەر ئێوە یادی خوا بکەن ئەوا خوای گەورەش یادتان ئەکات

③ ( اُدعوني أستجب لكم) واتـە: داواو لێ بکــەن ( دوعا بکەن) وەڵامتان ئەدەمەوە.

④ ( إن تنصــروا الله ينصركـم)
واتـە: ئەگەر ئێوە دینی خوا ســەربخەن ئەوا خوای گەورەش ئێوە سەردەخات.

⑤ (وما كان الله معذبهـم وهـم يستغفرون) واتـە: خوای گەورە ســزاتان نــادات ئەگەر ئێــوە داوای لێخۆش بوون بکەن...



لەم

# هەڵوێستەوە فێربە خۆت بە گەورە نەزانی!

زۆر جار لە کتێبی زانایاندا دەبینین کە باسی ئەوە دەکەن: پێویستە هەموو خۆمانمان لەلا مەخلوقێکی گەورە نەبێت و ئەوانی دی بە بچووك تەماشا بکەین!

هەموو کتێبەکان هانمان دەدەن بۆ ئەوەی خەڵکی بە چاوێکی کەم و سووکەوە سەیر نەکەین، هەموو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەهێننەوە کە دەفەرموێت: (خۆ بەگەورە زانین بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ڕاستی و بەکەم سەیرکردنی خەڵکی).

بەڵام ئەوەی پێویستمانەو زێتر فێرمان دەکات بریتییە لە نمونەی بەرجەستەکراو و واقیعی تا لێیەوە ماناو مەبەستی فەرموودەکە بزانین وەکو خۆی.

پێشەواو زانای گەورەی ئەندەلوس «ئیبن عەبدلبەڕ» ڕەحمەتی خودای لێبێت چیرۆکێکی کاریگەرمان بۆ دەگێڕێتەوە لە گەورە زانای مەدینە لەسەردەمی خۆیدا پێشەوا «ئیبن ئەبی زیئب» کە تێیدا بەدیار دەکەوێت کەسێك خۆی بە گەورە نەزانێت هەڵوێستی چۆنە لەبەرامبەر هەڵەی خەڵکانی تردا، چۆن بەوپەڕی نەرم و نیانی و سۆزەوە هەڵە چارەسەر دەکات، دەفەرموێت: « گوێم لێبووە لە چەندین مامۆستامەوە کە باسیان دەکرد: غازی کوڕی قەیس کاتێك دەچێتە شاری مەدینە فەرموودە لە پێشەوا مالیك و نافیعی قاڕی دەبیستێت، لەسەرەتای چوونی بۆ مەدینەو چوونە نێو مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) ەوە، لەو کاتەدا «ئیبن ئەبی زیئب» خۆی دەکات بەژوورداو دادەنیشێت و نوێژی سوننەتی هاتنە مزگەوت ناکات! لەو کاتەدا «غازی»ش ڕووی تێدەکات و بەشێوەیەکی ڕەق و ناشرین پێی دەڵێ: ئەی کابرا هەستە دوو ڕکات نوێژ بکە پێش دانیشتنت، بەڕاستی دانیشتنت لە مزگەوت پێش نوێژکردن نەزانییە!!

«ئیبن ئەبی زیئب»یش هەڵدەستێت و دوو ڕکات نوێژ دەکات و پاشان دادەنیشێت.

دوای ئەوەی نوێژ تەواو دەبێت «ئیبن ئەبی زیئب» پشت دەنێت بە یەکێك لە پایەکانی مزگەوتەوەو خەڵکی لێی کۆ دەبنەوە تا لێی فێربن!

کاتێك «غازی» ئەمەی بینی شەرم دایگرت و خەجاڵەت و شەرمەزاربوو، وە پرسیاری کرد ئەو کەسە کێیە؟ وتیان: ئەوە «ئیبن ئەبی زیئب»ە یەکێك لە شەرعزانەکانی مەدینەو گەورەکانیان!

«غازی» هەستاو پۆزشی هێنایەوەو داوای لێبوردنی لێکرد، «ئیبن ئەبی زیئب»یش پێی فەرموو: (أخي لاعليك أمرتنا بخير فأطعناك.). واتە: براکەم هیچ سەرزەنشتێکت لەسەر نییە فەرمانت پێکردین بە خێرو چاکە ئێمەش گوێڕایەڵیمان کردی!.

خودایە ئەوە چ دڵێکە؟! چ تێگەیشتنێك و چ ئاستێکی بەرزە؟!

لێرەوە دەزانین ئەوان خاوەنی چ دڵێکی پاکبوون و چەندە خوا ویستبوون و هەوڵی سەرخستنی نەفس و ئارەزووەکانی خۆیانیان نەداوە، بۆیە بەو شێوەیە خودا ناو و ناوبانگی هێشتوونەتەوەو بەردەوام ڕەحمەت و دوعای خێریان بۆ دەڕوات دوای هەزاران ساڵ لەوەفاتکردنیان.

بە دڵنیاییەوە ئەم هەڵوێستانەشیان تاوەکو قیامەت دەمێنێتەوە بە ویستی خوای گەورە، تا ببێتە پەند بۆ هەموو موسوڵمانێکی خوا ویست.

پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی موسوڵمان و بە تایبەتتر زانایان و فێرخوازان دووبارە بە خۆماندا بچینەوەو بزانین ئایا بە پێی پێویست ڕەفتارمان هاوشێوەی ئەم کەڵە پیاوانەیە یاخود نا؟ وە هەوڵبدەین تا دەتوانین وەکو ئەوان بژین و سیرەی ئەوان زیندوو بکەینەوە تاوەکو خوداش ئەو ئاینە پیرۆزە لەسەر دەستی ئێمە زیندوو بهێڵێتەوەو شەرەفی هەڵگرتنیمان پێ ببەخشێ.

خودایە ڕەحمەتی خۆت بنێرە بۆ ئەم زانا بەڕێزەو تەواوی زانایانی ئوممەتی ئیسلامی و وێنەشیان زیندوو بکەرەوە لە نێو زانایان و فێرخوازانمان.

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ

﴿ عَجَبًا لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ وَلَيْسَ ذَاكَ لأَحَدٍ إِلاَّ لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ ﴾. صحيح مسلم

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

کاروبـاری باوەڕدار سەرسـوڕهێنەرە لەهەموو کارەکانی خێرن کە ئەمەش بۆ هیچ کەسـێکی تر نییە جگە لە باوەڕدار، ئەگەر خۆشـییەکی توش بێـت ئەوا سوپاسـی خوا دەکات وە ئەگەر ناخۆشـییەکی توش ببێت ئەوا ئارام دەگرێت کە ئەمەش دەبێتە خێر بۆی.



# بۆ ئافرەتانی هاوسەردار



ئایا ئەتەوێت هاوسەرەکەت وەك جوانترین ئافرەتی دونیا لێت بڕوانێت؟ کەواتە چی زیانت پێ ئەگەیەنێت ئەگەر ئەمانە ئەنجام بدەی:

**لە کاتی** هاتنەوەی بۆ ماڵ بە زەردەخەنەوە پێشوازی لێبکە.

**گران نییە** پێی بڵێیت: سوپاس بۆ خوا بە ڕاستی بە شەوقەوە بوین بۆ هاتنەوەت، بەخێربێیتەوە سەرچاوان.

**خۆت جوان** بکە بۆ هاوسەرەکەت، وە بزانە کە خوای گەورە جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت ــ خۆت بۆنخۆش بکە ــ چاوەکانت کلرێژ بکە ــ پۆشاکی جوان بپۆشە ــ خۆت بەدوربگرە لە نارێکی و بۆنی ناخۆش.

**بەردەوام** دڵتەنگ و خەمبار مەبە بەڵکو پەنا بگرە بە خوا لە خەم و ناخۆشی و دڵگرانی و تەمەڵی.

**لەگەڵ پیاوندا** بە ناسکی قسە مەکە نەکا لە دڵیاندا تۆوی گومان و نەخۆشی بچێنێت هاوسەریشت گومانی خراپت پێببات.

**هەمیشە** هێمن و لەسەرخۆبە، دڵ کراوە بە، با زیکری پەروەردگار بەردەوام لەسەر زوبانت بێ.

**هاوسەرت** ئارام کەرەوە و دڵنەوایی بدەوە لە کاتێك توشی نارەحەتی و خەم و ئازار دێت.

**فەرمانی** پێبکە بە چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکی.

**بە باشی** پەروەردەی مناڵەکانت بکە ماڵەکەت بکەرە لانەیەك بۆ سەرخستنی ئەو بنەما شەرعیانەی کە ڕۆڵی هەیە بۆ دروست کردنی خێزانێکی بەختەوەر.

**قورئان** زۆر بخوێنە بە تایبەت سورەتی (البقرە) چونکە شەیتان لە ماڵەکاندا ناهێڵێت هەر وەك لە فەرمودەی سەحیحدا هاتووە.

**هاوسەرکەت** بۆ شەونوێژ بەخەبەر بێنە و هانی بدە بۆ ڕۆژووە سونەتەکان و بەخشینی بیرخەرەوە و لە بەجێ گەیاندنی سیلەی ڕەحم ڕێگری مەکە.

**ئەگەر** ئەمانەت کرد هاوسەرت بە جوانترین بەدیهێنراوی زەوی ئەتبینێت جوانیش تەنها ماکیاژ و ڕەنگ نییە.

**ببە** بە بەهەشتی، ببە بە جوانترینی ئافرەتان.

# پاداشتی بەخشین!

لەسەردەمێکی نەبوونو کەم دەستیدا، ڕۆژێك ئافرەتێکی هەژار کە چەند منداڵێکی هەتیوی دەبێت، ئەدا لەدەرگای پیاوچاکێك، بە ئومێدی ئەوەی یارمەتییەکی بدات، خزمەتکارەکەی دەرگای لێدەکاتەوەو پێی دەڵێ: فەرموو چیت دەوێت؟ ئافرەتەکە دەڵێت: نەبوونو لێقەوماوو هەژارم، بە خاوەن ماڵەکەت بڵێ یارمەتییەکم بدات، تا ئەو هەتیوانەم تێربکەم، ئەویش بە پیاو چاکەکە دەڵێت، کە ئافرەتێکی بەو شێوەیە هاتووەو داوای یارمەتی دەکات، پیاوچاکەکەش بە خزمەتکارەکە دەڵێ: چیمان هەیە لە ماڵەوە؟ خزمەتکارەکەی دەڵێ: تەنها ١٠ هێلکەمان هەیە، ئەویش دەڵێ: بچۆ هەر١٠ هێلکەکەی بدەرێ، خزمەتکارەکەش دەڵێ: ئەی بۆ ئێوارە خۆمان چی بخۆین؟ پیاو چاکەکەش پێی دەڵێ: زوو بڕۆ بیدەرێ، خوا گەورەیە تا ئێوارە شتێك هەر دەبێ بیخۆین، کاتێك خزمەتکارەکە هێلکەکان دەبات بۆ هەژارەکە یەك هێلکەی لێ دەشارێتەوە بۆ خۆیو بە خۆی دەڵێ با ئەمشەو نەمرم لە برسان، ئەم تاکە هێلکەیە دەخۆم، نۆ هێلکە دەدات بە ئافرەتە هەژارەکە، ئێوارە نزیکبووەوەو خەریکبوو تاریکی دادەهات، خزمەتکارەکە دڵخۆشبوو، چونکە ئەمشەو شتێك هەیە بیخوات، لە ناکاو لە دەرگای ماڵ درا، کاتێك خزمەتکارەکە دەرگای ماڵەکەی کردەوە بینی وا دراوسێ دەوڵەمەندەکەیان، (٩٠) هێلکەی بە دیاری بۆ هێناون، خزمەتکارەکە لێی وەرگرتو بردییە لای پیاوچاکەکەو وتی: دراوسێ دەوڵەمەندەکەمان ئەم هێلکانەی بە دیاری بۆ ناردووین، ئەویش پێی دەڵێت: بیانژمێرە بزانە چەندن؟ کاتێك خزمەتکارەکە لە ژماردنیان دەبێتەوە دەڵێ: قوربان (٩٠) هێلکەیە، پاشان پیاوچاکەکە ڕووی تێدەکاتو پێی دەڵێ: ئایا تۆ کاتێك ئەو هێلکانەت دا بەو ئافرەتە هەژارە چەند دانەبوون؟ هیچت لێ دەرهێنا؟ خزمەتکارەکە لە شەرمو تەریق بوونەوەدا سەری دانەواندو پاشان وتی: بمبورە، یەك هێلکەم لێدەرهێنا وتم: با لە برسا نەمرم، ئەمشەو بیخۆم پیاوچاکەکەش وتی: زانیم، چونکە خوای گەورە وەڵامی چاکە (١ بە ١٠) دەداتەوە، ئێمە (٩) هێلکەمان بەخشی، ئێستاش خوای گەورە (٩٠) هێلکەی پێبەخشین، ئەگەر هەر (١٠) هێلکەکەت ببەخشیایە ئێستا (١٠٠) دانە هێلکەمان پێدەبەخشرا.

لەم چیرۆکەوە تێدەگەین کە خوای گەورە، بە (١٠) ئەوەندە پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە یارمەتیدانی نەدارانو هەژاران دەدەنو لە پێناوی ئەودا دەبەخشن.





# نموونەی

ئەو ماڵەی کە یادی خوای
تێدا دەکرێت و ئەو ماڵەی
کە یادی خودای تێدا ناکرێت

# نموونەی

# ژیان و مردنە



بەنەرمی بدوێ!

بەسادەیی برۆ بە ڕێگادا!

بە وشیارییەوە بخۆ!

بە قووڵی هەناسە بدە!

بەپێی پێویست بخەوە!

بەڕێکوپێکی جل بپۆشە!

بەڕەوشتەوە کارلێك بکە لەگەڵ دەوروبەر!

بەبێ ترس کارەکەت ئەنجام بدە!

بەئاراميیەوە کار بکە!

بەدرووستی بیر بکەرەوە!

بەڕاستی باوەر بهێنە!

بەڕێزەوە ڕەفتار بنوێنە!

بەکرداری فێرببە!

بەژیری پلان دابرێژە!

بەدەستپاکی سەرمایە پەیدا بکە!

بەئاقڵی خەرج بکە!

بەڕێکوپێکی فیداکاری بکە!

بەتایبەتمەندییەوە پەرستش بکە!

بەخۆشییەوە خزمەت بکە!

بەسۆزەوە خۆشەویستی بنوێنە!

# ستایلی ژیانت، وەك خۆشەویست لێ بکە!



# دایك و باوك

لەکاتی ئامادەکردنی وتارێك لە بارەی دایك و باوکدا چاوم بە وتەی ئیمامی عومەر کەوت... پەکی خستم.. ناچاری کردم.. بوەستم و بڵێم بەڕاستی...!!

ئێمە خراپین..

دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای ئیمامی عومەر پێی وت: دایکێکی پیرم هەیە. توانای نەماوە« هەموو کار و بارێکی بە باوەش و بە کۆڵی خۆم بۆ ئەنجام دەدەم. هەرگیز لێی دانابڕێم و هەمیشە ئاگام لێیەتی..

ئایا حەقی دایکم داوە؟

ئیمامی عومەر: نەخێر، حەقی دایکت نەداوە.

وتی: ئەی عومەر ! من هەموو شتێکی بە کۆڵ و باوەشی خۆم بۆ ئەنجام دەدەم!!

هێشتا حەقیم نەداوە..؟!

وتی: نەخێر، چونکە ئەویش بە کۆڵ و باوەش کارەکانی بۆ کردوویت و خزمەتی کردوویت..

بەڵام جیاوازی ئەو و تۆ... ئەوەیە، ئەو کاتێ لە باوەش و کۆڵی دەگرتی هیوا و ئاواتی تەمەن درێژی و ژیانی تۆبوو « بەڵام تۆ کاتێ لەکۆڵی دەگریت، حەز ئەکەی بمرێت!!

بۆیە هەرگیز ناتوانین چاکەیان بدەینەوە..!!



جارێکیان شـێخ حەســەني بەصري ئامادەی بەخاك سپاردنی جەنازەیەك دەبێت.

شـێخ لەیەكێك لەئامادەبووان ئەپرسێت. بەبڕوای تۆ ئەگـەر ئەم مردووە بگەڕێتەوە بۆ دونیا جارێکی تر زیندوو بێتەوە چاکە دەکات یان خراپە؟

کابراش لەوەڵامدا دەڵێت:

بێگومـان کاری چاکە دەکات و خوی لەهەموو کارێکی خراپ دەپارێزێت.

حەسەنی بەصریش پێی دەفەرمووێ:

دەی وابزانـە تـۆ ئەو مردوویەیت بـەڵام مۆڵەتی ژیانت پێ دراوەتەوە!

# ئەو ئافرەتەی هاوسەرەکەی شەرمی لێدەکات!

ئەمــە چیرۆکێکی ڕاســتەقینەیەو بەڕێز (دکتۆر خالد جبیر) بۆمان دەگێڕێتەوە.. کە پســپۆڕی نەشتەرگەری دڵو سییەکانە..

دکتۆر خالد بەم شێوەیە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: ڕۆژێکیان نەشــتەرگەرییەکم ئەنجام دا، بۆ منداڵێك کە تەمەنی تەنها دووساڵو نیو بوو..

ڕۆژی نەشتەرگەرییەکە سێ شەممە بوو، بۆ ڕۆژی چوار شەممە منداڵەکە تەندروستی زۆر باش بوو، بەڵام ڕۆژی پێنج شــەممە کاتژمێر (١١:١٥) کە هەرگیز ئەو ســاتەم بیرناچێتەوە.. یەکێك لە بریپێچەکان هەواڵی پێدام کە دڵی منداڵەکە وەســتاوەو هەناسە نادات، زۆر بەخێرایی ڕۆیشــتم بۆ لای منداڵەکەو مــاوەی (٤٥) خولەك کاری شێلانی دڵم بۆ کرد، لەو ماوەیەدا دڵی نەکەوتەوە کار، دواتر سوپاس بۆ خودا دڵی کەوتەوە کار، پاشان منیش چوومە دەرەوە تا کــەسوکاری لە بارودۆخی منداڵەکە ئــاگادار بکەمەوە، هەروەکو دەزانن چەندە قورســە کە هــەواڵ بە کەسوکاری نەخۆشــەکە بدەیت، لە کاتێکدا بارودۆخی نەخۆشــەکەیان خراپە! ئەوە ناخۆشــترینو قورســترین کاری پزیشــکە، بــەڵام چارەیــەك نییەو پێویستە کەسوکاری ڕاستییەکان بزانن..

پرســیارم لە باوکی منداڵەکە کــرد، بەڵام لەوێ نەبوو، دایکــی وەڵامــی دایــەوە، پێم گــوت: کە هــۆکاری لە کارکەوتنی دڵی منداڵەکەت لە ئەنجامی خوێنبەربوون بووە لــە قورگیدا.. هــۆکاری خوێنبەربوونەکە نازانم، بەڵام منداڵەکە ژیانی لە مەترسیدایە..

لــەو باوەڕەدان ئەم دایکە چی بڵێت؟ ئایا هاواری کرد؟ قیژاندی؟ یان وتی: تاوانی تۆ بووە نەشتەرگەرییەکەی سەرکەوتوو نەبووە؟

بڕواتــان هەبێت، هیچ شــتێك لەوانــەی نەگوت، تەنها وتی: (سوپاس بۆ خوای گەورە)، ئەمەی وتو ڕۆیشت!!

دوای (١٠) ڕۆژ.. ســوپاس بــۆ خودا منداڵەکە دەســتی کــردەوە بــە جوڵــە، دەرکەوت کــە مۆخــی منداڵەکە سەلامەتو تەندروستە!

بــەڵام پــاش (١٢) ڕۆژی تر، جارێکی تر دڵــی منداڵەکە لەکارکــەوت، بــە هەمان هــۆکاری ئــەو خوێنبەربوونە، دووبــارە بۆ ماوەی (٤٥) خولەك شــێلانی دڵمان بۆ کرد، بــەڵام دڵی نەجــوڵا، ئەمجارەیان بە دایکیــم وت: ببورە لــەو بڕوایەدام کە هیچ هیوایەکمــان نەماوە.. دەزانن بە بیســتنی ئەم هەواڵە چی گوت؟ وتی: (خودایە ســوپاس بۆ تــۆ، خوایەگیان ئەگەر خێر لەوەدایە کە شــیفای بۆ بنێری، پەروەدگارا شیفای بدە!

پــاش ماوەیەك دڵی کەوتەوە کار، نزیکەی (٦) جار ئەم حاڵەتە دووبارە بووەوە.

سەرەنجام پزیشکێکی پسپۆڕ لە بواری بۆری هەوادا، بە ویستی خودا توانی خوێنبەربوونەکەی بووەستێنێت.. ســێ مانگو نیو بەسەر نەشــتەرگەرییەکەیدا تێپەڕی، بــەڵام هــەر لــە ژووری بوژانــەوەی دڵو لــە حاڵەتی بێهۆشیدایەو ناجوڵێتەوە..

پاش ئەو ماوەیە دەستیکرد بە جوڵە، بەڵام دوومەڵێکی گــەورەی کێماوی کە زۆر گەورەو نامۆ بوو لە ســەریدا دەرکەوت، کە هەرگیز پێشــتر دوومەڵی لەو شــێوەیەم نەدیبوو..

ئەمجارەشــیان بە دایکیمان گوت: منداڵەکەت پێناچێت زینــدوو بمێنێت، ژیانی ئەســتەمە.. ئەگەر چەندجار ڕزگاری بــوو لە وەســتانی دڵــی، بەڵام لــەم دوومەڵە ڕزگاری نابێت، دووبارە وتی: (سوپاس بۆ خودا)، ئەوەی وتو ڕۆیشتەوە بۆ لای منداڵەکەی.

دوای ئەوە دەســتبەجێ منداڵەکەمان گواستەوە بۆ لای پزیشکی پسپۆڕی مێشكو دەمار، بۆئەوەی سەرپەرشتی تەندروستی بکات..

دوای سێ هەفتە بە فەزڵی خودای گەورە، منداڵەکە لەو دوومەڵــە ڕزگاری بوو، بە تــەواوی چاك بووەوە، بەڵام هــەر نەدەجوڵایــەوە، دوای دوو هەفتەی تر، دووچاری ژەهراویبوونێکی ســەیر بوو لە خوێنیدا، پلەی گەرمی گەیشتە ٤١،٢ پلەی سەدی..

بە دایکیم گوت: مێشــکی منداڵەکەت لە مەترسییەکی گەورەدایــە، هیــچ هیوایەکمان بــۆ ڕزگارکردنی نییە، دووبــارە زۆر بە ئارامییەوە وتــی: (خودایە ئەگەر لە شیفادانی دا خێر هەیە، شیفای بۆ بنێرە)..

دوای ئەوەی ئەم هەواڵەم بە دایکی منداڵەکە ڕاگەیاند، کە لەســەر قەرەوێڵــەی ژمارە (٥) کەوتبوو، ڕۆیشــتم بۆ چاودێریکردنی نەخۆشــی ژمارە (٦)، ســەیر دەکەم دایکی نەخۆشەکە دەگری‌و هاوار دەکاتو دەڵێت: دکتۆر، دکتۆر.. فریام کەوە دکتۆر گیان، پلەی گەرمی منداڵەکەم ٣٧،٦، پلەکەی زۆر بەرزە، منداڵەکەم دەمرێت..

منیش زۆر بەسەرسوڕمانەوە پێمگوت: سەیرێکی دایکی ئەو منداڵە بکە، کە لەسەر قەرەوێڵەی ژمارە (٥).. پلەی گەرمــی منداڵەکەی لە ســەرو (٤١) پلەوەیە، بەردەوام سوپاسی خودا دەکاتو ئارامی گرتووە!!

لــە وەڵامــدا وتــی: دایکــی ئــەو منداڵە نە هەســتی هەیــەو نە ســۆز!! بیری ئەم فەرموودەیــەم کەوتەوە: (طوبــی للغرباء)، تەنها دوو وشــەیە، بــەڵام ئەم دوو وشــەیە ئوممەتێك دێنێتە لەرزە.. لە ماوەی ٢٣ ســاڵی کارکردنما لە نەخۆشخانەکان، تەنها دوو کەسم بینیوە بە وێنەی ئەو خوشکە ئارامگرو سوپاسگوزارو ڕەزامەند بێت، بە قەدەری خودا!

هێشتا چیرۆکەکە تەواو نەبووە، دوای ماوەیەك منداڵەکە گورچیلەکانی وەستا، بە دایکیم گوت: ئەمجارەیان هیچ هیوایەك بۆ ڕزگاربوونی منداڵەکەت نییە! وتی: (ئارام دەگرین‌و پشت بە خودا دەبەستین)، ئەمەی وت‌و وەکو جارەکانی تر گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکەی..

کەوتینە هەفتەی کۆتایی مانگی چوارەمەوە، سوپاس بۆ خودا منداڵەکە لەو ژەهراوییبوونەش ڕزگاری بوو، پێمان خستە مانگی پێنجەمەوە سەیرتر ڕووی دا، منداڵەکە تووشی نەخۆشییەك هات کە هەرگیز لە ژیانمدا نەخۆشی لەو شێوەم نەدیبوو، هەوکردنێکی زۆر لە پەردەی بلوری دەوری سینگیدا، هەوکردنەکە هەموو ئێسقانەکانی سنگ‌و چواردەوری گرتبووەوە، ناچاربووم کە نەشتەرگەری کردنەوەی سنگی بۆ بکەم، تا دڵی دەرکەوێت، بەشێوەیەك لێدانی دڵی ببینین..

کاتێك بارودۆخی منداڵەکە دوای ئەو ماوە دووردرێژە گەیشتە ئەو قۆناغە، بە دایکیم گوت: ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆماندا، بەڵام بەداخەوە هیچ هیوایەك نییە بۆ چاکبوونەوەی منداڵەکەت، بارودۆخی بەردەوام بەرەو خراپبوون دەڕوات، لە وەڵامدا وەکو نەریتی هەمیشەیی، هیچ شتێکی نەگوت، جگە لە سوپاسکردنی خودای گەورە..

شەش مانگ‌و نیو ئەو منداڵە لەگەڵ دایکیدا لە نەخۆشخانە مانەوە، لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خودا منداڵەکە لە بەشی بوژانەوەی دڵ هاتە دەرەوە، بەڵام نە قسە دەکات، نە دەبینێت، نە دەبیستێت، نە پێدەکەنێت، نە دەجوڵێت..

دەزانن دوای ئەوە چی ڕووی دا، پێش ئەوەی من هەواڵتان بدەمێ؟

کێ لەو بڕوایەدایە ئەم منداڵە بەو هەموو ئازارو نەخۆشییەوە چاك ببێتەوە؟

چی چاوەڕوان دەکەن لەم دایکە ئارامگرو سوپاسگوزارە، دەبێت چی بکات، لە کاتێکدا منداڵەکەی لەسەر لێواری مەرگە!

دایکی خاوەنی هیچ شتێکی دیکە نییە، جگە لە پشتبەستن بە خودای گەورەو دوعاو پاڕانەوە، بەڵام دیارە بۆ مرۆڤی باوەڕدار ئەوە لە هەموو شتێك گەورەترو گرنگترە..

لە کۆتاییدا ئەم منداڵە بە فەزڵی خودا بە تەواوی چاکبووەوە، تەنانەت بڕواکردنی بۆ خۆشمان ئەستەم بوو، ئێستا بە قاچی خۆی دەڕوات‌و پێشبڕکێ لەگەڵ دایکیدا دەکات.. وەکو ئەوەی هەرگیز نەخۆش نەبووبێت، چیرۆکەکە تەواو نەبووە.. ئەوەی منی گریاند ئەمە نەبوو کە لەووپێش ڕوویدا، بەڵکو ئەوەبوو کە لەمەودوا بیستم..

دوای ئەوەی منداڵەکە لە نەخۆشخانە چووە دەرەوە، زیاتر لە ساڵ‌و نیوێکی پێچوو، ڕۆژێکیان یەك لە هاوکارانم لە بەشی نەشتەرگەری، هەواڵی پێدام کە پیاوێك لەگەڵ خێزانەکەی‌و دوو منداڵدا دەیانەوێت تۆ ببینن..

وتم: ئەوان کێن؟ وتی: نایانناسم..

ڕۆیشتم بۆ بینینیان، کاتێك بینیمن زانیم دایك‌و باوکی ئەو منداڵەن کە پێشتر نەشتەرگەرییەکانم بۆ ئەنجام دابوو، منداڵەکە تەمەنی ببووە نزیکەی (٥) ساڵ، وەکو گوڵ وابوو، منداڵێکی ڕۆح سوك‌و تەندروست، وەکو ئەوەی هیچی بەسەرنەهاتبێت، منداڵەکەی تریشیان تەمەنی (٤) مانگ بوو.. بەخێرهاتنم کردن‌و بە گاڵتەوە لە باوکی منداڵەکەم پرسی، ئەو منداڵە چوار مانگانە منداڵی چەندەمە؟ ژمارە (١٤)، یان (١٥)؟

بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردم، وەکو ئەوەی پێم بڵێ جەنابی دکتۆر تۆ هێشتا ڕاستییەکان نازانیت!

وتی: ئەوە منداڵی دووەممانە..

منداڵی یەکەممان ئەو منداڵەیە کە پێشتر ئەو هەموو نەشتەرگەرییانەی بۆ ئەنجامدراوە، ئەو یەکەم منداڵ بوو کە خودا بە ئێمەی بەخشی، دوای (١٧) ساڵ لە ژیانی هاوسەریمان..

دوای ئەوەی کە خودای گەورە ئەو منداڵەی پێبەخشین، دووچاری ئەو هەموو نەخۆشییە بوو کە خۆت دەزانی چی بەسەرهات، چاوەکانم پڕبوون لە ئەسرین، واتە ئەو دایکە ئارامگرە ئەوە یەکەم منداڵی بووەو ئەویش دوای حەڤدە ساڵ هاوسەرێتی، بەوشێوەیەش خۆڕاگرو سوپاسگوزار بوو! دەستی پیاوەکەم گرت‌و بردمە ژوورەکەی خۆم.. پرسیارم دەربارەی خێزانەکەی کرد؟ سەبارەت بەو هەموو ئارامی‌و خۆڕاگرییەی؟

بێگومان ئەو دڵی بێکەڵك‌و وێرانە نییە، بەڵکو ئاوەدان‌و بە پیتە، بە باوەڕی بە خوای گەورە..

دەزانن هاوسەرەکەی چی گوت؟

گوێبگرن خوشك‌و برایانی ئازیز، بە تایبەت خوشکە بەڕێزەکان، بەڕاستی جێگەی شانازییە ئافرەتی لەو شێوەیە لەم سەردەمەدا..

وتی: من نزیکەی ٢٢ ساڵە هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا کردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە هیچ شەوێك نەبووە شەونوێژ نەکات، مەگەر عوزرێکی شەرعی هەبووبێت، هەرگیز نەمبینیوە لە پاشەملە باسی هیچ کەس بکات، هیچ کات درۆی نەکردووە، کاتێك لە ماڵ دەچمە دەرەوە، یان دەگەڕێمەوە، بە دەستی خۆی دەرگاکەم بۆ دەکاتەوەو پێشوازیم لێدەکات‌و بەخێرهاتنەوەم دەکات، هەموو کارەکانی خۆی بە جوانترین شێوە ئەنجام دەدا، لە قسەکانی بەردەوام بوو، وتی: بەڕێز دکتۆر، بەڕاستی هاوسەرەکەم ئەوەندە ڕەوشتبەرزو پڕ سۆزو وەفادارە، کە زۆرجار شەرمی لێدەکەم!

منیش گوتم: بەڕاستی شایستەی ئەوەیە شەرمی لێ بکەیت..



# ژوورێک پڕ لە نوور!

باوکێك دوو کوڕی هەبوون، ڕۆژێکیان ویستی زیرەکیی کوڕەکانی تاقی بکاتەوە، هەریەکەو بڕێك پارەی پێدانو داوای لێ کردن، کە شتێك بکڕن پڕ بە ژوورێك، واتە: هەر کەسەو بەو بڕە پارەیەی پێی دراوە، ژوورێك لە ژوورەکانی ماڵ پڕ بکات.

کوڕی یەکەم، کاتێك چووە بازاڕو دوای بیرکردنەوەیەکی زۆرو لێکدانەوەی نرخی شتەکانو قەبارەیان بۆ پڕکردنی ژوورێك، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە دەتوانێت بە کڕینی بڕێکی زۆر لە (کا)، بەو پارەیەی کە باوکی پێی داوە، دەتوانێت ژوورەکە پڕ بکات؛ چونکە (کا) هەرزانترین شتومەکی بازاڕەو تەنها بەویش دەتوانێت ژوورێك پڕ بکات.

هەموو پارەکەی دا بە(کا)و ژوورێکی وەکو (کادێن) پڕ کرد لە (کا).

بەڵام کوڕی دووەم چووە بازاڕو بە بڕە پارەیەکی کەم، مۆمێکی کڕیو پارەیەکی زۆریشی بۆ مایەوە؛ چونکە کڕینی مۆمێك، پارەیەکی زۆری نەدەویست.

ئێوارە کە باوکیان گەڕایەوە بینی، کوڕە گەورەکەی ژوورێکی پڕ کردووە لە (کا)، بەڵام کوڕە بچکۆلەکەی ژوورێکی پڕ کردووە لە نوورو ڕووناکی!

**لەم چیرۆکەوە فێردەبین:**

١. پڕکردنی ژیان بە (کا) چی سوودێکی هەیە؟ کە زۆرێك لە خەڵکی، ڕۆژانە بەو کارەوە تەمەن بەسەر دەبەن!

٢. کاتێك ژوورەکانمان پڕ دەکەین لە شتە مادديیەکان، جێگای خۆمانی تێدا نابێتەوە!

٣. ئەو کاتەی ماددە هەموو هەست و نەستمان داگیر دەکات، جێگایەك بۆ سۆزو خۆشەویستیو مرۆڤبوون نامێنێتەوە!

٤. پڕکردنی ژوورێك لە نوور، لە گوڵاو، لە خەندە، زۆر جیاوازە لە پڕکردنی لە شتومەکە جۆراوجۆرەکانی دنیا، کە هیچ جیاوازییەکیان نییە لە (کا).

٥. بەو پارە زۆرەی کە پوشوپەڵاشی پێ دەکڕین، دەتوانین هەزاران مۆم بکڕینو ژوورە تاریکەکانی پێ ڕووناك بکەینەوە.

٦. جگە لە بازاڕی کافرۆشان، جیهان نوورفرۆشو گوڵفرۆشیشی هەس، با ڕووگەی بازاڕەکانمان بگۆڕینو بەو بازاڕە ئەفسووناوییانە ئاشنا بین.

٧. با بازرگانی نوور بین، نەك بازرگانی (کا).. با ناخمان پڕ بێت لە بیرۆکەی جوان، با دڵمان پڕ بێت، نەك باخەڵمان.. با چاومان پڕ بێت، نەك گەنجینەکانمان!



# خوایە

هێمنی ببەخشە بە هێلانەکان..

ئارامی بە دڵەکان..

خەندە بە لێوەکان..

نووربۆ سۆماکان..

لێخۆشبوون بۆ بەندەکان..

لیقا بۆ خۆشەویستان..



# ئەو لاوەی

# شەوانە لە بەهەشتدا بەسەر دەبات!

تازە خۆری زەردە پەڕ، پرچی زێڕینی بەسەر چیاو دۆڵو نشێوی ناوچەکەدا پەخش دەکردەوە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەرەو گوندێکی تر هەنگاویان دەنا، چەند لاوێکی ئاوایی بوون بە مەبەستی جوتیاری لە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیدا لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری خۆیان.

نزیکەی چێشتەنگاو گەیشتنە کێڵگەکەو دوای پشوویەکی کەمو قاوەڵتی، خاوەنی کێڵگەکە دەستووری کاری پێدانو دەستیان پێکرد، هەریەکەیان کارێکی پێ سپێردرا هاوڕێ بەوانەی کەپێش ئەوان لەوێ بوون، هەندێکیان شۆوبڕینو جۆگەلە هەڵدانەوەو هەندێکیان بژار، هەرچەندە کارەکەیان بەگیانی هەرەوەزیو هاکاریو قسەی خۆشو بەستەو گۆرانی یەوە ڕادەپەڕاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ماندوو دەبوونو هەستیان بەهیلاکی دەکرد:

دەمەو ئێوارە پێش ئەوەی خۆر لەدەمی کەل ئاوا بێت، جوتیارەکان دەستیان لە کار هەڵگرتو دووای دەمو چاوشۆرینو خۆگۆڕین لە ژێر کەپرەکەدا کۆبوونەوەو قۆرییەکەیان خستە سەر ئاگرو بەدیاریەوە دانیشتن.

زۆری نەبرد بۆنی خۆشی چا، کە بەئاوی کانیو دارو چیلکەی ئەو چەمە لێنرابوو، وەکو بۆنێکی خۆشی ئەفسووناوی بە هەموو کێڵگەکەدا بڵاو بووەوە.

بەڵام ئەم لاوە دوای ئەوەی دەمو چاوی شۆریو بەرگی کارکردنی گۆڕی، یەکسەر مۆڵەتی لە هاوڕێکانی خواستو چەندیان تکا لێ کرد: چاکەی بخوات، ڕازی نەبوو پێی گوتن: بمبورن، دوادەکەوم!!.

بەخێرایی بەرەو گوندەکەی خۆیان هەنگاوی دەنا، لەڕێگادا هەر دڵی لای دایکی بوو! نیگەران بوو لەوەی کە نەتوانێت ئەم ئێوارەیە چراکە هەڵکات... دەبێت ئێستا بەتەنیا لە ماڵەوە چی بکات؟

دایکی تەنها ئەم کوڕەی هەیەو دوای کۆچی دوایی باوکی هەموو کاروباری ئەو کەوتۆتە سەر

شــانی ئەم، ئەمیــش تابڵێی کوڕێکــی بەبەزەییو میهرەبان لەگەڵ دایکە پیرەکەیداو هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵی دایکی نەیەشــاندووەو هیچ داوایەکی ڕەت ناکاتــەوە ئەگــەر لەبەربژێوی ژیــان نەبوایە هەرگیز دڵی نەدەهات دایکی بەجێبهێڵێت!

کاتێك گەیشــتەوە ماڵی خۆیــان، دوای نوێژی شێوان بوو، دایکی هێشتا لەسەر بەرماڵەکە هەردوو دەســتی ڕووەو ئاســمان بەرزکردبــووەو دەیگــوت "خودایــە داوات لێ دەکەم مــن چەند لە کوڕەکەم ڕازیــم تۆش هــەزار ئەوەندە لێــی ڕازی بیت" بە بیســتنی ئــەم ووتانــەی دایکــی موچورکەیەکــی ئەفســوناوی بەهەموو جەســتەیدا هــات، لای ئەو خۆشترین ووشــە، بە نرخترین دیاری بوو لەسەر ئەم زەوی یەدا!!

هاوڕێکانی سەریان ســوڕمابوو، ئەم کوڕە بەم ماندوێتییــەو بەم ئێوارە درەنگە بۆ کوێ دەچێت؟ ئــەم کارە چەندیــن ئێــوارە دووبارە دەبــووەوە، لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری بەیانیاندا دەگەیشتەوە سەر کارەکەی خۆی!

زۆر بە پەرۆشــەوە بوون کە بزانن شەوانە بۆ کوێ دەچێتو چی دەکات؟! سەریان خستە سەریو زۆریــان لێکــرد کەپێیــان بڵێت ئێــواران بۆ کوێ دەچێت؟ لەوەڵامدا گوتی: من شەوانە لە بەهەشتدا ڕۆژدەکەمەوە!

هەموویان دایانە قاقای پێکەنین!

بەهەشت!! ئەوە دەڵێ ی چی؟ شێت بوویت؟

بەهێمنی یەوە وەڵامی دانەوە "نا شێت نەبووم بەڕاستمە!»

بەڵام ئەمان لەســەر پێکەنینو گاڵتەی خۆیان بەردەوامبوون.

دواتر بڕیاریاندا نیوەڕۆ بچنە مزگەوتی گوندو ئەم مەسەلەیە بەرنە لای مامۆستا.

مامۆستا گیان، ئەم هاوڕێیەی ئێمە تێك چووەو پێی وایە شەوانە لە بەهەشتدا ژیان بەسەر دەبات!

مامۆستا: کوڕی خۆم، هاوڕێکانت ڕاست دەکەن؟

لاوەکــە: بەڵــێ مامۆســتا گیان، مــن هەموو ئێوارەیەك هاوڕێکانم بەجێدەهێڵم تا لە بەهەشتدا بنووم!

مامۆســتا: دەتوانــی ئــەم کارەمان بــۆ ڕوون بکەیتەوە؟

لاوەکە: مامۆستا گیان من تەنها دایکێکی پیرم هەیەو ئەویش جگە لە من کەسی تری نییە، ئێواران دوای تەواو بوونی کارەکەم دەگەڕێمەوە گوندەکەی خۆمانو دوای ئەوەی هەموو کاروبارەکانی ماڵی بۆ ئەنجــام دەدەمو نانی ئێوارە بەیەکــەوە دەخۆینو تــا خــەوی لێدەکەوێــت قاچەکانی بۆ دەشــێلمو قســەی خۆشــی بۆ دەکەم، کاتێك دەزانم بەتەواوی خــەوی لێکەوتــووە، بە هێواشــی لە خــوار پێیە پیرۆزەکانییــەوە جێگاکەم ڕادەخــەمو لە ناخەوە هەست دەکەم لە بەهەشــتدا جێگاکەم ڕاخستووەو لەوێدا چاوم دەنێمە خەو!مامۆستا ئەی "بەهەشت لەژێر پێی دایکاندا نی یە"؟!

بێدەنگــی باڵی کێشــابوو بەســەریاندا، تەنها کەســێك ەتوانی چەند ووتەیەك بدرکێنێ مامۆستا بــوو "ڕۆڵەکانــم ئێســتا زانیتــان هاوڕێکەتــان ڕاستدەکاتو شەوانە لە بەهەشتدا بەسەر دەبات"؟!

هێدی هێدی بەرەو کێڵگەکە ملی ڕێگایان گرت، ئەو لەچاوی هەمووانیدا، وەك پاڵەوانێکی دەگمەنو بێ وێنە تەماشــا دەکراو لە ناخەوە هەســتیان بە گەورەیی ئەم مرۆڤە دەکرد.

دقيقتين فقط تستطيع أن تقول فيها

# سبحان الله وبحمده

## مائة مرة

لا تحرموا أنفسكم
هذا الأجر العظيم



# وەڵامی بەجێ

پاشایەك شێتێكی لە گۆڕستاندا بینی، پێی گوت: بۆچی ناڕۆیتە ئاوەدانی؟
وتی: ئەوانەی لە ئاوەدانیدان لە كۆتاییدا دەچن بۆ كوێ؟
پاشا گوتی: دێن بۆ ئێرە.
شێتەكە گوتی: كەواتە: ئاوەدانی ئێرەیە.
پاشا گوتی: ئەی شێت قسەی ئاقڵانە دەكەیت.
شـــێتەكە گوتی: ئەگەر شـــێت بوومایە باقیم دەگۆڕییەوە بە فانی، (شتێك كـــە نەمرەو دەمێنێت دەمگۆڕییەوە بە شـــتێك كە لە دەســـتم دەچێت) وەك ئەوەی تۆ دەیكەیت. ئەم قســـەیە ئەوەندە كاریگەری لەسەر پاشا هەبوو، وازی لە پاشایەتی هێنا.

یەكێـــك لـــە هاودەمەكانـــی خەلیفـــە بە باڵوولـــی گوت: بۆچـــی لێرە دانیشتوویت؟ هەستە، بڕۆ، وەزیری خەلیفە پێنج درهەم دەدات بە هەموو شێتێك.

باڵوویش گوتی: ئەگەر ڕاست دەكەیت، تۆ بڕۆ، دە درهەم دەدات بە تۆ.



بەڕاستی زانایان


# زۆر باش خەڵکی دەناسن و ئاگایان لە حاڵیانە

**ئیبن مفلح فەرموویەتی:**

لەو شــتە ســەر ســوڕهێنەرانەی بینیم لە خەڵکی و ڕەخنەم هەیە لەحاڵیان ئەوەیە خەڵکی:

- زۆر هاوار و ڕۆ ڕۆ دەکەن بۆ کاول بوونی وڵات و مردنی خزم دۆست و نزیکان.
- زۆر ئاخ هەڵدەکێشن بۆ کەمی ڕزق و خۆراك.
- زۆر لۆمەکردنی زەمانە و لۆمە کردنی خەڵکی.
- وە زۆر باسی ناخۆشی ژیان و تەنگەبەریەکانی دەکەن.
- وە زۆر باسکردنی زیاد بوونی نرخی شت و مەکەکان دەکەن.
- وە زۆر باسکردنی زوڵم و ستەمی کاربەدەست و دەسەڵاتداران دەکەن. لەکاتێکدا بەچاوی خۆیان داڕووخانی ئیسلام و کەم بوونەوەی دەبینن.
- وە خەڵکی دوورن لە مزگەوتەکان.
- سوننەتەکان دەمرن و نامێنن.
- بیدعە بڵاو بۆتەوە.
- تاوان ئەنجام ئەدرێت.
- کەچی کەسێکیان نابینم هاوار و ڕۆ ڕۆ بکات بۆ دینەکەی.
- وە بۆ کەمتەرخەمییەکانی خۆی.
- وە داخ هەڵبکێشێت بۆ ئەوکاتانەی لە دەستی چوون.
- وە نابینــم ئەمەش هیچ هۆکارێکی هەبێت تەنها کەم گوێ دانی خەڵکییە بە دینەکەیان.
- وە گەورەیی دونیایە لە چاویاندا.

الآداب الشرعية **240/3**



# فەزڵی نوێژی چێشتەنگاو

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: کەسێك پارێزگاری لەنوێژی چێشتەنگاو ناکات مەگەر (ئەواب) نەبێت.

(صحيح_الجامع_٧٦٢٨)

(الأواب): واتە: زۆر گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە.

چۆنیەتی ئەنجامدانی:

١- کاتەکەی لەدوای خۆرهەڵاتن بە ئەندازەی رمحێك دەست پێ دەکات (واتە چارەگێك دوای دەرکەوتنی خۆر) هەتا پێش گەیشتنی خۆر بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە (واتە ١٠ دەقە یان ١٥ دەقە پێش بانگی نیوەڕۆ).

٢- باشترین کاتی ئەنجامدانی نوێژەکە ئەوکاتەیە کە خۆر زۆر گەرم دەبێت (کە دەکاتە ٢ سعات پێش بانگی نیوەڕۆ) والله أعلم .

٣ -ژمارەی رکەعەتەکانی لە ٢ رکاعەت هەتا ٨ رکاعەت دەکرێت .

٤- فەزڵەکەی وەکو ئەوە وایە سەدەقەت بەرامبەر هەرئەندامێك لە ئەندامەکانی لاشەت کردبێت.

**وە بە نوێژی تەوبەکاران ناسراوە.**

ووتیان: مامەپیرە بۆ کوێ دەڕۆی؟

ووتی: دەچمە مزگەوت!

ووتیان: هێشتا بانگی نەفەرمووە!

مامە پیرە فەرمووی: **بانگ بۆ بێ ئاگاکانە**

ئەگینا مرۆڤی بەئاگا پێش ئەوەی بانگ بکرێت دەچێت

بەدەم بانگی خواوە..!



# ڕێگای ڕاست کامەیە ؟

شیخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي ئەفەرموێت:

ڕێگای ڕاست بریتییە لە زانستی بەسوود و کردەوەی چاکە.

زانستی بەسوود بریتییە لەوەی کە پێغەمبەری خوا "عليه الصلاة والسلام "هێناویەتی لە قورئان و فەرمودە، کردەوەی چاکەش بریتییە لە خۆنزیك کردنەوە لە خوا بە بیروباوەڕە ڕاستەکان و بەجێهێنانی فەرز و سوننەتەکان و دورکەوتنەوە لە حەرام و قەدەغە کراوەکان .

وە ڕێگای ڕاست بریتییە لە هەستان بە جێبەجێ کردنی مافەکانی خوا و مافەکانی بەندەکانی، ئەمەش بەدی نایەت تەنها بە نیاز پاکییەکی تەواو بۆ خوا و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا "عليه الصلاة والسلام" نەبێت، وە ئاینیش لەسەر ئەم دوو بنچینەیە دەسوڕێتەوە ؛ جا هەر کەسێك نیاز پاکی لە دەست بچێت ئەوا دەکەوێتە ناو شەریك بۆ خوا بڕیار دانەوە، وە هەر کەسێکیش شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا "عليه الصلاة والسلام" لە دەست بچێت ئەوا دەکەوێتە ناو بیدعەوە)



# لەم ئایەتەوە فێربووم ..


قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا ٥٩﴾ الأنعام

هیچ گەڵای دارێك بە بێ ئاگاداری پەروەردگار ناوەرێت.

ئەی چۆن ئاگاداری حاڵم نییە ...

فرمێسکی چاوەکانم، ئازارەکانی نێو دڵم ...





# بۆ دڵە نەخۆشەکان

**ابن القيم -ڕەحمەتی خوای لێبێت - فەرموویەتی:**

**" زیکری خوا شیفای دڵە و دەوایەتی، وە بێئاگاییش نەخۆشییەتی،جا دڵەکان نەخۆشن و شیفاو دەوایان زیکری خوای گەورەیە."**

**الوابل الصيب (١٤٦)**



**(أصون الناس لنفسه: أحفظهم للسانه، وأشغلهم بدينه، وأتركهم لما لا يعنيه)**

ئەو کەسەیەی کە لە هەمووان زیاتر پارێزگاری لە نەفسی خۆی دەکات ئەو کەسەیە کە:

لە هەمووان زیاتر زمانی دەپارێزێت، لە هەمووان زیاتر سەرقاڵی دینەکەیەتی، لە هەمووان زیاتر واز لەوە دەهێنێت کە پەیوەندی بەوەوە نییە.

الإبانة: ٧٣٦

عومرێکە دوعا دەکەن بە میوانی بن!

ئەوان لەوێدا بە پلیکانەی عبودیەتدا هێندە هەڵکشاون کە جگە لە چەتری ئاسمانی شین، هیچ دوورییەك لەگەڵ خوداوەندا وجودی نییە!

ئازیزم:

ئەوان گەیشتوون بە سەعادەتی ئەبەدی، شێخولئیسلام دەفەرموێ: «مَن أرادَ السَعادة الأبدیَة فلیلزَم عتَبة العُبودیة» ئەوان پریاسکەی هەموو هیواو ئاواتەکانیان بە دەستی نزاو چاوی بە ئەسرینەوە بۆ خوداوەند واڵا کردووە!

کەسێك چێژی «عبودیة»ی بۆ خودا چەشتبێ، ئیدی ئەو خۆشیو سەعادەتە بە هەموو خۆشییەکانی دونیا ناگۆڕێتەوە!

ئەوان ئێستا بەچاوی حەقیقەت هەموو شتەکان دەبینن:

تَأمَّلْ فِي الوُجود بَعَين فِكر تَرى الدُّنیا الدَنیئَة كَالْخیال
وَمَن فِیها جَمیعاً سَوف یَفنَى وَیَبقى وَجهُ رَبِّك ذُو الْجَلال

هەرگیز ناگەینە ڕازی عبودیەت بۆ خودا تا بە تەواوی حەقیقەت بە گەورەییو عەزەمەتی خودا ئاشنا نەبین!

کاتێك تەماشای گەورەییو میهرەبانی خودا دەکەینو گوناه و تاوانو تەقصیری خۆمان دەبینین ئەوسا هەست بە منەتو فەزڵی گەورەیی خودا دەکەین!

نزیکی ئێمەش لە خودا بە پێی یادو زیکری ئێمەو خەریکبوونمانە بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی.

ئیبنولقەیم دەفەرموێ:"ئەوەندەش بە خوداوە خەریکی، ئەوەندە لە خوداوەند نزیکی".

هەمیشە ئەم وتەیەت لەبیر بێت، کاتێك ئێمە مەستی دونیاین، ئیتر چۆن لافی ویلایەتو نزیکی لە خودا لێ دەدەین!

ئێمە ئەو کات زۆر دوورین لە خودا... بۆیە دڵتەنگین، خەمبارین، نزاکانمان گیرا نابن، کێشەکانمان چارەسەر نابن، دوورین لە نووری خودا، بۆیە لە شەوەزەنگا دەژین!!

گەر زانیبمان کە خودا هەمیشە چاودێرمانە، کاتەکانمان بەفیڕۆ نەدەدا!

جونکە پیاوچاکان دەڵێن:"ضیاعُ الوَقتِ یُطفِئُ نُورَ الْمُراقبَة"

کات بەفیڕۆدان نووری هەستکردن بە چاودێری ئیلاهی خامۆش دەکات.

دَقَّاتُ قَلبِ الْمرءِ قائلَةٌ لَهُ إنَّ الْحَیاةَ دَقائقٌ وَثَواني

ترپەی دڵە پێمان دەڵێ بە جوانی ژیان خولەكو چرکە ساتە دەیزانی؟

گەر دەتەوێت بەرەو لای خوا بکەویتە ڕێ ئەوا یەکەم قۆناغی گەیشتن بە مەنزڵ ئیرادەو تاسەی گەیشتنە بە خودا، وەرچەرخانی دڵە بۆ لای ئەو، ڕووکردنە ڕووی پەروەردگارە!

بەڵام دەبێت ئەو دڵە لە زیندانی دونیاو شاوەتو ئارەزووەکانی ئازادکەین، بازاڕی پڕ زەرەرو کەسادی دونیا جێبهێڵینو ڕووبکەینە بازاڕی پڕ سودو قازانجی ئاخیرەت!

هاوار بۆ کەسێك باقی بە فانیو ئوخرا بە دونیا سەودا دەکا!

لە سوقی دەهردا دوکانی هەرکەس موددەتی عومرە

گەوهەر دانە پشکڵ دانە "مەحوی" مامەڵەی مەخلوق!

ئیدی بۆ دەبێت لە وەها مامەڵەیەکدا

بەردەوام بین؟! بۆ تا تەمەن باقییەو داسی مەرگ درویّنەی نەکردووین، نەگەڕێینەوە بۆ لای خودا، خۆ وەنەبێت مردن پشووی تەمەن بێت خۆزگە وا دەبوو، بەڵام هاوار بۆ دوای مردن!

وَلَو أنَّا إذا متْنا تُرِكْنا — لَكانَ المَوْتُ راحَةَ كُلِّ حَيّ
وَلكِنّا إذا متْنا بُعِثْنا — وَنُسأَلُ بَعدَ ذا عَن كُلِّ شَيء

واتە: ئەگەر بهاتبایە دوای مردن فەرامۆش کرابایین، ئەوە مردن بۆ هەموو زیندوویەك پشووی حەوانەوە دەبوو، بەڵام بەڵای گەورە ئەوەیە لە دوای مردن زیندوو دەکرێینەوەو لە هەموو کردارو گوفتارێکی کردوومانە پرسیارمان لێ دەکرێت!!

کەواتە ئازیزم تا کەی ئێمە لە ڕێگای بەرەو لای خودا ساردو دوودڵ بین؟!

چونکە ئەوەی هیممەتی بەرەو پێشچوونی نەبێت، ئەوا لە کاروان دوا دەکەوێتو لەوانەیە نەتوانێ هەرگیز پێیان بگاتەوە!

خۆشەویستیو ترسو تکاش، بناغەی ڕێگای بەرەو خواچوونە! نەفسو شاوەتو ئارەزووی دنیاش، گەورەترین بەربەستەکانی ڕێن!

دەکرێت ئێمە خۆمان بە خۆشەویستی خودا بزانین، وەلێ ئەو ڕێگایە نەگرین کە لەومان نزیك دەکاتەوە؟!

ئێمە بۆ هەموو تکاو داواو هیواو ئاواتو ئاتاجێکمان، کێمان هەیە جگە لە ئەو؟!

ئیدی دەبێت چی لە زیکرو یادی ئەو خۆشتر بێت، بەڵام بۆ کەسێك کە یادو زیکری خوا خۆراکی ڕۆحو گیانو ئەوەو بێ ئەو خۆراکە ناژی؟

بۆ کەسێك کە نەفسی خۆی لەسەر عیبادەت ڕاهێنا بێ زۆر لای سانایە شەوو ڕۆژ پێشبڕکێ بکا بۆ لای خوداو موسا ئاسا بڵێ ﴿ وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴾ طه: ٨٤ چونکە بەندە ساڵحەکان دەزانن هەموو خۆشیو کامەرانییەك لە ژێر سایەی فەرمانەکانی خودادایەو سەرچاوەی هەموو گرفتو داماویو ڕوو زەردیو تاریکستانێك گوناه و تاوانە!

ئافرەتێك دوعای دەکردو دەپاڕایەوە: خودایە دەرگای ڕەحمو بەزەییو لێبوردنی خۆتمان بۆ بکەیتەوە!

ڕابیعەی عەدەوی پێی گوت: داماو، خودا کەی ئەو دەرگایەی داخستووە تا بیکاتەوە؟!

ئازیزم، هەمیشە دەرگای تەوبەو لێبوردنی ئیلاهی لەسەر پشتە!

با گوناهەکانمان بێ هیوامان نەکەنو شەیتان تەفرەمان نەداو هەمیشە زایەڵەی ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ ﴾ طه: ٨٢ لە گوێچکەماندا بزرنگێتەوە!

با سروەی سەحەر لە خەوی غەفڵەت وەخەبەرمان بهێنێو دڵی مەستمان بێنێتەوە هۆش!

با بچینە ڕیزی ﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ الذاریات: ١٧ — ١٨..

بە چەند دڵۆپە فرمێسکێکی گەرم پەیامی خۆشەویستیمان بۆ خوداوەند بنوسینەوەو لە ساتەوەختێکی ئەفسوناویدا تێکەڵ بە ڕازو مەحەببەتی خودایی بینو هەست بە پرۆشەی میهری خودایی بکەین کە چۆن دیوەخانی تاری دڵمان ئاوەدان دەکاتەوەو خۆشی بە ڕۆحمان دەبەخشێت!

بە ئومێدی نزای خێر لە ئەسحارا، بە خودات دەسپێرم..



# زۆر جیاوازن

- جیاوازن ئەوکەسانەی کە بەدوای شادمانیدا ویڵن‌و ئەوانەی شادمانی دروست دەکەن!
- جیاوازن ئەو کەسانەی بە شوێن دنیادا ڕا دەکەن‌و دەستیان لێ گیر نابێت‌و ئەوانەی دنیا بە شوێنیاندا ڕادەکات‌و ئاوڕی لێ نادەنەوە!
- جیاوازن ئەوانەی پارەو سامان دروستی کردوون‌و ئەوانەی پارە دروست دەکەن!
- جیاوازن ئەوانەی بۆ خودی خۆیان فرمێسك دەڕێژن‌و ئەوانەی فرمێسکی چاوانی تر دەسڕن!
- جیاوازن ئەوانەی تەنها لە پێناوی خۆیاندا دەژین‌و ئەوانەی لە پێناوی کەسانی تردا دەژین!
- جیاوازن ئەوانەی دەژین بۆ مردن‌و ئەوانەی دەمرن بۆ ژیان!
- جیاوازن ئەوانەی دەخۆن بۆ ئەوەی بژین‌و ئەوانەی دەژین بۆ ئەوەی بخۆن!
- جیاوازن ئەوانەی نرخیان لە جل‌وبەرگەکانیان کەمترەو ئەوانەی بە هەموو گەنجینەی دنیا بەراورد ناکرێن!
- جیاوازن ئەوانەی دڵیان لە کونی دەرزی بچووك ترەو ئەوانەی دڵیان لە نەخشەی هەموو جیهان فراوانترە!
- جیاوازن ئەوانەی ئامادەن جیهان بسوتێنن لە پێناوی خۆیانداو ئەوانەی وەکو مۆم دەسوتێن لە پێناوی مرۆڤایەتیدا!
- جیاوازن ئەوانەی هیچ شتێکیان نییە جگە لە پارەو ئەوانەی هەموو شتێکیان هەیە تەنها پارە نەبێت!
- جیاوازن ئەوانەی ورگیان لەسەریان گەورەترەو ئەوانەی عەقڵیان لە هەموو لاشەیان گەورە ترە!
- جیاوازن ئەو کەسانەی هەزاریان یەکسانە بە سفرو ئەوانەی یەکێکیان یەکسانە بە هەزار!
- جیاوازن ئەو کەسانەی بەشێکن لە نەخشەی کەسانی ترو ئەوانەی جیهان بەشێکە لە نەخشەکانیان!



# ئافرەت لە ئیسلامدا

ئایینی پیرۆزی ئیسلام مافەکانی ئافرەتی پاراستووە، وە بەوپەڕی ڕێزگرتنەوە ڕێزی گرتووە، کردوویەتی بە گەوهەرێکی پارێزراو، مرواری ئاسا، لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە پێغەمبەری مەزن (ﷺ) فەرموویەتی ( لا تكرهوا البنات فانهن المؤنسات الغاليات) رواه احمد.

ئەمە دوای ئەوە دێت کە کاتێك کچێك لە دایك دەبوو، ڕووخساریان ڕەش هەڵدەگەڕا و خۆیان بە ڕووڕەش دەزانی، وەك ئەوەی باوکی موژدەی گەورەترین ناخۆشی و بەڵای پێدرابێت، هەروەکو چۆن خودای پەروەردگار وێنەی ئەو دۆخەمان پیشاندەدات بەم ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرموێت﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾﴾ النحل: ٥٨ - ٥٩

خۆ ئەگەر هاتوو ئەو منداڵە بێتاوانە شیرەخۆرەی ناو لانکە لە لەناوچوون و کوشتن و زیندە بەچاڵکردن دەربازی بووایە، ئەوا هەر بە زەلیلی و بەدناوی و ڕووڕەشی دەژیا، ئەم دۆخە هەر بەردەوام بوو و خەڵکیش پشتاوپشت پەیڕەویان دەکرد و ئافرەتیان بە زەلیل و خراپ و شەڕ دەزانی هەتاوەکو کاتی هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەڵات، خۆری ئاشتی و ئازادی و بەها و نرخ دانان بۆ مرۆڤەکان کە هەر لەگەڵ یەکەم سەدادا﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾﴾ النساء: ٧

﴿ وَلَا تَتَمَنَّوْا۟ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٣٢﴾﴾ النساء: ٣٢

بەمەش دەنگ و سەدای دادپەروەری و یەکسانی پەیدابوو، پاشان ڕێزی لێگیرا کاتێك منداڵە، وە ئارەزوو خرایە باش پەروەردەکردنی کچی منداڵ هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من كان له ثلاث بنات فصبر عليهن و اطعمهن و سقاهن و كساهن من جدبة كن له حجابا من النار يوم القيامة) رواه ابن ماجد .

پاشان ڕێزی گیرا کاتێك بووە خێزانی پیاوێك، خودا دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا۟ ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا۟ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾﴾ النساء: ١٩

﴿ وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِى ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَٰحًا ۚ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾﴾ البقرة: ٢٢٨

پاشان گەورەترین ڕێزی لێنراوە کاتێك دەبێت بە دایك هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾﴾ الأحقاف: ١٥

پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرموویەتی(الزم رجلها، فثم الجنة) متفق عليه

جارێکیـــان پیاوێـــك لـــە بـــە دەوری ماڵی خودادا تەوافی دەکرد(دەســـووڕایەوە) وە دایکیشی بـــە کۆڵییەوە بوو، دەیگـــوت:- (إِنِّي لَهَـــا بَعِيرُهَا الْمُذَلَّلُ ... إِنْ أُذْعِرَتْ رِكَابُهَا لَمْ أُذْعَرِ)

پاشان وتی: ئەی کوڕی عومەر ئاخۆ دەبێت پاداشـــتم دابێتـــەوە ( پاداشـــتی دایکـــم دابێتەوە بەوەی چەندەها ساڵ ئازاری بە منەوە بینیوە)؟

فەرمـــووی: نەخێـــر، هەرگیـــز، تەنانـــەت بەقـــەدەر یەك بـــەرە ژان و یـــەك پارچە ئازاری مندالبوونت پاداشتت نەداوەتەوە.

ئەو ڕێـــز و بە بـــەرز نرخاندنەی ئافرەت تاوەکـــو کۆتـــا ســـاتەکانی ژیانـــی پێغەمبەریش ڕۆشـــتووە، کاتێـــك پێغەمبـــەری خودا لـــە کۆتا یەکتربینینەکانـــی بوو لەگـــەڵ خەڵکدا لە حەج، لەو کاتەشدا پێغەمبەری نازدار گرنگی بە ئافرەت و پێداویســـتی و ژیانـــی ئافـــرەت داوە، هەروەکو هاتووە:ـــ

کۆمەڵێـــك ئەحـــکام هەیە کـــە تایبەتە بە ئافرەت و خوای پەروەردگار لەســـەر ئەوان سوکی کردووە لەبەر ناسکییان لەوانە:

-لـــە حەجدا لە شـــەوی (مزدلفـــة) واتە شەوی جەژنی قوربان پیاوان دەمێننەوە تا نوێژی بەیانی، دوای نوێـــژی بەیانی دەچن بەرەو مینا بۆ ڕەمی کردن و بەرد هاویشتن لە شەیتان، بەڵام خوای گەورە ڕێی داوە بە ئافرەتان لە نیوەی شەو بـــەدواوە ئەوان بڕۆن بەرەو مینا پێش ئەوەی کە خەڵك بگەنە مینا بۆ ئەوەی کە ئافرەت ناســـکە و بۆیـــان هەیە پێش پیاوان و قەرەباڵغی بچن بۆ مینا.

-وە هەروەها لە (طواف)دا وا ســـوننەتە کە لـــە بەینی ڕوکنی حجر الاســـود و ڕوکنی یەمانی ڕەمـــل بکات . ڕەمـــل واتە: بە شـــێوەی هەروەلە بڕوات، بەڵام خوای پەروەردگار ناســـکی ئافرەتی پاراســـتووە و ئەوەی لەســـەر ئافـــرەت لابردووە، بە هەمان شـــێوە لـــە کاتی صفا و مەرواشـــدا بە هەمان شـــێوەیە چونکە گەر هەڵبەزێتەوە، لاشەی بەدەردەکەوێـــت  کە ئەوەش پێچەوانەی کەرەم و ناسکی و حەیای ئافرەتە.

-وە خـــوای گەورە ڕێی بە ئافرەت داوە کە ڕووخساری داپۆشێت لە کاتی (السعي)  بۆ ئەوەی کە نەبینرێت لە لایەن پیاوانەوە .

-وە هەروەهـــا خـــوای گـــەورە  ڕێـــی بـــە ئافرەتـــان داوە  لـــە کاتی ســـوڕی مانگانە (طواف الـــوداع) نەکەن، طواف الوداع  بۆ پیاوان واجبە، بەڵام ئافرەتان ئەگەر لەو کاتەدا کەوتنە ســـوڕی مانگانە دەتوانن طواف الوداع نەکەن.

-وە یەکێك لـــە گەورەترین ڕێزگرتنەکانی ئیسلام بۆ ئافرەت ئەوەیە کە ناوی  و کاریگەری ئافرەتـــی بـــە نەمـــری هێشـــتووەتەوە، ئەویـــش چیرۆکی هاجەرە کە بەم شـــێوەیە ڕایکردووە لە نێوان صفا و مەروادا،  هەر کەسێك کە بچێت بۆ حەج  لە ســـەری واجبە سعی بکات لە نێوان صفا و مەروادا بە هەمان شێوەی  خاتوو هاجەرە.  وە هەروەهـــا ئاو بخواتەوە لە ئاوی زەم زەم و لەگەڵ خواردنـــەوەی  ئـــاوی  زەم زەم یـــادی بێ پایانی خوای گەورە بکات و هەســـت بە  ســـەختییەکانی خاتـــوو هاجەرە بکات کە چەشـــتوویەتی و چۆن خوای گەورە لەبەر خاتری ئەو ئافرەتە ئەو ئاوەی لەوێدا هەڵقوڵاندووە و کردوویەتی بە شعائیرێك لە شعائیری حەج.

-وە هەروەهـــا یەکێـــك لـــەو هەڵوێســـتە جوانانـــەی کە لە مێژوودا باســـی لێـــوە دەکرێت هەڵوێستەیەکی ئافرەتێکە کە زوبەیدەی خێزانی هارونە ڕەشـــیدە  کە ناســـراوە بە (ست المحجبة) وە ( امـــة العزیـــز) کە زۆر هیممەتـــی هەبووە و بـــە هەمـــوو ئـــەو ســـامانەی لەبەردەســـتی بووە خزمەتـــی ئاینەکـــەی کردووە، لەوانـــە: ڕێی بۆ حاجییەکان خۆشـــکردووە لە بەغداوە بۆ مەککە و تیایدا پارەیەکی زۆری خەرج کردووە، هەروەها لەو ڕێگایەدا شـــوێنی حەوانەوە و بیر و حەوزی ئاوی دروســـت کردووە  و تا ئێســـتاش زۆر شوێن هەیە پێـــی دەوترێت  (درب الزبیدة) واتە ڕێگای زوبەیـــدە، ئـــاوی بردووە بـــۆ حـــەرەم و تاوەکو ئێستاش شوێنەواری کارو خزمەتەکانی ماون.

# 10 ده ئامۆژگاری بۆ پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان

١-بە جوانی لەگەڵ خەڵکیدا بدوێ.
٢-هەمیشە با لێوت بە زەردەخەنە بێت.
٣-لەکاتی دواندا ناویان بهێنە.
٤-نەرموونیان و هاوکاربە.
٥-خەمخۆربە.
٦-بە ڕاستی و بە ڕاستگۆیی گرنگی بە خەڵکی بدە.
٧- دەست بڵاو بە لە بەخشین.
٨-هەستیان ڕابگرە( گرنگی بە هەستی بەرامبەر بدە).
٩- ڕێز لە ڕای بەرامبەر بگرە.
١٠-ئامادەبە بۆ هاوکاری کردنیان .





# الوالدين

## چەند ڕێنماییەکی تایبەت دەربارەی دایك و باوك

- دەستپێشخەری لە سڵاو لێکردنییان.
- بانگکردنیان بەڕێزەوە وەکو دایکە گیان، باوکە گیان.
- لە دەرگا دان و چاوەڕوانی کردنی مۆڵەتی چوونە ژوورەوە بۆ لایان.
- ئاخاوتن لەگەڵیان بەوپەڕی ئەدەب و ڕێزەوە و دەنگ بەرزنەکردنەوە بەسەریاندا.
- نابێت پێشیان بکەویت لە کاتی چوونەدەرەوە و هاتنە ژوورەوەدا.
- نابێت پێش ئەوان دەست بە خواردن و خواردنەوە بکەیت.
- کاتێك دێنە ژوورەوە دەبێت لەبەریان هەستیت.
- کاتێك ئەوان لە ژوورەوەن دەبێت جوان دابنیشیت.
- بەرامبەریان نە شان دابدەیت و نە قاچ ڕابکێشیت.

- کاتێك نەخۆش دەکەون دەبێت زۆر چاودێرییان بکەیت، ئاگات لێیان بێت و خزمەتیان بکەیت.
- کاتێك ڕێگات نادەن بە کردنی کارێك نابێت زۆریان لێ بکەیت و هەوڵی بە زۆر ڕازیکردنیان بدەیت.
- لە ڕۆژانی جەژن و بۆنەکاندا دیاری تایبەتیان پێشکەش دەکەیت.
- کاتێك لە ماڵەوەن نابێت بە دەنگی بەرز و ناخۆش بێزاریان بکەیت و خەویان لێ تێك بدەیت.

# الفهرس


| | |
|---|---|
| بەناوی خودای گەورە و میهرەبان | ٣ |
| مەرجەکانی لا اله الا الله | ٥ |
| ناسینی ئیمان وەکو خۆی | ٦-٧ |
| ئایا ئیمان زیاد و کەم دەکات؟! | ٨-١٠ |
| بابزانین نوێژەکـانمان لەکام جـۆرەیە....!؟؟ | ١٢ |
| موناجاتی ئیلاهی | ١٣-١٦ |
| سەدای سەحەر | ١٨-٢٠ |
| ڕوو بکە خودا! | ٢١-٢٤ |
| لێبوردن، یان تۆڵەسەندنەوە؟ | ٢٦ |
| تیشکێك لە ڕەحمەت | ٢٧ |
| ئە ی ڕولە ی شیرینم | ٢٨ |
| دانایی جوتیارێك | ٢٩ |
| هەڵوێستی هەیاسی لاو لەگەڵ قازی دیمەشق.. | ٣١ |
| خودا کەس لەبیرناکات.. | ٣٢ |
| هاوڵ بڕیاردان بۆ خودا ستهمێکی گهورهیه.! | ٣٣-٣٦ |
| به شکانی نیفاق | ٣٧-٤٠ |
| بۆچی خودا پلەو پایەی هاوەڵانی بەرز ڕاگرت؟ | ٤٢ |
| پلەو پایەی فەرموودە | ٤٣ |
| جیاوازیی تێڕوانینی ئێمەو منداڵەکانمان! | ٤٥ |
| ئاین مامەڵە کردنە | ٤٧ |
| شەرم لە مسوڵمانبوونی خۆت مەکە! | ٤٨-٤٩ |
| گوێڕایەڵی سوننەت بکەو ببە بە تاکێکی نمونەیی | ٥٠ |

| | |
|---|---|
| ٥١ | پێنج بەڵێن و پەیمانی خوای گەورە بۆ بەندەکانی بەرامبەر بە پێنج کردەوە: |
| ٥٢ | لەمهەڵوێستەوە فێربە خۆت بەگەورە نەزانی! |
| ٥٤ | بۆ ئافرەتانی هاوسەردار |
| ٥٥ | پاداشتی بەخشین! |
| ٥٧ | ستایلی ژیانت، وەك خۆشەویست لێ بکە! |
| ٥٨ | دایك و باوك |
| ٦٠-٦١ | ئەو ئافرەتەی هاوسەرەکەی شەرمی لێدەکات! |
| ٦٢ | ژوورێك پڕ لە نوور! |
| ٦٤-٦٥ | ئەو لاوەی شەوانە لە بەهەشتدا بەسەر دەبات! |
| ٦٧ | وە لامی بە جێ |
| ٦٨ | بەڕاستی زانایان زۆر باش خەڵکی دەناسن و ئاگایان لە حاڵیانە |
| ٦٩-٧٠ | فەزڵی نوێژی چێشتەنگاو |
| ٧١ | ڕێگای ڕاست کامەیە ؟ |
| ٧٢ | لەم ئایەتەوە فێربووم .. |
| ٧٣ | بۆ دڵە نەخۆشەکان |
| ٧٧ | زۆر جیاوازن |
| ٧٨-٧٩ | ئافرەت لە ئیسلامدا |
| ٨٠ | دە ئامۆژگاری بۆپەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان |
| ٨١ | چەند ڕێنماییەکی تایبەت دەربارەی دایك و باوك |







معلم الحفظ والتلاوة
Teacher conservation and recitation



# الفاتحة من جديد

**تطبيق الفاتحة من جديد الذي يُعني بتعليم سورة الفاتحة ؛ حيث يعتمد على أحدث البرامج التقنية التي تعمل على الذكاء الاصطناعي وقدرة التعرف على الصوت البشري أثناء القراءة، حيث يقوم الجهاز بالتعرف على الأخطاء التي يقع فيها القراء، ويقوم التطبيق آلياً بتنبيه القارئ وإرشاده إلى طريقة القراءة الصحيحة.**

**موقع التطبيق:**

**www.hajigift.com**

**يتوفر التطبيق بـ ٢٩ لغة**

**تعلم قراءة القرآن بالطريقة الصحيحة**

متاح في
Available on

ANDROID APP ON Google play

إمسح هنا
Scan Here

متاح في
Available on

Available on the App Store

إمسح هنا
Scan Here



اللغة الكردية

إهداء
يوزع مجاناً
ولايباع